# دەرو دراوسێی کوردستان

بورهان شێخ رەوف

٢٠٢٠

ناوی کتێب: **دەر و دراوسێی کوردستان**

ناوی نوسەر: **بورهان شێخ ڕەوف**

چاپی یەکەم: ٢٠٢٠

دیزاین و بەرگ: **عومەر حسێن**

چاپ: **چاپخانەی شڤان**

تیراژ: **(٥٠٠) دانە**

لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،

ژمارەی سپاردنی (١٢٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

## پێڕست


| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی . . ستران عەبدوڵڵا | ٨ |
| پێشەکی نووسەر | ١٠ |
| **بەشی یەکەم - هەرێمی کوردستان** | **١٣ - ٣٢** |
| کاتی تیماری برینەکان هاتووە | ١٤ |
| کاردانەوەکانی  دوای ریفراندۆم | ١٦ |
| خورماتوو برینێکی تری بەسوێ | ١٩ |
| یەکرپیزیی نیشتمانی راستەقینە | ٢١ |
| کەرکوك بە راشکاوی | ٢٤ |
| یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە یادی ٤٣ ساڵەیدا | ٢٦ |
| ئەمریکا بایەخ  بە هەرێمی کوردستان دەداتەوە؟ | ٢٨ |
| دەستگیرکردنی دزەکان ، ئارامی دا بە دڵان | ٣١ |
| **بەشی دووەم - عیراق** | **٣٣ - ٩٥** |
| عیراق بەرەو کوێ؟ | ٣٤ |
| ئایندەی عیراق | ٣٧ |
| عیراق دوای ١٤ ساڵ بەرەو کوێ؟ | ٣٩ |
| ئەنفال و لێبووردەیی لە یادی ٢٩ ساڵەیدا | ٤١ |
| پرۆسەی سیاسی عیراق | ٤٥ |
| عیراق لەبەردەم قەیرانی ئاودا | ٤٧ |
| بەرەو هەڵبژاردنی گشتی عیراق | ٤٩ |
| عەبادی  باجی گەندەڵی دا | ٥١ |
| کابینەی نوێی حکومەتی عیراق | ٥٣ |
| ئەرکە قورسەکانی حکومەتی نوێی عیراق | ٥٥ |
| جارێکی تر قەیرانی ئاو لە عیراقدا | ٥٨ |
| خۆپیشاندانەکانی عیراق کۆتایی پێبێنن، پێش ئەوەی کۆتاییتان پێبێنم | ٦١ |
| سەردانەکەی عەبادی بۆ تورکیا | ٦٤ |

| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| کوردو سوننە یەکلایی دەکەنەوە کێ گەورەترین فراکسیۆنە | ٦٧ |
| بەسرە؛ دەروازەی تینووی خوارووی عیراق | ٧٠ |
| لە بەغداد کێ سەرکەوت؟ | ٧٣ |
| عیراق لە پێشوازی هەردوو سەرۆکی کۆمار و وەزیرانی نوێدا | ٧٥ |
| گەندەڵی زەبەلاحترین دۆسێی بەردەم کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی | ٧٧ |
| عیراق لە نێوان بەرداشی ئەمریکا و ئێراندا | ٧٩ |
| یاسای خزمەتی سەربازی | ٨١ |
| عیراق دوای ساڵێك لە شەڕی داعش | ٨٤ |
| قەیرانەکانی عیراق لەم ساڵدا | ٨٦ |
| ئەنجومەنی باڵای لەناوبردنی گەندەڵی | ٨٩ |
| عیراق و دەستوور و کێشەکانی دوای ١٦ ساڵ | ٩٢ |
| بەرەو سەرژمێریی گشتی دانیشتووانی عیراق لە ساڵی ٢٠٢٠ دا | ٩٤ |
| **بەشی سێیەم ـ ئێران** | **٩٧ ـ ١١٦** |
| یارییەکەی ئێران | ٩٨ |
| تەنگەی هورمز لە چەقی ململانێکاندا | ١٠١ |
| سزا و گەمارۆی ئابووری و ئێران | ١٠٤ |
| ئاماژەکانی بەریەککەوتنی ئەمریکاو ئێران | ١٠٧ |
| ئیسرائیل بۆ دەنگە لە ململانێ ی ئەمریکاو ئێران | ١١٠ |
| ناوچەی کەنداو لەسەر لێواری جەنگە | ١١٣ |
| هەڵوێستی شیعەکانی عیراق لەمەڕ ململانێکانی ئەمریکا و ئێران | ١١٥ |
| **بەشی چوارەم ـ تورکیا و باکوری کوردستان** | **١١٧ ـ ١٤٥** |
| دەوڵەتی تورکیا و ناسنامەی کورد | ١١٨ |
| تورکیا بەرەو کۆماری دووەم | ١٢١ |
| پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا بەرەو کوێ؟ | ١٢٤ |
| مام جەلال و تورکیا | ١٢٧ |
| کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لووتکەی ئەنقەرە | ١٣٠ |

| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| یەکەم هەڵبژاردنی تورکیا بە سیستەمی سەرۆکایەتی | ١٣٣ |
| تورکیا لە کەمالییەتەوە بۆ ئەردۆغانییەت | ١٣٦ |
| ئەمریکا و تورکیا لە دۆستایەتییەوە بۆ دوژمنایەتی | ١٣٨ |
| ئازادکردنی قەشە ئەمریکیەکە کۆتایی بە کێشەکانی ئەمریکا و تورکیا دەهێنێت؟ | ١٤١ |
| تورکیا لە نێوان پاترویت و S ٤٠٠ دا | ١٤٣ |
| **بەشی پێنجەم ـ سوریا و خۆرئاوای کوردستان** | **١٤٧ ـ ١٨٢** |
| کۆبانێ یان عین العرب | ١٤٨ |
| ناوچەی ئارام لە سوریا | ١٥١ |
| بۆردوومانی پێگەکانی پێشمەرگە و شەرڤانان | ١٥٤ |
| عەفرین لە سات و سەودای وڵاتاندا | ١٥٦ |
| ئامانجی تورکیا لەئۆپەراسیۆنی عەفرین | ١٥٨ |
| گورزی سێ قۆڵی لە سوریا | ١٦٠ |
| رۆژئاوای کوردستان لە بەرخۆدان و بەرەڤانیەوە بۆ سەر مێزی دان و سان | ١٦٣ |
| ئیدلیب دوا قەڵاو دوا پێگەی تیرۆریستان لە سوریا | ١٦٦ |
| روسیا چی لە کوردی سوریا دەخوازێت؟ | ١٦٨ |
| لەناکاودا ترەمپ بڕیاری دا | ١٧٠ |
| سیناریۆکانی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا | ١٧٣ |
| ناوچەی ئارام لە سوریا | ١٧٦ |
| ئەمریکا هێزێکی کەم لە سوریا دەهێڵێتەوە | ١٧٨ |
| سووتاندنی دانەوێڵەی جووتیاران لە عیراق و سوریا | ١٨١ |

# پێشەکی

کوردستانی نوێ بە هاوپەیمان و هاوکارە دڵسۆزەکانییەوە ماوە و گەشە دەکات. ئەمە وانەیەکی هەستپێکراوە لە تەواوی وێستگە جیاجیاکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا، بەڵام بەتایبەتی تریش لە وێستگەی ئەم چەند ساڵەی تەنگژەی کوردستان لە دەورانی شەڕی داعشەوە تا شەڕی قوتی خەڵکی لە کێشمەکێشی بودجە و موچە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا. تەنگژەی داعش عیراقی تەنییەوە، بەڵام بەشە دارایی و ئابوورییەکەی هەر بۆ کوردستان پەڕییەوە. ڕۆژنامە و میدیاش زوو پەسیوی تەنگژەداراییەکە دەیانگرێتەوە، چونکە گونجاکترینن لە چاو دامەزراوەکانی تری حزب و سیاسەت لە کوردستان.

لەم وێستگەیەدا هیمەت و هەیبەتی هاوکاری و پشتیوانی دەردەکەوێت. نووسەرەکانی هاوکاری کوردستانی نوێ لە دۆسێیە سیاسییەکەدا بە پەرۆش و هیمەتێکی چۆنایەتییەوە هاتنە کۆڕی پشتیوانی و بەشدارییەوە. شێخ بورهان شێخ ڕەئوف (بورهان ڕەئوف) هاوکارێکی بەئەمەکی ڕۆژنامەکەمان بوو و بووە، لەم وێستگە باسکراوەدا.

(دەرودراوسێ) گۆشەیەکی دەستوبردی کاك بورهان بوو کە جگە لە هەفتانەییەکەی خەسڵەتی دڵنیایی و جێگیری ڕووماڵکردنی پێ بەخشین بەجۆرێك ئەوی ستافی کوردستانی نوێ فریای نەدەکەوت لە ڕووماڵکردن و بەسەرکردنەوەی بارودۆخی عیراقی و ئیقلیمی (دەرودراوسێ).ی شێخ بورهان دەیکرد. ئەمە وەك تەواوکاری و ئاوێتەبوون و بۆ سەندنەوەیەکی هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ خێزانی ڕۆژنامەکەدا. هاوئاهەنگی ڕۆژنامەوانی و ڕووماڵی (دەرودراسێ) وا بوو کە کۆی دیمەنی عیراقی و ئیقلیمی بگرێتەوە. لەبەرئەوە گۆشەکە زوو جێی خۆی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە و لە لاپەڕەکانی دڵی خوێنەراندا کردەوە.

کەم هەفتە هەبوو (دەرودراوسێ) نەدەبووە مادده و کەرەستەش بۆ میدیاکانی تر، بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان کەیان لە پەخشەکانیاندا وتارەکەیاخود دەخوێندەوە یان نووسەری وتاریان بۆ بەرنامە و بەشداری بانگدەکرد.

ئەمە بەڵگەیەکی بەرجەستەیە لەسەر سەرکەوتوویی گۆشەکە و نووسەرەکەی.
(دەرودراوسێ) تا ئێستاش بەردەوامەو ئەمی لەم کتێبەدا بڵاو بۆتەوە بەشی یەکەم و گوڵبژێرێکە لە کۆی ئەوانەی بڵاو بۆتەوە. بەپێکەوەیی و کتێبیشی یەکێتی بابەت دروست دەکات و بەشدارێکی چاك دەبێت لە پەرەپێدانی ڕەوتی شرۆڤەی سیاسیی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا.
هاوکارە خۆبەخشەکانی وەك کاك بورهان لەبەر دڵسۆزیو هیمەتیان شایانی ئەوەن بەرهەمیان بەکۆ و بە تاك کتێبخانەی ڕۆژنامەوانی سیاسیی لە کوردستان ئاوەدان بکەنەوە. ئێمە وەك ماڵباتی کوردستانی نوێ لەم کایەدا خۆشحاڵ دەبین و حەزیش دەکەین بێ دەرێغیش بین، ئەوەندەی پێمان دەکرێت.
لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە کاك بورهان دەکەین و بە هیوای بەرهەمی داهاتووین.

**ستران عەبدوڵڵا**
**لەجیاتی ماڵباتی کوردستانی نوێ**

# پێشەکی نووسەر

خوێنەرانی خۆشەویستم

خۆشحاڵم بۆ یەکەم جار پێشەکی بۆ کتێبێکم بنووسم چۆن یەکەمجار یەکەم وتارم نووسی دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ی خۆشەویست لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکرایەوەو چۆن یەکەم چاوپێکەوتنم لە گەڵ میدیای بیسراو و بینراو پەخش کرا بێگومان ئەم پێشەکیەش هەمان چێژو تامی خۆی هەیە بۆ من.

هەرچەندە برای بەڕێزو خۆشەویستم و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاك ستران عەبدوڵا پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسی وێڕای دەستخۆشی و پێزانینی زۆرم حەزمکرد خۆشم پێشەکیەکی کورتی بۆ بنووسم.

ئەم کتێبە کۆکراوەی بەشێکەلەو وتارانەم کە لە بەرواری ٢/٥/ ٢٠١٧ ەوە لە گۆشەی دەرو دراوسێ لە لاپەڕەی سێ ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژانی یەکشەمە سەرەتا دوو هەفتە جارێك دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە هەفتانە نووسیومە لە سەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و کوردستانی باکورو ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیاو سوریا و ئێرانیش تەنانەت لەسەر زۆرێك ڕوداوەکانی جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ئێستادا لە لاپەڕەی دوو دا بڵاو دەبێتەوە.

ئەوەی ئێستا لە بەردەستاندایە لەم بەرگەدا پێنج بەشمان لێ هەڵبژارد بۆ ئەوەی چاپ و بڵاو بکرێتەوە وەکو بەرگی یەکەم کە بەشی یەکەمی ئەو وتارانەم لە خۆدەگرێت کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستان و بەشی دووەمی تایبەتن بە عێراق و بەشی سێ یەمی تایبەتە بە ئێران و بەشی چوارەمی تایبەتە بە تورکیا و بەشی پێنجەمیشی باسی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستانە، کە وەکو کتێبی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و لە سەر ئەرکی ئەوان کەوتە بەر دیدەی خوێنەران بەو هیوایەی توانیبێتمان کونج و کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی

پڕبکەینەوەو لە ئاست گەرمی گەورەیی و هەستیاری ڕووداوەکانی ئەم ناوچە گەرم و جێ بایەخەی زلهێزەکانی جیهان و بگرە هەموو ناوەندە ستراتیجی و هەواڵیەکانیشدا بین.

بەشەکانی تری گۆشەی دەرودراوسێ کۆکراوەنەتەوە ئەگەر خوای گەورە تەمەن بدات و بتوانین لە دەرفەتێکی تردا بە چاپی دەگەیەنین و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند دەکەین وەکو بەرگی دووەم.

ئەوەی گرنگە بە لامەوە وەکو چاودێرێکی بارودۆخی ئەم ناوچە دوای ساڵانێکی زۆر لە گوێگرتن و خوێندنەوەو بە دواداچوونی کێشەو ململانێکانی ئەم ناوچە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە ئەومافە بە خۆم دەدەم ڕاو سەرنجی خۆم لە شێوەی وتارو چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و وتوێژی ڕادیۆیی دەرببڕم بە زمانێکی سادەو واقیعی و دوور لە ناوزڕاندن و بریندارکردنی هیچ تاقم ولایەنێك و هێمنانە بە کەڵك وەرگرتن لە بیرو بۆچوونی دیموکراسیانەو دژ بە دەمارگیری نەژادی و ئایینی بەڵکو هیوابەخشین و گەشبینی کە نابێت مرۆڤ نائومێد بێت سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و کەندو کۆسپەکان.

بۆ یە من لێرەدا ناچمە ناو درێژەی بابەت و ناوەڕۆکی وتارەکانەوە کە هەر یەکێکیان بەرواره کەیان لە کۆتایی وتارەکەدا نووسراوە و ئەوە ڕاو بۆچوون وشرۆڤەی منە بۆ ئەو ڕووداوانە کە لەو کاتەدا ڕوویانداوە و ئیتر بۆ خوێنەرو چاودێری وردی ڕووداوەکان ڕوون بووەتەوە ئێستا کە من تا چەند ڕاستیم پێکاوە یان بە هەڵەدا چووم یان ئاکامی ڕووداوەکان پێچەوانەی دیدی من بوون یان نا, ئەوە بۆ خوێنەرانی ئازیز بە جێدێڵم.

ڕاستییەکی تریش هەیە دەبێت ئاماژەی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە هەرچەندە وتارو ستوون نووسین لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بۆ کات و ساتی خۆیەتی، بەڵام دەکرێت سوود و گرنگی خۆیشی هەبێت لە دوو توێ ی کتێبدا بە دۆکۆمێنت بکرێت، بۆ منیش کە بە شێکی زۆر ی کاتی خۆم تەرخان کردووە بۆ ئەم وتارو لێکدانەوانە کە بەرهەمی خوێندنەوەی ورد و فراوانن کە هیچ وتارێکم بە بێ بنەماو خوێندنەوەی چەندین بابەت لە چەندین سەرچاوەی جیاو دژ بە یەکیشەوە نە نووسیوە ، بۆیە بۆ پاراستنیان لە کتێبدا بە کارێکی زۆر پێویستی دەزانم لە کاتێکدا لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا گرنتی مانەوەیان نییەو بەئاسانی بەر دەستی خوێنەر و ئەوانەی خاوەن پەیوەندیین ناکەون.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی برای بەڕێز

کاك عومەر حسێن ئەحمەد لە ئەرشیفی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکەم کە ماندوێتی زۆری کێشا بۆ کۆکردنەوەی هەموو بابەتەکان جگە لە ستوونەکان وتارە کۆنەکانیشم لە ساڵانی پێشووتر لە ڕۆژنامەکە و هەر خۆیشی ئەرکی دیزاین وبەرگەکەشی گرتە ئەستۆ، هەروەها سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە کاری نووسین و میدیایی پشتیوان و هاندەرو ڕێ پیشاندەرو هاوکارم بوون.

**بورهان شێخ ڕەئوف**
**سلێمانی**

# بەشی یەکەم

# هەرێمی کوردستان

# کاتی تیماری برینەکان هاتووە

لە ماڵپەڕی ساسە پۆست بابەتێکم خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی هەشت لە گەورەترین و کاریگەرترین وتاری سیاسی لە مێژووی نوێ دا.

ئەوەی زۆر سەرنجیراکێشام وتارەکەی نیلسۆن ماندیلا بووکە یەکێک بوو لەوانە هەرچەندە وتارەکانی تر هی حەوت کەسایەتی مێژوویی و جیهانی و گرنگ بوون لەوانە مارتن لۆسەرکینگ‌وجۆرج و اشنتۆن و وینستۆن چرچڵ و جەمال عەبدولناسرو غاندی و جۆن کینیدی و نیکیتا خرتشۆف، کە هەریەکەلەوانە لە چرکە ساتێکی مێژوویی گرنگدا ئەو وتارانەیان پێشکەش کردووە بەڵام من بە باشم زانی ناونیشانی وتارەکەی ماندێلا بکەم بە ناونیشانی وتارەکەی خۆم کە ئەورستەیەی سەرەوەیە (کاتی تیماری برینەکان هاتووە).

هەرچەندە بەپێویستی نازانم لێرەدا ماندێلای مەزن بە خوێنەران بناسێنم چونکە ئەو ٢٧ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەریەکەوە لە پێناو ئازادی و یەکسانی و دژ بەرژێمی ئاپارتاید بەسەر برد و ئەو وتارەی کە بە یەکێک لەو هەشت وتارە سیاسی یەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە پۆلین کراوە کە زۆر بە هێمنی و بە شکۆوە هەستو سۆزی خۆی بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەی ئەفریقیای باشوور دەربڕی، دوای ئەو ماوە درێژەی زیندان هیچ پەنای بۆ تۆڵەورق و کینە نەبردو هەر بڕوای بە پێکەوە ژیان و لێبووردەیی هەبوو، بەڵێ لە ئاهەنگی دەستبەکاربوونی وەکو یەکەم سەرۆک کۆماریرەش پێست لەو وتارەدا وتی :-

ماندێلارووی دەمی لە هەموو هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کرد بە بێ جیاوازی سەرەتای سەردەمێکی نوێ‌یراگەیاند و وتی: جارێکی تر هەرگیزاو هەرگیز، هەرگیز نابێت لەم وڵاتە جوانەدا سەرکوتکردن و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە رووبدات و دەمی تیماری برینەکان هاتووە.

مەبەستی من لەم پێشەکی و وتە جوان و ناوازەو دەگمەنانەی ماندێلای مەزن وەکو ئەزموونێکی جوانی گەلانو کەڵکو پەند وەرگرتنە لێی بۆ ئەزموونی ئێستای باشووری کوردستان و قەیرانە قورس و جەرگبڕەکانی.

باشووری کوردستان کە زۆرترین قوربانیو خوێناویترینیرووداوەکان هەر لە شۆڕشی ئەیلول و ناکۆکیەکانی هەناوی ئەو شۆڕشەو هەرەسهێنانی وراگواستنی گوندەکان و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ و گفتوگۆ لە گەڵرژێمی

سەدام لە ساڵی ١٩٨٤ و شکستهێنانی گفتوگۆ و دواتر ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، دواترراپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و وەدەرنانی بەعس و کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان و دواتر گەڕانەوەو گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و بەعس و ناوچەی ئارام و دژە فڕین و پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەورووداوانەن کە دەریاییەک خوێن و فرمێسکیان لەگەڵ خۆیاندا رێژاوە.

لە ئێستادا کە گۆڕانکاری و ئاکامەکانی شەڕی تیرۆرو داعش بەرەو کۆتایی دەڕوات  کورد قوربانی گەورەی دا لەو شەڕەدا و پێگەیەکی گرنگی بۆخۆی بە دەستهێنا بە گەواهی زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بەڵام لەرووی ناوخۆیی نێو ماڵی کوردەوە  هەرگیز لە ١٤ ساڵیرابردوودا بەم شێوەی ئێستا ماڵەکەی شێواو و  پرژ و بڵاوو بێ بەرنامە نەبووە بۆ پێشهات و دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە.

بۆیە جێی خۆیەتی  لە کاربەدەستانی وڵات بپرسین  ئەرێ کاتی تیماری برین و دەردو کۆڤانەکانی کورد و کوردستان نەهاتووە؟

ئایا خوێنی هەموو شەهیدان و قوربانییەکانی ئەنفال و بەرزانییەکان و هەڵەبجە و وێرانکردنوراگواستنی زیاتر لە ٥ هەزار گوندو شارۆچکە بەس نین بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم دەردانە بکەن و کۆڵ لە ململانێی ناڕەواو یەکتر سڕینەوە بدەن؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە یاسا سەروەر بێت و دامودەزگاکانی دەوڵەت کاراو چوست وچالاک بن؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە شەفافیەت لە دۆسیێکانی نەوت وغازو بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی وڵاتدا بەرقەرارو پیادە بکرێت؟

کاتی ئەوە نەهاتووە کاڵابەقەد باڵا و پیاوی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنرێت؟

تۆ بڵێی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان ئەم لایەنانەی کوردستان لە ناکۆکی و نێوانرەش پێست و سپی پێستەکانی باشووری ئەفریقیا ورژێمی ئاپارتاید گەورەتربێت.

ئایا سەرکردەکانی کورد کامیان ئەو شەرەفەو ئەو تاجی سەروەرییە لە سەری خۆیان دەنێن ئەمجارە کۆتایی بەم لاپەڕە شوومەی ناکۆکی و بنبەست دێنن؟.

ژ. ٧٢٦٦ لە ٢٠١٧/٥/١٤

# کاردانەوەکانی دوای ریفراندۆم

٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ سەرەڕای نیگەرانیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان هەر لە وڵاتانی دراوسێوە بگرە تاوەکو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەنجوومەنی ئاسایشیشەوە نەیانتوانی سەرکردایەتی کورد قایل بکەن لە پاشگەزبوونەوە لەریفراندۆم یان دواخستنی سەرەڕای فشارێکی یەکجار زۆر و چەند بژاردەو ئەڵتەرناتیفێک.

ئێستا لەدوایراپرسی وسەرکەوتنی بەرەی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی سەرەڕای هەموو تێبینی و سەرنجەکان لەسەر کۆی پرۆسەکە، باشووری کوردستان بووەتەڕۆژەڤو سەردێڕی هەواڵەکانی جیهان کاردانەوەکانی ئێران و تورکیا لەلایەک و کاردانەوەی کاربەدەستە عەرەبەکانی عیراق بە هەردوو باڵی شیعەو سوونە لە هەمووی توندتر بە ئازاراترە وەکو ئەوەی عیراق هیچ کێشەو قەیرانێکی تری نەبێت جگە لە سەربەخۆ بوون و جیابوونەوەی ماڵی کورد کە لە دەیانساڵیرابردووی پێکەوە گرێدانی کورد بە عیراقەوە پڕە لە لاپەڕەیرەش و خوێنڕژتن وکارەساتی خوێناوی و جینۆساید کە بە پێویستی نازانم لێرەدا جارێکی بیانخەمە ناو دووتوێ ی ئەم وتارەوە ئەوەندەی مەبەستمە بە دراوسێ عیراقیەکان بڵێم خۆتان تەرخان بکەن بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆتان کە هەموو جومگەکانی عیراقی گرتووەتەوە ئێستا بەغداد یەکێک لە خراپترین پایتەختەکانی جیهانە حکومەتی عیراق لە ریزبەندی یەکەمی حکومەتە گەندەڵەکانی جیهانە.

قەیرانەکانی پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی و ئاسایش و بێکاری و بڵاوبوونەوە مادە هۆشبەرەکان و فرۆشتنی چەک وتەقەمەنی لە بازاڕەکانی مەدینەی سەدروشارەکانی تری عیراق گەندەڵی لە هەڵبژاردنەکان و فرۆشتنی پۆستەباڵاکانی حکومەت بە ملیۆنەها دۆلار دامەزرانی دەیان تاقمی میلیشیای چەکدارو نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاوی پاکی خواردنەوە کارەبا سەرەڕای خەرجکردنی ٤٠ ملیار دۆلار بۆی جگە لە بنیاتنانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لە دەستی داعش کە ملیارەها دۆلاری گەرەکە هەموو ئەمانە دەخوازن کاربە دەستانی عیراق کۆڵ لە کورد بدەن و پەند لە کارەساتەکانی مێژووی کورد لە عیراق و حکومەتە یەک لە دوای یەکاکانی وەربگرن و سەرقاڵی ماڵی خۆیان بن.

### کاردانەوە ئیقلیمیەکان

کاردانەوەکانی ئێران و تورکیا لە پێش هەموو لایەنەکانی ترەوە دێت لە بەرئەوەی بوونیرێژەیەکی زۆری کوردە لە وڵاتەکانیان کە نایشارنەوە دەترسن لە دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان دەبێتە هاندەروریخۆشکەر بۆ ئەوەی کوردەکانیرۆژهەڵات و باکوور هەمان هەنگاو بنێن یان داوای مافە دیموکراسی و نەتەوایەتیەکانیان بکەن.

### کاردانەوەی عەرەبی

بڕیاری عەرەبی بە یەکگرتوویپراگەیەنرا لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کە دژ بە ئەنجامدانیراپرسی بوو کە ئەمینداری گشتی کۆمەڵەکە (ئەحمەد ئەبو غەیس) سەردانی بەغداو هەولێریشی کرد بەڵام نەیتوانیرێ بگرێت بە ئەنجام نەدانی پرۆسەکە هەرچەندە لەرابردوویشدا چەند دەنگێکی کەمی عەرەبی داوای ئەوەیان لە وڵاتەکانیان دەکرد کە هاوکارو پشتیوانی کورد بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ ئەوەی ئیسرائیلێکی تر دروست نەبێت لە ناوچەکەدا بە قەولی ئەوان.

### کاردانەوە ستراتیجیەکان

١. هەندێک لە چاودێرانی ناوچەکە لەو بڕوایەدان دروستبوونی دەوڵەتی کوردیریگردەبێت لە هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی لەعیراق و سوریا و لوبنان و لە هەمان کاتدا دەبێتە پێگەیەک بۆ بەگژاچوونەوەی ئێران لەکاتیرودانی گرژی زیاتر لە نێوان ئەمریکاو ئێران و بەرگرتن بە هەژموونی ئێرانی لە ناوچەکەدا.

٢. لەلایەکی ترەوەریفراندۆمی باشووری کوردستان دەرگای هاوکاری و هەمانگی زیاتر لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا دەکاتەوە هەروەکو سەرەتاکەشی دەرکەوتووە لە کۆبوونەوە دووقووڵیەکانیانەوە لە هەموو ئاستەکاندا بە تایبەتی سەربازی بە هۆی دەستکەوتو سەرکەوتنەکانی کورد لە عیراق و سوریا و چۆنیەتیرووبەڕوو بوونەوەی و لە قاڵبدانی کە ئەمەش کوردی باشوور هاندەدات کە پەیوەندی و هەماهەنگی لە گەڵ ولاتانی عەرەبی وەکو عەرەبستانی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی بکەن.

٣. ڕاپرسی باشووری کوردستان بوار بۆ دابەشبوونی عیراق دەڕخسێنێت و بە تایبەتی سوونەکانی عیراقیش بیر لە دامەزراندنی هەرێمی سەربەخۆو دەوڵەت دەکەنەوە.

٤. لەوانەیە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی تووشی قەیرانێکی دارایی قورستر لەمەی ئێستا ببێتەوە ئەگەر تورکیا هەڕەشەکانی جێبەجێ بکات و بۆڕی گواستنەوەی نەوت بۆ بەندەری جیهانرابگرێت لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم ئێستا بڕێکی زۆر پارە قەرزدارەو و ئەگەر یارمەتی کۆمەکەکانی ئەمریکاش بوەستێت.

***دەستکەوتەکانی راپرسی بۆ عەرەبی عیراق***

عەرەبەکانی عیراق  بە هەردوو باڵی شیعەو سوونەوە لە دوای ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا وا یەکگرتوو نەبوون لە هەڵوێستەکانیاندا دژ بە کورد کە  هەندێ نووسەری عەرەب بە دەستکەوتێکی مەزنی دەبینن.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئەوەتا عەرەب هەمو یەک دەنگ و یەک هەڵوێستن تورکیاو ئێران دوورکابەری مێژوویی ناوچەکە لە سەر کورد هەماهەنگن  ئەی هەموو ئەمانە  ناخوازن لە کورد کە ململانێ و ناکۆکیەکانیان وەلاوە بنێن و هەلسپێرن تاکاتی گونجاوتر؟

ماوەتەوە بڵێین سەرەڕای هەڕەشەو نیگەرانی وڵاتانی ئیقلیمی وجیهانی لەوەناچێت هەڕەشەکان بچنە بواری جێبەجێ کردنەوە و بەتایبەتی ئێرانو تورکیا ناتوانن ئەو سزانە بسەپێنن چونکە خۆیان زەرەر مەندی یەکەم دەبن.

ژ. ٧٣٧٧  لە ٢٠١٧/١٠/١

# خورماتوو برینێکی تری بەسوێ

یەکەم جارو دواجار نابێت کارەسات و جینۆساید و ئەنفال و قڕکردن ببێتە دیاری بۆ خەڵکی کوردستان بە پاساوی تیرۆریست و ئاژاوەگێڕی و جوداخوازی لەلایەن وڵاتان و میللەتانی دراوسێ ی کوردەوە لە کاتێکدا لە مێژووی دوورنزیکی کوردا هەر لە حاڵەتی بەرگریدا بووەولەسەرخاک وماڵی خۆی.

ئەگەرچی من چاوەڕوان نەبووم دوای جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو تێکدان و خاپوورکردن هەزاران گوندو سەدان شارۆچکە و دوای پرۆسەی ئازادی عیراق و و حوکمڕانی کورد لە هەرێمی کوردستان , کورد جارێکیتر بەرشاڵاوی دڕاندانەی وەکو شەنگال و خورماتوو بکەوێت , وام دەزانی ئیتر نەوەکانمان هەر لە لاپەڕەکانی مێژوودا ئاشنای ئەو کارەساتە جەرگبڕانە دەبنەوە.

ئەوەی لە خورماتووروویدا زۆر کارەساتێکی شەرم هاوەرو برینێکی بەسوێ بوو هەر لە کووشتن و بڕین و تاڵان و دستدرێژی بۆ سەر شەرف و ناموسی خەڵکی بێتاوان و سڤیل وراکێشان و شێواندنی تەرمی قوربانیەکان و سووتاندنی ماڵو حاڵی خەڵک و دەربەدەرکردنیان و زۆر شتی تر و تاوان وگەورە کەدەچنە خانەی تاوانی جەنگەوەو گەلێک چیرۆکی سامناک کەحەزناکەم لێرەدا باسیان بکەم.

هەموو ئەوانە لە کاتێکداروودەدەن کە عیراق خاوەنی دەستوورورپەرلەمان و حکومەتو یاساو دادگا و پۆلیسی ئیتیحادی و سوپایە لە هەرێمیش بە هەمان شێوە خورماتوو نە هێڵی پێشەوەی جەنگە ونەوڵاتێکی داگیرکراو بەڵکو خەڵکەکەی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ساڵانێکی دوورو درێژە بە بێ کێشە بەیەکەو ژیاون دەکرێت بپرسین خێرە لەم ساڵانەی دواییدا و لە عیراقی بەناو نوێدا هەموو ئەو تاوانانانە ئەنجام بدرێت؟

ئەمجارە خورماتوو بەر شاڵاوێک کەوت کە هاوپەیمانو هاوسەنگەرەکانی کورد سەرکردایەتی دەکەن کە لەرابردوودازۆرێک لەوانە لەڕیزەکانی ئۆپۆزەسیۆنی عیراقدا بوون لە کوردستاندا چالاکی سیاسی و سەربازییەکانی خۆیان ئەنجامداوە و پێکەوە دەستووری عیراق و زۆر دەستکەوتی تریان تۆمارکرد بۆیە ئازارەکەی بە سوێتر و نیگەرانیەکەی گەلێک قورسترە.

بەڵێ خورماتوو ئەو شارۆچکەیەی کە لە مێژووی نزیک و شۆڕشەکانی کوردستاندا پێگەورێگەی گرنگ و دیاری هەبووە قوربانییەکانی ئەوان هەمیشە

لاپەڕەیەکی پرشنگدار و داستانی قارەمانێتی و بەرخۆدان و گیانبازی گەورەن کە ناکرێت لە وتارێکی وا کورتدا من هەموویان بەیان بکەم.

خورماتوو ئەو شارە کارەساتبارەی قوربانی دەستی لاوازی یاساو دامودەزگاکانی دەوڵەتە ئەگەر لە پێشوودا هەربەهەمان هۆکار چەند کێشەو ململانێیەکی ئێتنیکی و تائیفی سەری هەڵدابێت دواتر تەشەنەی کرد بێت  لە نێوان پێکاهاتەکانی دا بە تایبەتی کوردو تورکمان بە هەردوو ئاینزای شیعەو سوونەوەرێ ی بۆ ئەو تاوانانە خۆشکردبێت ئۆباڵ بەرپرسیارێتیەکی  دەکەوێتە سەر کاربەدەستانی هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم بەڵام بە پلەی جیاواز و دەکرێت کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەی بێلایەنی بۆ پێکبهێنرێت بەهاوبەشی یونامی واتە نەتوەیەکگرتووەکان لە عیراق بۆ ئەوەی لەرێگەی یاساوە چارەسەر بکرێت.

هەموو ئەمانەروویداوە دکتۆر حەیدەر عەبادیش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی ئیتیحادی عیراق لە پرێس کۆنفرانسی هەفتانەی خۆیدا ئاماژەی بۆ کارەساتەکانی خورماتوو کرد و وتی پێشێلکاریروویداوە و کاردانەوە بووە ,راستە وتەکانی ئەو بەڵام ئەوە کارو ئەرکی حکومەتەرێگری بکات لە کاردانەوەو و یاسا جێ بە جێ بکات و تاوانبان و دەستدرێژکاران بۆ سەر خەڵکی سڤیل بێتاوان بپارێزێت ودەستگیریان بکات و  پێشبگرێت لە تاوان و بێحورمەتی بە خەڵکی ئەو شارە لەلایەن هەرتاقم گروپێکەوە بێت .

لە ئێستادا خەڵکی خورماتوو بە تایبەتی پێکهاتەی کورد دەربەدەری دەشت ودەر بوون ئەو شارە ئازاری زۆری  پێگەیشتووە و حکومەتی عیراق و ئەنجوومەنی نوێنەران و هەموو لایەنە سیاسی و مەرجەعە ئاینیەکانی عیراق باس لە دەستوورو یەکپارچەیی خاکی عیراق دەکەن لە کاتێکدا خورماتوو لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە نزیکترن شوێنی ناوچە جێناکۆکەکانە لە بەغدای پایتەختەوە ئایا ئەوان چ چارەسەرو دەستەڵاتێکی دەستووری عیراقیان بەکار هێناوە بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو شارە تێکۆشەرو خۆشەویستە؟

یان یەکپارچەیی و پێکەوژیان و دەستوور و یاساو مافی مرۆڤ و یەکسانی هەر وشەی بریقەدارو دروشمن بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان و سەپاندنی هێزوو هەژموون بە ئاگرو ئاسن  کەرەسەی ئاسان و خۆشدەسن بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان؟

ژ. ٧٤٠٢  لە ٢٠١٧/١٠/٢٩

# یەکڕیزیی نیشتمانی راستەقینە

ئێستا لە دوای ١٦ توکتۆبەری ٢٠١٧ بارودۆخێک هاتووەتە ئاراوە لە هەرێمی کوردستان ئیرەیی پێنابرێت، ئێستا خەونەکەی رۆژنامە نووسی کەناڵی جەزیرەی قەتەری (فەیسەڵ ئەلقاسم) بەدی هات کە وتی تاکەی مانگی هەنگوینی کوردو ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەبەرنامەی ئاڕاستەی پێچەوانەی(الاتجاه المعاکس) بە ناوبانگی کەناڵی ناوبراو.

یەکڕیزی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان چۆن لەرابردوو پێویست بوو تاوەکو دەستووری عیراق نووسراو و هەرێمی کوردستان لە دیفاکتۆوەوە بۆ قەوارەیەکی فەرمی لە دەستووری عیراقدا چەسپا بە هەموو کەموو کورتی و گلەیی و گازندەو گەندەڵی و پێشێلکارییە دیارەکان لە هەموو جوومگەکاندا لە ئێستاشدا لە دوای شکست ونسکۆی گەورەی دوایریفراندۆم لە ١٦ ئوکتۆبەرلە جاران پێویسترو هۆکاری ژیان و مان ونەمانی هەرێمە.

ئەگەر لەرابردوودا کورد لە بەغدا یەکدەنگ و یەکدەست بوو، بەلاَم لە کوردستان بە پێچەوانەوە لە هەولێرو پارێزگانی تر زۆرینەو خۆ سەپاندن و تەنانەت لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەتەنها و لە گەڵ کۆتاکان حکومەتی خۆجێیەتی پێکدەهێنراو ئەوانی تر نەدەخوێنرانەوە سەرەڕای قورسایی و پێگەی لایەنەکانی تر.

ئەو یەکدەنگیە زۆر دەستکەوتی نایابیان تۆمارکرد بۆ کورد هەر لە مادەی ١٤٠ وڕێژەی ١٧٪ بوودجەی عیراق بۆ هەرێمی کوردستان زۆر شتی تریش.

بەلاَم دواتر دوای ئەو ناهەوسەنگی و نەخوێندنەوەی ئەوانی تر و دروستبوونی درزو کەلێن و کارنەکردن بە لۆجیک و عەقڵ و پەنابردن بۆ خۆسەپاندن و قۆرخکردنی هەموو جومگە گرنگەکانی هەرێم لەلایەن لایەکەوە ئەو سۆزو پەرۆشیە نەما بۆ یەکڕیزی کاری هاوبەش دواتر کارگەیشتە داخستنی پەرلەمان و پەکخستنی حکومەت و نەمانی هیچ دەزگایەکی چاودێری و لێپرسینەوە ورۆیشتن بۆریفراندۆم سەرەڕای نەبوونی کۆدەنگی پێویست و هاوارو تکاو خواستی زۆربەی زۆری وڵاتان.

بەهەرحاڵ ئەوە بووە مێژوو هەمووی بوونە دۆکۆمێنت لە بەردەستدان و لە بیرو هۆشی هەمووماندا تاماوەیەکی درێژی تر دەمێننەوە و گرنگ ئەوەیە

پەندو عیبرەتیان لێوەربگرین بۆ کاری داهاتوومان.

ئێستا کە ئیتر هەموو باس لە خولێکی تری دانوسان دەکەن لە نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند و بە تایبەتی وڵاتانی زلهێزی وەکو ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو نەتەوەیەکگرتووەکان و خودی حەیدەر عەبادی سەرەکوەزیرانی عیراق و ئەنجوومەنی نوێنەران و هەموو لایەنەکانی تری عیراق بە سوونەو شیعەوە سەرەڕای پاشگەزبوونەوەی زۆریان لە دەستوورو گۆڕینی ناوی هەرێمی کوردستان بۆ شمالی عیراق لەراگەیاندنەکانیاندا، بەڵام تاکە بنەمایەک و کارتێک کە کورد بە دەستیەوەمابێت، دەستووری عیراقە کە پێویستە و دەکرێت کورد دەستی پێوەبگرێت.

شکستی ١٦ ئوکتۆبەر هەر شکستێکی سەربازی نەبوو شکستی ئەوستاڤە بوو کە ئیدارەی پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەندیان کرد کە لێرەدا لەوەیە بواری ئەوە نەبێت بڕگە بە بڕگەی باس بکەم بەڵام بۆ لەمەودوا بۆ قۆناغی تازەی دوایریفراندۆم دەخوزاێت چی بکەین؟

هەر لە ئێستاوە شاندێکی نیشتمانی پێکهاتوو لە هەموو لایەن و پێکهاتەکان گرنگە پێکبهێنرێت بە بەرنامەو ئەجندایروون و یاسایی و دەستووری کەراوێژکارو شارەزاو پسپۆڕی هەموو بوارەکانی تێدابێت کە هەموو بەندەکانی دەستوور شیتاڵ بکەنەوەو هەموو خواستەکان بخرێنەروو و مسۆگەری پابەندبوون پێیەوە.

پێویستە لە مەودوا کورد مادام چارەنووسی بەسترایەوە بە عیراقەوە هەموو قورسایی خۆی بخاتە بەغداد لە هەموو جومگە و دامەزراوەکانی فیدراڵی عیراق پشکی خۆی دیاری بکات و بە لێهاتوو ترین و پاکترین کادرەکانی کورد لە دەرەوەی حزبەکانیش بێت پڕیان بکاتەوە و ببێتە پاسەوانی دەستوورو جێبەجێ کردنی یاساکانی.

بڕیارە لە مانگی ئایاری ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنی گشتی لە عیراقدا بکرێت زۆر گرنگە لیستی بە هێزو پڕتوانا بۆ ئەو هەڵبژاردنە سازو ئامادە بکرێت لە ئاست ئەو پێداویستیانەی قۆناغی تازەدابن.

ئیتر وادیارە مەترسیەکان زۆرجدین کاتی ململانێی ناڕەواو نەخوێندنەوەی یەکترنەماوە کاتی پشک پشکێنەو پۆست وپارە و ئیمتیازات گوزەشت کاتی کارو لە خۆبردوویی و دیموکراسی دادپەروەری لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی باڵای گەل و خوێنی شەهیدانو قوربانیەکانە.

ئێستا کاتی بە گژاچوونەوەی گەندەڵی و مەحسووبیەت و مەنسووبیەت و ئیئتلافی دزو بەرژەوەندیخوازەکانە کاتی جیاکردنەوەی بازرگانی و سیاسەتە، کاتی ئەوەیە کۆتایی بە ئەو مۆدێلە کۆن و شکست خواردووە بهێنن کە ئەم شکستانە ئاکام و بەرهەمی کردەوەکانی ئەوانە چ لە حزب و چ لە حکومەتدا.

ژ. ٧٤٠٨ لە ٢٠١٧/١١/٥

# کەرکوک بە راشکاوی

کەرکوک پێویستی بەوە نییە من بە خوێنەرانی بناسێنم و پێشەکی بۆ ئەم وتارە بنووسم دواتر بچمە ناو بابەتەکەوە، بەڵکوکەرکوک لە چوار دەیەیرابردوەوە ئامانج و کۆسپی بەردەم بزوتنەوەی کورد بووە لە باشووری کوردستان و ساڵانێکە خەبات و ململانێکانی کوردو دەوڵەتی عیراق بە هەموو حکومەتە یەک بەدوای یەکەکاندا بە دەوریدا دەخولێتەوە.

ئەگەرچی تەعریبی پارێزگای کەرکوک لە ناوەڕاستی سیەکانی سەدەیرابردوەوە دەستی پێکردووە بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانی بەعسیەکاندا (١٩٦٨-٢٠٠٣) گەیشتە لووتکە و سەرەڕای لە قاڵبدانی کەرکوک و هێنانی عەرەبی هاوردەو وەدەرنانی کورد واتەراگواستن بۆ شوێنەکانی تری عیراق نەیانتوانی سیماو ناسنامەی کوردستانی ئەو شارە بگۆڕن.

لەلایەکی ترەوە پێمباشەراستیەکی مێژوویی وەبیربهێنمەوە بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم کێشەیە، کە دەکرێت بۆ ئێستا کەڵکی لێوەربگیرێت و جارێکی ترڕووداوەکانیرابردوو دووبارە نەکەنەوە، وەکو ئەوەی ئێستاراکان جبوری پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت دەستی داوەتێ،کەرکوک بووە هۆی شەڕی عیراق و ئێران دواتریش کەرکوک بووە هۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەنرژێمی سەدامەوە، چونکە گەر لەبەر کەرکوک نەبایە عیراق پەیماننامەی جەزائیری لەگەڵ ئێران واژۆ نەدەکردو دەستی لە نیوەی شەتولعەرەب هەڵنەدەگرت بۆ ئێران و دواتر دوایرووخانی شای ئێران پەشیمان بێتەوە.

ئەگەر چاوێک بە زنجیرەی ئەورووداوە یەک بە دوای یەکانەدا بخشێنین هەموو ئەوراستیە حاشا هەڵنەگرانەمان بۆروون دەبێتەوە کە ئەو جەنگ و کاردانەوانەی نێوان عیراق - ئێران و عیراق - کوەیت و دواتر عیراق- ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و گەمارۆی ئابووری سیازدەساڵەی جیهانی لە سەر عیراق و هەموو قوربانی و زیانەکانی عیراق هەر بۆ مەسەلەی کوردو بە تایبەتی تر بۆ کەرکوک دەگەڕێتەوە.

هەموو ئەوانە لە لایەک لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەشەوە هەرچەندە کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان حوکمڕانی ئەو شارەیە وەکو کێشەیەکی ناوەندی و گرنگ و جەنجاڵ ماوەتەوەو سەرەڕای ئەوەی لە یاسا بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە بەندی ٥٨ و لە دەستووری عیراق بە بەندی ١٤٠ جێگیر کراوە و دەبوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو

بەندە جێبەجێ بکرێت، بەڵام تائێستا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە کەس خۆی ناکات بەخاوەنی ئەو بەندەی دەستوور و حکومەتەکان دەڵێن: کوردەکان خۆیان کاریان بۆ نەکردووەو کوردیش حکومەت تۆمەتبار دەکات بە جێبەجێ نەکردنی.

لە شەڕی داعش و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیشەوە، سوپای عیراق هەرەسی هێناو هێزەکانی پێشمەرگە پاراستیان لە شەڕی تیرۆری داعش بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە تایبەتی تورکمان و عەرەبیش، بەڵام رۆژێک نەمانبیست تورکمان بڵێت: پێشمەرگەی کورد ئێمەیان پاراست، بگرە تا پێیان کرا دژایەتی کورد و حوکمڕانی کوردیان کرد لەو شارەدا، ئیتر نازانم هۆکارەکەی چیە دەبێت کاربەدەستانی کورد لەو شارە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

تائێرە بە هەرحاڵ ئەوەی گرنگە دوای ١٦ ئۆکتوبەر دوای لابردنی پارێزگاری پێشوو بە زۆر تۆمەت، کە جێگەی داخە لەکەرکوکی دڵ و قودس و هەناسە و هەمووشتێک، کاربەدەستی کورد تێوە بگلێت بە گەندەڵی و کەرکوکێک کەرووبارێک خوێنی بۆ بەخت کراوە، بکرێتە قوربانی بەرژەوەندی کەسی و حزبایەتی کەسیش نقەی لێوەنەیەت تا تەقینەوەی هەموو کێشەکان.

کەرکوک ئێستا نوێنەرەکانی جێیان هێشتووە خەڵکی کەرکوک بۆیە دەنگی بەوانە داوە کەلە ژێر هەموو فشار و بارودۆخێکدا بەرگری لەمافەکانیان بکەن، ئەوان لە جیاتی خەڵکی کوردی کەرکوک شەڕی مافەکانیان بکەن، چۆن نوێنەرەکانی پێکهاتەکانی تر واتە عەرەب تورکمان، لە هەموو گۆڕانکاری و دۆخە جیاوازەکاندا سەرسەختانە بەرگریان لە پێکهاتەکانی خۆیان کردو قوربانیشیان دا لەو پێناوەدا.

ئێستا کەرکوک لە دووڕیانی هات و نەهاتە، نوێنەرانی کورد لە کەرکوک و لایەنە سیاسیەکانی کورد لەو شارە، ئۆباڵی مێژووییان لە ئەستۆدایە بەرژەوەندی حزبایەتی یان کەرکوک تەعریب و گەڕانەوەی هاوردەکان بۆ کەرکوک و لە دەستدانی هەموو دەستکەوتەکان، ئەوەی سەرەتاکەی لە سەرگەڕان و شوێنەکانی تر دەرکەوتووە، سەرەتایەکی سامناکە و گەڕانەوەیە بۆ چوار گۆشەی یەکەم و کوشتن و سەربڕینی بەندی ١٤٠ و هەموو بنەماکانی دەستووری عیراقە. لە هەمان کاتدا هەڵدانەوەی لاپەڕرەش و شوومەکانیرابردووی ململانێکانی کوردو عیراقە لە سەر کەرکوک و دڵنیام کەس کەڵک لەم پرۆسە شوومە نابینێت، جگە لە دوژمنانی عیراق و بە فیڕۆدانی سامان وداهاتی وڵات.

ژ. ٧٤٦٦ لە ٢٠١٨/١/١٥

# یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
# لە یادی ٤٣ ساڵەیدا

ئێستا ٤٣ ساڵە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوامە لە خەبات و تێکۆشان ٤٣ ساڵە و لە کاروانێکی سەخت و دژواردایە کە بە هیچ کلۆجێک ناکرێت و نابێت لە مێژووی کورد لە باشووری کوردستان و بگرە لە کوردستانی مەزنیشدا جودا بکرێتەوە.

کاروانێک هەر لە سەرەتای بەرێ کەوتنیەوە سەرکردەکانیریزی یەکەمی بوونە فیداو قوربانیرێبازەکەیان وراستگۆیانە هەموو گفتەکانیان کر بە کردار و جێبەجێ یان کرد و بوونە سەرمەشقی شێوازێکی نوێی بەرخۆدان و ململانێ لە پێناو مانەوەدا بە پشت بەستن بە توانای خۆیان و پشتیوانی خەڵکی کوردستان.

بەڵێ ئەم یەکێتیە دەکرێت وەکو تاکەرێکخراوێکی نیمچە بەرەیی کە بەراو بۆچوونی جیاوازەوە لە دایک بوو کە خاڵی بەهێزیشی هەر ئەوە بووە کە توانی شۆڕشێکی چەکدار بە ئاکام بگەیەنێت. لە کۆتاییدا بە هاوکاری لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا لە باشووری کوردستان کەراپەڕینێکی گەورەی جەماوەریرابەرایەتی بکات بە کەڵک وەگرتن لە بارودۆخ و هەلومەرجی نێودەوڵەتی دوای شەڕی کەنداوی یەکەم لە ساڵی ١٩٩١و دواتر پەرلەمان و جکومەتی هەرێمی کوردستان لە دایک بوو .

نامەوێت من لێرەدا و لەم یادەدا مێژووی یەکێتی بنووسمەوە ئەوە بابەتێکە لەوەیە لێرەدا نەکرێت دەیان کتێبی لەسەر نووسراوە و ئەمانەرووداوی تازەن و هێشتا لە بیرەوەری زۆرماندا زیندوون، ئەوەی گرنگە ئێستا یەکێتی لە قۆناغی دوای مەرگیرێبەر و باوکەرۆحیەکەی جەنابی مام جەلال چۆن دەتوانێت درێژە بەم کاروانە بدات؟

ئایا هەر باسی سەروەری و فیداکاری و مێژووەکەی بەرووە پرشنگدارەکانیەوە بۆ خەڵک بکات و لێی بداتەوە و جارجار باسی کەموکورتی و هەڵەکانیشی نەکات کە بێگومان هەرکەس کاربکات و خەبات بکات و تێبکۆشێت باش و خراپیش دەکات ناکرێت هەڵوێستەیان لە ئاستدا نەکات؟

لە ئێستادا و لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە ١٢ مایس٢٠١٨ ئەم هێزە لە بەردەم ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی و قورستر

دایە لە جاران، دەبێترۆڵی پێشڕەو بوون و بەرگریکاری سەرسەختی مافەکانی خەڵک بێت لە ناوەند و لە هەرێم دەبێت خۆی نوێ بکاتەوە خوێن و نەوەی نوێ لە ناو ئەم هێزەدا کە لەشکرێکی گەورەن بواریان بۆ بڕەخسێت و بێنە پێشەوە، بەڕادەیەک هاوسەنگی لە نێوانرەعیلی یەکەم و نەوەکانی نوێدا بێتە ئاراوە.

من لە گەڵ ئەوە نیم سەد دەر سەد نەوەی نوێ بەڵکو ئەزموون و خەبات و حیکمەتی ئەوانی پێشووتریش گرنگە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەم هێزە ئەگەر بیەوێ بە زیندوویی بمێنێتەوە.

دەبێت ئەمجارە یەکێتی بەشداری حوکمڕانی و حکومەت بوو دەبێت بەڕاستی هاوبەش بێت و لە ئاست متمانەی دەنگدەرەکانیدا بێت نابێت یەکێتی لە حکومەتدا بێت و وەڵامی گلەیی و گازندەو نیگەرانییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتەی پێ نەبێت.

نابێت یەکێتی لە حکومەتدا بێت و پەرلەمان نەتوانێت وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان بکات، بە فەرمانی سەرۆک وەزیران دەبێت کادر و نوێنەرەکانی ئەم حزبە لەمەودوا پارێزەر و داکۆکیکاری بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە بن بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بەوە گرەو دەباتەوە بەوە دەتوانێت بێتە ناو میللەت ورووبەڕووی خەڵکی خۆی بێتەوە لەهەموو کات وساتێکدا .

لەم یادەدا هەموو شەهیدانی ئەم حزبە نەوەکانیان کەسوکاریان چاویان لەم حزبە یە کە خوێنی جگەرگۆشەکانیان ئازیزەکانیان هاوسەرەکانیان بە فیڕۆ نەدات و بە مەنزڵ و موردای بگەیەنێت ئەویش بە سووربوونە لە سەرڕێبازەکەی کە خۆی لە مافی چارەنووس و ئاشتی و ئازادی مافی مرۆڤدا دەبینێتەوە.

لە کۆتاییداروەداوەکانی چەند ساڵیرابردوو ئەوەی سەلماند کە، لاواز بوونی ئەم هێزە لاوازی و هاوسەنگی دیموکراسی و حوکمڕانی لێدەکەوێتەوەو پەرت بوونی هێزەکان و سەرهەڵدانی گروپ و حزبی بچووک، جگە لە نائومێدی و پاشاگەردانی و بێسەروبەرەیی هیچی دی لێ سەوز نابێت وریفۆرم و چاکسازی هەر بە یەکێتی دەکرێت ئەگەر خۆی بۆ ساز و ئامادەبکات و خواستی هەبێت.

ژ. ٧٥٨٢ لە ٢٠١٨/٦/٣

# ئەمریکا بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەداتەوە؟

هەرێمی کوردستانی عیراق ئەو هەرێمەیە کە لە دوای شەڕی کەنداوی دووەم واتەرزگارکردنی کوەیت لەژێر دەستی عیراق هاتە دامەزراندن کە ناوکەکەی ئەو ناوچە ئارام و دژ ە فڕینە بوو بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە لە لایەن فەرەنساو ئەمریکاو بەریتانیەوە بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١,

بۆ پاراستنیان لە هێرش و پەلامارەکانیرژێمی سەدام حسین کە ئەو کات خەڵکی ئەم ناوچە بەر دوو شاڵاوی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کەوتبوون لە ساڵی ١٩٨٨ هەرلەوساوە تابە ئێستا ئەم هەرێمە بووە پێگەو جێ پێ ی ئەمریکاو وڵاتەرۆژئاواییەکانی هاوپەیمانی و هەر لێرەشەو پلانی لە ناوبردنی رژێمی پێشووی عیراق دانراو جێبەجێ کرا و بە تایبەتی ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان کە تازە پارتی داد وگەشە هاتبوونە سەر دەسەڵات لە تورکیا کە نەیانهێشت سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ خاکی تورکیا بەکاربهێنن بۆ پەلاماردانی عیراق ئیتر دەرگای خێرو خۆشی بۆ کورد کرایەوە کورد ئەو بۆشاییەی پڕکردەوەورۆڵی تورکیای گێڕا.

هەولێری پایتەختیش بووە ناوەندێکی گرنگی بڕیارو هەر شاندێکی فەرمی و سەرۆکی وڵاتانیش بهاتنایەتە بەغداد سەردانی هەرێمی کوردستانیشیان دەکرد بەتایبەتی کە سەرۆکی کۆچکردوورەوانشاد مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراق بوو هەماهەنگی و هاوپەیمانی پارتی و یەکێتیش کاریگەری خۆی هەبوو لەو قۆناغەدا

ئەگەرچی لەدوایریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ هەموو ئەو دەستکەوت و پێگە گرنگەی کە هەرێم لە ساڵانیرابردوودا بەدەستی هێنابوو چ لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی وتەنانەت ناوخۆییش هەمووی لە دەست چوو چما ئەورۆڵە گەورەو گرانەی کەلە شەڕی داعش و تیرۆردا پێشمەرگەکانی کوردستان گێڕایان بە خوێنی هەزاران شەهیدو بریندار ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند و هەرێمیش لە لایەنێکی براوەو سەرکەوتووی ئەو شەڕەوە بووە

قوربانی و کەوتە ژێر گەمارۆ و ئابلووقەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و سوپای عیراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی کەرکوک و هەموو ناوچەکانی مادەی ١٤٠ ی خستەوە ژێردەستەڵاتی خۆیان لە ١٦ ئۆکتوبەری ٢٠١٧ کە پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بە خوێنی خۆیان لە پەلامارو شاڵاوی تیرۆرستانی داعش پاراستیان.

ئەمریکیەکانیش بەرامبەر بەم شاڵاو پەلاماردانە هەر بینەر بوون و هیچ هەڵوێستیکیان نەبوو بە جموجوڵی ئاسایی هێزەکانی عیراق لە قەڵەمیاندا. تائێرە بەسە من نامەوێت جارێکی تر باسی ریفراندۆم و کاتی بوو یان نا بکەم بۆ؟ چونکە کاتی خۆی قسەی خۆم لە سەری کردووە.

ئێستا ئەوەی گرنگە ئەمریکیەکان جارێکی تر مەیل و سۆزیان بۆلای هەرێم جووڵاوە بە تایبەتی دوای ئەوەی بەتەمان هێزەکانیان لە سوریاوە بکشێننەوە بۆ هەرێمی کوردستان و هەندێ فراکسیۆنی شیعەش لە ئەنجوومەنی نوێنەران عیراق بە نیازن یاسایەک دەربچێنن کە هێزە بێگانەکان لە عیراق بکەنە دەرەوە بە یاسا و لایەنە شیعەکان قایل نابن لە هیچ بارودۆخێکدا هێزی ئەمریکا لە عیراق زیاد بکرێت هەمووشمان وتەکانی سەرۆکی ئەمریکا ترەمپ مان بیست لە بنکەی عین ئەلئەسەد لە خۆرئاوای عیراق کەوتی هێزەکانمان لە عیراق ناکشێنینەوە.

### هەماهەنگی پێشمەرگەو سوپای عیراق و ئەمریکا

لە ماوەیرابردوودا جەنرال ئۆستن رینفۆر فەرماندەی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عیراق لە کۆبوونەوەیەک لە گەڵ بەرپرسانی هەرێم خوازیاری هەماهەنگی تەواو پشتیوانی تەواو ی خۆیانی بۆ هەموو هاریکاری یەک دەربری لە گەڵ هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عیراق و هەروەها پشتیوانی خۆیان بۆراهێنان و کۆمەکی تەواوی پیشاندا بە تایبەتی بۆ پێشمەرگە.

هەروەها لە ئێستاشدا کەمن ئەم وتارە دەنووسم فەرماندراوە کە هێزەکانی دژە تیرۆری عیراق لە کەرکوک پاشەکشە بکەن بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق و هێزەکانی تایبەتی گاردی سەرۆک کۆمار شوێنیان بگرنەوە ولە هەمانکاتدا کۆبوونەوەیەکی تر لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکوک کراوە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغداد کە باس لەرادەستکردنەوەی دۆسێی ئاسایشی

ناو شاری کەرکوک دەکەنەوەبە هێزەکانی پۆلیس و دەرەوەی شارەکەش بە هێزەکانی سوپای عیراق و پێشمەرگە.

هەموو ئەوانە ئاماژەن بەوەی کە ئەمریکیەکان جارێکی تر زۆر پێویستیان بە کوردە بۆ هاوسەنگکردنەوەی عیراق , لە کۆتاییدا ئەوە گرنگە ئەی کورد چۆن خۆیڕێک دەخاتەوەو یان بە دیدی تەسکی حزبایەتی و خۆسەپاندن کە خزمەت بە کەس ناکات و مێژووش خاوەنی ئەو دیدانە شەرمەزار دەکات.

ژ. ٧٧٧٤ لە ٢٠١٩/١/٢٧

# دەستگیرکردنی دزەکان
# ئارامی دا بە دڵان

ئەگەرچی دزی دیاردەیەکی جیهانییەو هەڕەشە لە ئارامیو سەقامگیری دەکات لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووشدا کە خاوەنی تواناو تەکنیکی زۆر پێشکەوتووشن.

دزی واتە بردنی ماڵی خەڵکی تر بە نهێنیو بەبێ ئاگاداری خاوەنەکەی کە ئەمەش بە گوێرەی یاسا تاوانەو سزای قورسی لەسەرە، دزی جۆری تریشی هەیە، لەوانە گەندەڵیو فرۆفێڵو تاڵانکردنو جەردەییو...تد، بۆیە لە زۆربەی ئایینەکاندا بە تایبەتی ئیسلامو یەهودی بە تاوانی گەورە ئەژمار دەکرێت، تەنانەت سزاکەی دەستنیشانکراوە بە دەست بڕین.

ئەوەی ١٢ی ئازاری ٢٠١٩ لە سەنتەری شاری سلێمانیو بە رۆژی رووناک رووبدا دزینو رفاندنی بڕێکی زۆر لە پارە کە ملیارێکو دوو سەد ملیۆن دینار بوو، مووچەی کارمەندو پزیشکو فەرمانبەرەکانی نەخۆشخانەی شار بوو لە سلێمانی، ئەو نەخۆشخانە جوانو تازەیەی کە دوای ساڵانێکی زۆر بنیاتنراو دواتر تەواوکرا، کە یەکێک لە سیما جوانو ناوازەو خزمەتگوزارییەکانی سلێمانییە، ترسو دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە نێو خەڵکی شار بە هەموو چینو توێژەکانییەوە بڵاوکردەوە. بەڵام ئەوە زۆر درێژەی نەکێشاو بۆ ماوەی کەمتر لە شازدە سەعات هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی سلێمانیو دژەتیرۆرو هەموو دامودەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی، ئەو نیگەرانییانەیان رەواندەوەو تاوانبارانی ئەو تاوانە نەگریسەیان دەستگیرکردو راپێچی بەردەم داداگا کرانو هەموو پارەکەیان گەڕاندەوە بۆ نەخۆشخانەی شار.

بەڵێ بەدەستهاتنی خێرای هەموو ئەو هێزانە لەو ماوە کورتەدا ئاماژەی دڵخۆشکەرن کە هێزێک هەیە پەروەردەی دروستکراوەو خاوەنی ئاکارو دیسپلینو خەمخۆری هاووڵاتیانەو ئەوان پێمان دەڵێن ئێوە بنوون ئێمە بێدارو پاسەوانی سەروماڵی ئێوەین، تەنها هاوکارمان بن چیتان دی نامۆ بوو بە دابو نەریت، بە یاسا، بە ئارامی، ئاگادارمان بکەنەوە. ئێمە چەند بەهێزو هۆشیاربین هەر پێویستمان بە کۆمەکو هاوکاریو رێنوێنی هاووڵاتیان هەیە.

***پەندەکان لەم تاوانە :***

ئەوەی دەکرێت بکرێتە پەند لەم تاوانەو سوودی لێوەربگیرێت ئەوەیە جارێکی تر

ژمێریارو فەرمانبەرانو ئەو لیژنانەی کە دەچن لە بانکەکانەوە مووچە وەربگرن بە تایبەتی بڕە پارەی ئاوا زۆر، نابێتو ناکرێت بەبێ پاسەوانو هێزی تایبەتی پۆلیسو ئاسایشو ئۆتۆمبیلی تایبەت بە گواستنەوەی پارە، ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدرێتو ئاوا بکرێتە پارووپەکی ئاسان بۆ تاقمو باندە دزو چەتەکان.

لە لایەکی تریشەوە ئەم تاوانە هۆشداریی ئەوەمان پێدەدات کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سیستمی بانکیو مووچە لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا بکرێتو ئەو سیستمە کۆنە کە لێرە کاری پێدەکرێت، ئیتر کۆتایی پێ بهێنرێتو هەمووی بکرێت بە سیستمی کارتی زیرەک، کە لە هەموو ئەو کێشەو ئاریشانە رزگارمان دەکاتو بانکەکانیش زیندوو دەبنەوەو متمانەیان بۆ دەگەڕێتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەوەی بەرپرسەکانی ئاسایشو پۆلیس رایانگەیاند کە تاوانبارەکان لەو تاوانبارانەن کە ئەمە جاری یەکەمیان نییەو پێشینەی زۆریان هەیە لە رابردوودا لە ئەنجامدانی تاوانو کوشتنو بڕینو تێکدانی ئارامیو بێزارکردنی خەڵکی ئەم وڵاتە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتی دادوەری زۆر بە وردیو وریاییەوە یاسایان بەسەردا جێبەجێ بکاتو هیچ ئاسانکاریو بەزەییەکی بەتاوانباری لەو جۆرەدا نەیەتەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە دەسەڵاتی یاسادانانیش واتە پەرلەمان یاسای توندو سزای قورس دابنێت بۆ تەمبێکردنی هەموو ئەو تاوانبارانەو رێگرتن لە یاسای لێبووردنی گشتیو تایبەتی بۆ ئازادکردنی تاوانباران، کە لە ساڵانی رابردووداو لە زۆر بۆنەی جیاجیادا لێبووردنی تایبەتو گشتی دەرکراوەو دواتر تاوانبارانیش گەڕاونەتەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان.

ژ. ٧٨١٧ لە ٢٠١٩/٣/١٨

# بەشی دووەم

# عیـــــــــــراق

# عیراق بەرەو کوێ؟

لەوەتەی دەوڵەتی نوێی عیراق لەساڵی (١٩٢١) دامەزرێنراوە، بەدەر لەخواستی پێکهاتەکانی بەگەلێک قەیران و کێشمەکێشدا گوزەری کردووە، من نامەوێت لێرەدا بەوردی بچمە ناو یەک بەیەکی ئەو بابەتانەوەو ریزبەندییان بکەم و هۆکارو دەرەنجامەکانیان بخەمەڕوو ئەوە لەوانەیە باسێکی دوورو درێژ بێت، بەڵام ئەوەی مەبەستمەو دەمەوێ لێرەدا کەمێک تیشک بخەمەسەر رووداوە گەرمەکانی ئەم دواییەی وڵاتەکەمان (عیراق) کەکوردستان بەشێکی گرنگە لێی و پەیوەندیی ئۆرگانیکی هەیە لەنێواندا هەموو کاروکردەوەیەکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی کاردانەوەی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش هەیە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیوروژێنم و بەبیری بهێنمەوە رووداوەکانی ئەم دواییەی عیراقە کەگەیشتووەتە رادەیەک کەئیتر هیچ ویژدانێکی زیندوو ناتوانێت لەئاستیاندا بێدەگ بێت، کوشتن لەسەر شوناسنامە، کۆچپێکردن و وەدەرنانی هەزارەها خێزان لەماڵ و حاڵی خۆیان، تەقاندنەوەی دەیان پردی ستراتیژو گرنگ، نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانی ژیانی هاووڵاتیان لەئاوو کارەباو سووتەمەنی و ماددەکانی کۆبوونی خۆراک، هەروەها لەچەند رۆژی رابردودا تەقاندنەوەی زیاتر لە (٢٧) مزگەوتی سوننەکان و مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و دواتر بۆ دووەمجار تەقاندنەوەی هەردوو ئیمامە عەسکەرییەکە لەشاری سامەڕا، مژدەی خێر نادەن بەگەلانی داماوی عیراق. وائێستا خەریکی نووسینی ئەم بابەتەم هەواڵەکان باس لەسووتاندنی زیاتر لە (١٠) مزگەوتی سوننە لەبەسرە دەکەن، لەبەغداش چەندین مزگەوتی تر بەر شاڵاوی سووتاندن کەوتوون لەلایەن میلیشیا ناسراوەکانەوە. حەزدەکەم جەخت لەوە بکەم کەگەلی عیراق بەقەیرانی وادا گوزەری نەکردووە لەڕووداوە نزیکەکانی وەکو شەڕی هەشت ساڵەی عیراق–ئێران، گەمارۆی ئابووریی (١٣) ساڵ، شەڕی کوێت و شەڕی چەند ساڵەی کوردستان، تاڵاوی وای نەچەشتووە، رۆژانە دەیان تەرمی سەربڕاوو لەتکراو بەدرێل کونکراو لەسەر شەقامە جوانەکانی بەغدای ئەبونواس

و موتەنەبی و جوانی و شیعرو شارستانی و ڕۆژنامەکان فڕێ دەدرێن، رفاندنی خەڵک و کوشتنی توانا زانستییەکان، تاڵان و بڕێک کە لەمێژووی دوورو نزیکی عیراقدا کەم وێنەن، ئەمانە مشتێکن لەخەرواریک رۆژانە دەیان راپۆرت و هەواڵ لەکەناڵە ئاسمانییە جیاجیاکانەوەو لەسایتەکانی ئینتەرنێت گەواهی ئەم راستییانەن، هەموو ئەوانە دەیان پرسیاری لای مرۆڤ و خەڵک و وڵات دروستکرد کەئیتر وەڵامیاندەوێت و بەری رۆژ بەبێژنگ ناگیرێت.

کاتی ئەوە هاتووە بپرسین کێ بەرپرسیاری یەکەمی ئەم ڕووداوانەیە بەرامبەر بەگەل و خوداو مێژوو، ئەو گەلەی کە لەنیوسەدەی رابردوودا ئارامی و خۆشگوزەرانی لەسایەی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی لێ حەرام کرابوو، ئەو گەلەی کە لەماوەی کەمتر لەساڵی سێ جار لەژێر زەبروگورزی بێ رەحمانەی تیرۆریستە دڕو دڵڕەشەکان لەژێر هەڕەشەی بۆمب و تەقینەوەکاندا چووە بەردەم سندووقەکانی هەڵبژاردن؟

ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنرێت؟ کاتی ئەوە نەهاتووە قامک لەسەر هۆکارەکان دابنرێت؟ کاتی ئەوە نەهاتووە چاوێک بەسەر حکومەتی یەکساڵەی مالیکیدا بخشێنرێتەوە؟ ئاوڕێک لەڕابردووی چەند رۆژو هەفتەو مانگی پێشوو بدرێتەوە؟ هەڵوێستەیەکیان لەئاستدا بکرێت. خەڵکی عیراق هەقیانە بپرسن ئەنجومەنی نوێنەران کوا سوێندەکانتان کە بۆ گەل و خاکی عیراقتان خوارد، تەنانەت هەندێک لەئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکانیش نابن، ئایا هێزە فرەڕەگەزەکان بەتایبەتی ئەمریکییەکان بەتەواوی ئەرک و فەرمانەکانیان بەجێدێنن، ئەمە پرسیاری سەرزاری هەموو کەسێکی سادەیە لەبازاڕو شوێنە گشتییەکان، نەک چاودێران بۆ لەناوچە رووت و رەجاڵەکانی ئەنبارو دیالە شەڕی تایەفی و پاشاگەردانی تەواو عەیارە بۆ لەناوچە نەوتییەکان شێوە ئارامییەک هەیە؟ ئایا بەستنی کۆنگرەکانی شەرم ئەلشێخ و کۆمەک بەخشەکان و کوژاندنەوەی قەرزەکانی عیراق و دەیان کۆبوونەوەو کۆنفرانسی ئیقلیمی و دەولی دەتوانن ئاو بەم ئاگرەدا بکەن و خامۆشی بکەن یان کێشەکان لەناو وڵاتدان و هەر لەناو وڵاتیشدا چارە دەکرێن؟

یان ئەو ریزبەندییەی ئێستا لەحکومەت و پەرلەماندا حوکمی وڵات دەکەن خەلەلێکی گەورەی تێدایەو رەنگدانەوەی راستەقینەی پێکهاتەکانی وڵات نین؟ یان شکسخستنی رەوتی مەزهەبییە لەعیراقداو لەکۆمەڵگەی فرەمەشرەبی

وەک عیراقدا بەهیچ شێوەیەک رەوتی مەزهەبی ناتوانێت وڵات بەڕێوەببات؟ رۆژانە کەشوهەوای سیاسی وڵات بارگاوی دەکرێت بۆ شەڕی مەزهەبی نەگریس و ناڕەوا؟ یان بەڕاستی عیراق بنەماکانی هاوبەشی پێکەوەژیانی تێدانەماوە بەڕژێمێکی دیکتاتۆری و سوپایەکی بەهێز نەبێت؟ ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر مێشک و میزاجی خەڵکی عیراقیان داگیرکردووە لەچەند مانگ و هەفتەی داهاتوودا رووداوەکان وەڵامیان دەدەنەوە.

ژ. ٤٢٩٩ لە ٢٠٠٧/٦/٢٠

# ئایندەی عیراق

بەداخەوە ئەوەی لەم ڕۆژانەدا لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بیستراو بینرا دەربارەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق کەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەو یاسایەی دەرکرد بەپێچەوانەی یاساو دەستووری هەمیشەیی عیراقەوە، کەبۆنی ڕۆژانی پێش (٢٠٠٣/٤/٩) سەردەمی دکتاتۆری لێدەهات بەرگوێی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و کوردستان بەتایبەتی کەوت، ئەمە گەورەترین زەنگی مەترسی و یاریکردنە بەئایندەی عیراق و یەکپارچەیی خاکەکەی وەکو زۆر لەوانەی لەپشت ئەم یاسایەوەن شەو و ڕۆژ فرمێسکی بۆ دەڕێژن، لەعیراقدا کەپێکهاتەکەی ڕوون و ئاشکرایەو هەرچۆن دوای پرۆسەی ئازادیی عیراق هەموو بڕیارو یاساکان و نووسینەوەی دەستووری عیراق بەتەوافق و ڕەزامەندی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان بووە، دەبێت لەئایندەشدا هەروابێت، ئەگینا یەکێتی گەل و خاکی عیراق دەکەوێتە مەترسییەوە، بنەماکانی پێکەوە ژیان نامێنێت، دەستووری هەمیشەیی عیراق کەتازەترین پەیمانی کۆمەڵایەتییە کەگەلی عیراق بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی عیراق دەنگیان بۆ داوەو مسۆگەری یەکپارچەیی عیراق و پاراستنی مافە ڕەواکانی هەموو پێکهاتەکانێتی، بۆیە لادان لەو دەستوورەو پێشێلکردنی بەندەکانی گەورەترین زەنگی مەترسییەو بەزاندنی هێڵی سوورە لەلایەن هەر تاقم و کەس و حزبێکەوە بێت، بۆیە مەسەلەیەکی گرنگی وەک کەرکوک کە لەلای گەلی کورد پیرۆزترین و هەستیارترین کێشەیە کەیارییکردن پێی بڕیاردانی خەڵکانی نابەرپرس پێی قابیلی قبوڵکردن نییە.

بەداخەوە ئەوەی لەو یاسایەدا هاتووە کەهیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و ئاگادار بەڕەوشی کەرکوک ئەوەی پێ پەسەند ناکرێت، گەڕانەوەیە بۆ ڕۆژانی پێش پرۆسەی ئازادیی، واتە شەرعیەتدان بەتەرحیل و تەهجیرو تەعریب و شادکردنی گیانی دکتاتۆری سەدام و عەفلەقی مامۆستای و هەموو ڕەوتی نەتەوەپەرستی عەرەب، ئەوەی کە لە (٤٦)ساڵی ڕابردوودا بەسەر کەرکوک و خەڵکەکەیدا بەزۆری چەک و کوشتن و بڕین و هەموو تواناو ئیمکانیاتی مادی و مەعنەوی عیراق لەپێناو گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شارەو هەموو ناوچە دابڕاوەکانی تردا هاتووە، ئەمانە کاری ڕەوان و گەڕانەوەی ئاوارەو وەدەرنراوەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و خاکی باب و باپیریان تەجاوزە بۆ سەر موڵکی گشتیی، ئەمانە لای هەمووان

ئاشکرایە ئەدەبیاتی کێن و لەچەند ساڵی رابردوودا شەو و رۆژ لەهەموو دەزگا راگەیاندنە رووزەردەکانیانەوە دەهۆڵیان بۆ لێدەداو بەچەکی کیمیایی و ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵیش جێبەجێنەکران، ئەمڕۆ چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەسەرۆکایەتی مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان، کەبەوتەی خۆی دەیەوێت بەسوودوەرگرتن لەکەشوهەوای دیموکراتی وڵات رەوایەتی و شەرعییەت بدات بەگۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوک، بەدەرکردنی وەها یاسایەک بەبێئەوەی بچووکترین حساب بۆ دووەم پێکهاتەی وڵات بکات.

لەکۆتاییدا حەزدەکەم ئەوە بەبیر سەرکردایەتی کوردو ئەوانەی بەرپرسن لەدۆسێی کەرکوک بهێنمەوە، کەهەر سازش و نەرمییەک لەو مەسەلەیەدا ئایندەی خۆیان و حزبەکەیان دەخاتە مەترسییەوەو لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە قابیلی قبوڵکردن و پاساو بۆ هێنانەوە نییە.

ژ. ٤٦٤٠ لە ٢٠٠٨/٨/٣

# عیراق دوای ١٤ ساڵ بەرەو کوێ؟

ئێستا لە پاش ١٤ ساڵ لە پرۆسەی ئازادی عیراق کە هەر ئێمەی کورد بە ئازادی ناوی دەبەین، ئەگینا ئەمریکییەکان خۆیشیان بە یاسا خۆیان بە داگیرکەری عیراق ناساندو ئەوە عەرەب بە هەردوو باڵی شیعەو سوننەوە ئەو پرۆسەیە بە داگیرکردنی عیراقو کەوتنی بەغدا ناودەبەن، بەهەرحاڵ ئەگەر ئاوڕێک بۆ دواوە بدەینەوە بزانین چ باسە دوای ئەو ساڵانە لە حوکمڕانی نوێ.

عەهدی بائیدو حوکمی دیکتاتۆری بەعسو شەڕە بەردەوامەکانی سەدام حسێن، چی بەسەر کوردو شیعەو هەموو نەیارەکانیدا هێنا هەمووی بەسەر خۆیدا هاتەوە بەزیادیشەوەو گەلی عیراقیش لە دوای ئەو پرۆسەیەوە بەهیوای ژیانێکی نوێو ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤو حکومەتی دامەزراوەو خۆشگوزەرانی لە سایەی دەستووری نوێو راپرسیو هەڵبژاردن لە بارودۆخێکی زۆر پڕ مەترسیدا شانی دایە بەر.

بەڵام ئەوانە هەموو بوون بەبڵقی سەر ئاوو وڵات نوقمی شەڕو خوێنو بێخزمەتگوزاریو لە سایەی پارتو لایەنی ئایینیو تائیفیدا گەڕانەوە بۆ دواوە.

ئێستا ئەوەی مەبەستمە لە کۆتایی ئەم باسەدا بۆ خوێنەرانی خۆشەویست بیخەمە روو، هەندێ ئامارە کە ماڵپەڕی (العربی الجدید) لە هەندێ وەزارەتو دامودەزگای حکومەتی عیراقو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمیتەی ئاسایشو بەرگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر رووداوەکانی عیراق لە ١٤ ساڵیرابردوودا دەستی کەوتووە، کە بەڵگەن لەسەر شکستی ئەو فۆرمو میکانیزمەی کە عیراقی پێ بەڕێوە براوە لە لایەن کابینەکانی حکومەتی بنکە فراوانی تائیفی لە عیراقداو ئاکامەکەی ئەو بنبەستو قەیرانو ئاژاوەو ماڵوێرانییەیە کە هەموو پێکهاتەکانی عیراقی پێوە دەتلێتەوە.

***ئامارەکان***

٤٣٠ هەزار کوژراو لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو سەرەتای ٢٠١٧، هەروەها ٦٢٠ هەزار بریندار کە ٣٠٪ی ئەمانە تووشی کەمئەندامی هەمیشەیی بوون، ٥٨ هەزار ونبوو بێسەرو شوێن کە تائێستا چارەنووسیان دیار نییە، ٢٧١ هەزار زیندانی کە لەنێویاندا تائێستا ١٨٧ هەزار ئیحالەی دادگا نەکراون. ٣,٤ ملیۆن عیراقی کۆچیان کردووەو لە ٦٤ وڵاتی عەرەبیو بێگانە نیشتەجێن. ٤,١ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ لە ناو عیراقدا

کە زۆریان لە سەربازگە کۆنەکاندا لە پارێزگا جیاوازەکانی عیراقدا نیشتەجێن، ٥,٦ ملیۆن هەتیو لەعیراقدا هەیە کە تەمەنیان لە یەک مانگەوە تا ١٧ ساڵە، هەروەها یەک ملیۆن بێوەژن کە تەمەنیان لە ١٤ ساڵەوە تا ٥٢ ساڵە، هەروەها ٦ ملیۆن کەس نەخوێندەوارن، ٣١٪ی خەڵکی عیراق بێکارن، ٣٥٪ی خەڵکی عیراق لە ژێر هێڵی هەژارییەوەن کە داهاتی رۆژانەیان لە ٥ دۆلار کەمترە، ٦٪ی خەڵکی عیراق هۆگری تلیاکو مادەی هۆشبەر بوون کە ئەمە رادەیەکی ترسناکەو پێشتر لەعیراقدا نەبووە، هەروەها ٩٪ی مناڵ کاریان پێدەکرێت کە لە ١٥ ساڵ کەمترن.

کەرتی تەندروستی لە خراپترین دۆخدایەو هەر هەزار نەخۆش یەک سیسەمی بەردەکەوێت، نەخۆشی شێرپەنجە بەڕێژەیەکی زۆر بڵاوە، جگە لە نەخۆشی ئیفلیجی منداڵ چەندین پەتاو دەردی تر. کەرتی پیشەسازیش لە دۆخێکی خراپتردایەو ١٣ هەزارو ٣٢٨ کارگەو دامەزراوە بە هۆی بارودۆخی شەڕەوە لە کارکەوتوونو بەرهەمیان نییە، ٧٥٪ی موادی خۆراکی لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، هەروەها ٩١٪ی مەوادی بیناسازی لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، کەرتی کشتوکاڵیش پاشەکشەی کردووەو لە ٢٠٠٢ دا بەشی پێویستی ناوخۆ بەرهەمی هەبووە، ئێستارووبەری زەوی بەپیت لە ٤٨ ملیۆن دۆنمەوە دابەزیووە بۆ ١٢ ملیۆن دۆنم. کەرتی نیشتەجێبوونیش لە ئاستی پێویستدا نییەو عیراق پێویستی بە ٢,٦ ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون هەیە.

کەرتی پەروەردەش لەئێستادا ١٤ هەزارو ٦٥٨ قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی هەیە، کە ٩ هەزاریان زیانی بەرکەوتووەو ٨٠٠ قوتابخانە بە قوڕ دروستکراونو وەزارەتی پەروەردەش دەڵێت ئێستا پێویستمان بە ١١ هەزار قوتابخانەی تر هەیە. لە رووی دارییەوە باس لە زیاتر ١٢٤ ملیار قەرز دەکرێت، باسی بەفیڕۆدانی ٤٥٠ ملیار دۆلار دەکەن، هەروەها باس لە بوونی ٣٧١ حزبو قەوارەی سیاسی دەکرێت بەگوێرەی ئاماری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقو ١١ هەزارو ٦٧٠ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو ٩٨٠ هەزار سەربازو هێزی ئەمنیو ١٢٦ کۆمپانیای ئاسایشی ناوخۆییو بیانیو ٧٣ میلیشیای چەکدار هەیە کە ١١٧ هەزار چەکدارن.

ژ. ٧٢٤٢ لە ٢٠١٧/٤/١٦

# ئەنفال و لێبووردەیی
# لە یادی ٢٩ ساڵەیدا

لەیادی جینۆسایدی ئەنفالدا وێڕایرێزو نەوازش بۆ گیانی قوربانیانی ئەو کارەساتە پڕ ئێش و ئازارو سوێیە پێم خۆشە ئەمجارە چەند سەرنج و تێبینیەک لەسەر ئەو تراجیدیا مەزنەی هاوڵاتیانی خۆم لە لایەک و وەکو یەکێکیش کە لەرووبەرێکی زۆری شوێنی قەومانی کارەساتەکە شاهید بووم وبە چاوی خۆم زۆریم بینی هەر لەراکردن و هەڵاتنی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ بۆ لای ئێمە لە بناری سەنگاو دوای کیمیابارانکردنی سێوسێنان دواتر شاڵاوی ئەنفال بۆ گوندەکانمان و تۆپپباران و بۆمبابارانکردنی گوندی داماوو خانووی قوڕ بەرۆکێتی فڕۆکە جەنگیەکانیرژێمی فاشستیرەگەزپەرستی بەعس ئیتر بزانن ئەو خانووانە هەندێک جاررەشەبای بەهێزی سەنگاو دەیرمانن دەبێترۆکێت و ناپاڵم چی لێ بکات؟

بەڵێ شاهیدبووم کە ماڵ و حاڵی خۆمان و هەموو هاو ولاتیانی ئەو دەڤەرە مان چۆن جێهێشت ئەوەی لە سەدان ساڵ خەڵکی هەژارو و سڤیل و دوور لە سیاسەت و بێبەش لە هەموو مافێکی سەرەتایی تەنانەت لە ئاستێکی بەرزی نزیک بە تەواو نەخوێندەوارو و قایل بە ژیانێکی سادەی مەمرەو مەژی کە بە یەکیانەوە نابوو چ لە مەڕوماڵات و جۆگەو کانی و کەرەسەو پێداویستیەکانی ژیانی لادێ کە ئێستا لێرەدا بواری ئەوە نابێت یەک بە یەک بیانژمێرم کە ئەوانە فەرهەنگێکن بۆ خۆیان و دەکرێت شارەزایانی ئەو بوارە بە دوادچوون وکۆکردنەوەی تەواویان بۆ بکەن.

هەر ئەو کاتەو لە گەرمەیرووداوەکاندا بیرم لە زۆر شت و زارەوەی سیاسی سەردەمی شۆڕش دەکردەوە بە تایبەتی خەباتی چینایەتی کە هەندێک لایەن ورێکخراوی چەپی ئەوکات بانگەشەیان بۆ دەکرد هەر ئەوکاتیش هەبوون دەیان وت با خەباتی چینایەتی بۆ دوایرزگاری نیشتمانی دوابخرێت , بەڵێ کە بینیم شۆڤێنیەکانی بەعس پەلاماری گوندنشینەکانی کوردستانیان دەدا نەیان دەگووت کێ ئاغایە و کێ جووتیارە کێ دەوڵەمەندەو کێ هەژارە بە بێ جیاوازی خەڵکیان بردو قڕ و کیمیاباران و.....تد کرد.

بەڵێ ئەو کارەساتە ئەو مەرگەساتە ئەو تراجیدیا ئەو خەمە ئەو ئازارە بەسوێیە تا ئێستاش هەر دەکوولێتەوەو لە بیرناچێتەوە ئەگەرچی سەرکردە وپلان دڕێژەرە سەرەکیەکانی بە سزای خۆیان گەیشتن وەکو سەدام و عەلی کیمیاوی بەڵام

چەندین پەندو دیاردەی بۆ جێهێشتین دەکرێت بە وردی لە سەریان بووەستین بۆ نەوەکانی داهاتوو مایەی شانازی و کارتی فشاری بەهێز ورووی گەشەی گەلی زۆرلێکراوی کورد بن.

### ئەنفال و لێبووردەیی کورد

هەر لە ساڵی ١٩٩١ دوایراپەڕینی ئازار کە هەموو داموو دەزگا کانی حکومەتی ئیحتیلالی بەعسرووخان هەموو سەرباز و پلەدارەکانی ئەوسای سوپای عێراق کە خۆیان دا بە دەستی جەماوەریراپەڕیوو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بەو پەڕیرێزەوە هەڵسووکەوتیان لە گەڵ کراو ئازادکران و کەس لە گوڵێک کاڵتری پێ نەوتن جگە لە یاساوڵی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ئەمن کە خەڵکیان زۆر ئازار دابوو ئەمە لەلایەک لە لایەکی ترەوە هەنگاوێکی عەقڵانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئەوسا بوو کە بڕیاری لێبووردنی لە هەموو ئەو کوردانەی کە چەکیان بۆرژێم هەڵگرت بوو بە مەرجێک دژایەتیراپەڕینی گەل نەکەن کە ئەمەش ئاکامی باشی هەبوو لە ماوەیەکی کورتدا نزیکەی هەموو کوردستانی باشوور بە کەرکویشەوە ئازاد کرا هەر تایبەت بەو باسە هەندێک جار ئێستاش عەرەبەکانی عێراق کەباسیریشەکێش کردنی بەعس دەکەن و باسی ململانێکانی خۆیان دەکەن تایبەت بەوکەیسەو ئاشتەوایی نیشتمانی لە عێراقدا باسی ئەو هەنگاوەی کورد دەکەن وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو.

بۆیە هەر تایبەت بە لێبووردەیی پێویستە ئەو بڵێین کارەساتی گەورە لێبووردن و لێبووردەیی گەورەی وەکو خۆی گەرەکە باوەکو جووەکان نەکەین کە د.ئازاد حمە لە کتێبی مانڤێستی دژە گەندەڵی دەڵێت: (جووەکان لەرێگەیرونکردنەوەی هۆلۆکۆستەوە هۆلۆکۆستی تریان ئەنجام دەدا بەرەنجامیش لە بری ئەوەی ببنە فاکتەرێک بۆ بنەبڕکردنی هۆلۆکۆست بوون بە ئامرازێک بۆ دروستکردنی هۆلۆکۆستی پێچەوانە).

### ڕەگەزپەرستی و جینۆساید

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی زۆرێک لەو جینۆسایدو قڕکرن و سڕینەوانەی یەکتر بدەینەوە لە سەد ساڵیرابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئەو پرۆسانە لە نەژادپەرستی و ناسیۆنالیستی کوێرانەو تەنانەت ئاینیش سەرچاوەی گردوەو کارەسات و جینۆسایدی بەرهەم هێناوە هەرلە قەتلوعامی ئەرمەنەوە بە دەستی

تورکە عوسمانیەکان و قڕکردنی جووەکان بە دەستی نازیە نەژادی ئاری پەرستەکان و ئەنفالی کورد بە دەستی بەعسیە عروبیەکانی عێراق و هێرشی سربەکان بۆ سەر بۆسنیەکان و زۆر نموونەی تر لە ئەفریقیاو ئاسیاو ئەمریکای لاتین و شوێنی تریش هەن کە گەواهیدەری ئەمراستیەن.

لە هەموو ئەو تاوانانەوە بەو ئاکامە دەگەین کە ناسیونالیزمی کوێرانەو توندڕەوریێخۆشکەرن بۆ جینۆسایدو لەناوبردنی بە کۆمەڵ و هەروەها لەو شوێن وناوچانەشرووەدا کە ئێتنیک و تاقم و پێکهاتەی جیاجیای تێدایە بە نموونەرووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی عێراق و سوریا و سەرهەڵدانی تیرۆری داعش و چارەسەر نەکرنی کێشەو قەیرانەکانی ناوچەیرۆژهەڵاتی ناوین زەمینەی لە بارو گونجاون بۆجینۆسایدو قڕکردنی مەترسیدارتر, ئەمەش نەک بەم پێکهاتانەی ئێستاو بەم چین و تاقمە سیاسیانە و چارەسەر ناکرێت بەڵکو هەوڵ و کۆششیراستەقینەی نێو دەوڵەتی گەرەکە.

***ئەنفال و نەزمی دووجەمسەری جیهان***

ئەنفال لە کاتێکدا ئەنجامدرا لە ساڵی ((١٩٨٨))عێراق و ئێران لە جەنگێکی هەشت ساڵەدا بوون و شەڕی ساردی نێوان هەردوو جەمسەری ململانێ لەجیهان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەو پەڕی کێبڕکێ و لە دواترلە ساڵی ١٩٩١ بە بەرژەوەندی ئەمریکا یەکلایی بووەوە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوەو کە ئەمە باسێکی ترە و لێرەدا بواری باس کردنی نیە,ئەوەی مەبەستم بوو لە سایەی ئەو نەزمەدا کە هەموو وڵاتانی جیهانیان لە نێوان هەژموونی خۆیان بەشکردبوو ئیتر هەر تاوان و جینۆسایدێکیش بکرایە بە کاروباری ناوخۆی وڵاتان وەسف دەکرا هەر هەڵوێست وکاردانەوەیەک بەرامبەر ئەو تاوانانە بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان دەدەنراو کڕوکپی لێدەکرا کە ئەنفالیش لە ئاوا بارودۆخێکدا جێبەجێکرا.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە زۆربەی ئەو جینۆسایدو قڕکردنانەی کە ئەنجام دراون یان وڵاتی گەورەی وەکو ئەڵمانیا خۆی ئەنجامی داوە یان وڵاتی گەورەی وەکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خۆی قەتلوعامی ئەرمەنەکانی کردووە یان بە بێدەنگی و چاو نووقاندن و پشتیوانی ئەوان کراوە. بۆیە دەخوازێ نەزمی نوێ ی جیهان نەتەوە یەکگرتووەکانرێکخراوە ناحکومیەکان حزبە گەورەکانی جیهان چالاکوانان ناوەندەکانی لێکۆلینەوە و کاربۆ ئەوە بکەن کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پابەند بکەن بە پاراستنی هەموو کەمینە نەتەوەیی ئێتنیکیەکان بە یاساو میکانیزمی گونجاو.

هەرچەندە ئەنفال ئەو مەرگەساتە پڕ ئێشە بووە ماک و هەوێنی راپەڕین دوای سێ ساڵ بەڵام مەخابنراپەڕینیش سەرەڕای دەستکەوتەکانی ((گەندەڵی)) لە هەناویدا سەری هەڵدا کە دزێوترین دیاردەیە و هەروەکو عەبادی لە دیداری سلێمانی زانکۆی ئەمریکی دا وتی گەندەڵی لە تیرۆر مەترسیدارترە بەڵی منیش دەزانم مەترسیدارترە بەڵام بۆ دۆکومینت کردنی ئەو دیاردەیە ناوی دەبەم سەرۆک وەزیرانی هەرێمیش پێش چەند ساڵێک وتی گەندەڵی بووە بە کەلتوور ئەمە مەترسیەکانە ئەمە بێدەستەڵاتی و پەند وەرنەگرتنە لە مووسیبەتەکان بۆیە ئەگەر تازووە خەمی ئەو دیاردەیە نەخۆن گەندەڵی لە هەموو مەینەت و تاڵییەکانی مێژووی کورد زیاتر ئێستاو داهاتووی کورد دادەڕزێنێت چونکە گەندەڵی هەموو بەها و پرنسیپ و پیرۆزییەکانی گەل و نیشتمان لەکەدارو شەرمەزار دەکات چونکە پێچەوانەی هەموویانە گەندەڵی.

ماوەتەوە بڵێم سەرنج و تێبینی زۆر گرنگ و وردم ماوە بیلێم لەسەر ئەم کارەساتە نەتەوەیی و مێژووییە بەڵام ئێستا نەکات و نە کۆمەڵگای کوردی و نە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گونجاو نیە با بمێنن و بەو هیواییەی لە داهاتوودالە کەشێکی لەبارتردا قسەی لەسەر بکەین.

ژ. ٧٢٥٢ لە ٢٠١٧/٤/٢٧

# پرۆسەی سیاسی عیراق

پرۆسەی سیاسی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد بە داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە هەروەکو ئەمریکیەکان خۆیان بە یاسا ئەمەیان دۆکۆمینت کردووە و ئیدارەی مەدەنیان بۆدانا، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت تیشکی بخەمەسەر ئاکامی ئەو پرۆسەیە بۆ وای بەسەرهات بۆ عیراق لەوساوە لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی قورسترو گورچکبڕتر مل دەنێت؟

سەرەتا دەبێت دان بەوراستیە تاڵەدا بنێین کە ئەم پرۆسەیەو گۆڕانکاریانە ئاکامی گۆڕانکاری و پێشووەچونی سروشتی کۆمەڵگای عیراقی نەبوون بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بەڵکو ئەم پرۆسیسە خواست و ئارەزووی هێزگەل و ناوەندگەلێکی دەرکی ناسراو بوون بە سەر عیراقیاندا سەپاند بە بێ بوونی پلان و پرۆگرامێکی وردو زانستی و ئاڵتەرناتیفێکی گونجاو و سیکیۆلار کە بتوانێت ئایندەی گەلانی عیراق مسۆگەر بکات بۆ پێکەوە ژیان و کۆتایی هێنان بە لاپەڕەرەشەکانی توندوتیژی و خوێنرشتن لە عیراقدا.

لە هەمان کاتدا کەباس لە عیراق و پرۆسە سیاسیەکەی دەکەین، نابێترابردووی خوێناوی پێنج هەزار ساڵیرابردوو لەبەرچاو نەگرین کە مێژوویەکە سەرتاپای خوێنی لێدەچۆڕێت لە هەموو قۆناغەکانیدا لە ناوچوونو وێران کردنی دەیان شاری گەورەو دروستکردنی گردو تەپۆڵکە بە کەلەسەر و لافاوی خوێن و مرەکەب و هەڵواسین لاشەی قوربانیەکان و شێواندنیان دەیان و سەدان نموونەی تر لەم بابەتە لە دوو توێ ی لاپەڕەکانی مێژوی عیراقدان.

بەڵێ ئێستای عیراق بێگومان کاریگەری ئەو مێژووە خوێناوییەی بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر بەسەرەوە ماوە هەر بۆ نمونە سەرهەڵدانی داعش ورووداوەکانی شەنگال و کردەوە تیرۆریستیەکانی شارەکانی تری عیراق وروداوەکانی ئەم دواییەی خورماتوو بەڵگەو گەواهی حاشا هەڵنەگرن.

لەلایەکی ترەوە مێژووی تازەی دەوڵەتی عیراق لە سەدەیرابردوودا و بە تایبەتی سەردەمی بەعس پڕە لە گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەنفال و کیمیاباران و پاکتاوی ئێتنیکی وکۆچی زۆرەملی و گەلێک تاوانی تر، بەڵام لە ئێستادا ئەم پێکهاتانە کۆکراونەتەوە لە ژێر چەتری پەرلەمان و حکومەتی عیراقدا پرۆسەی سیاسی عیراق ئامانجی بوو بە تایبەتی لە دوای نووسینی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ وراپرسی کردنی گەلی عیراق و پەسەندکردنی بەرێژەیەکی باش کە ئەم پێکهاتانە لاپەڕە رەشەکانیرابردوو هەڵبدەنەوەو

بیپێچنەوەو ژیانێکی نوێ ورۆژێکی نوێ دەست پێبکەن  بە هاوبەشی هەموو لایەک لە پێکهاتەکانی وڵات.

***بەڵام پرۆسەکە بۆ  نەگەیشتە ئاکام؟***

ئەگەرچی سوونەکان لە سەرەتاوە بایکۆتی پرۆسەکەیان کرد و ئەمەش بووە ناتەواوییەکی گەورە بۆ پرۆسەکە کە سوونەکان دوایی باجی قورسیاندا لەو پێناوەدا، کە بووە هۆی نەسازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەرت بوون دابەشبوون بۆ تاقم و گروپی دژبەیەک، کە هەموو ئەمانەش تاقمێک لە سیاسی بەرژەوندخوازی هێنایە ئاراوە کە بە یاسا دەستکەوت و ئیمتیازات بۆ خۆیان ببڕنەوەو و گەل و ئێش و ئازارەکانیان نەبینن و نەبیسن.

پشتگوێ خستنێکی روون و ئاشکرای هەموو سکتەرەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و پشت بەستن بەتاکە سەرچاوەی نەوت بۆ بوودجەی وڵات کە ئەمەش کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم گۆڕانکای دیموکراسی.

بڵابوونەوەی دیاردەی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوەو بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتایەکان و پێشێلکاری گەورەی مافەکانی مرۆڤ و  لەوانەش گرنگتر  نەبوونی کەلتووری دیموکراسی لە ناو کۆمەڵگای عیراقدا و کەئەمەش بووە هۆی قووڵتر بوونەوەی زیاتری ناکۆکیەکان.

بابەتێک کە زیاتر کاریگەری بووە لە سەر قەیرانەکانی عیراق ئەویش دەستوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی و دەرودراوسێکانی لە کاروباری ناوخۆیی عیراق کە ئەمەش ناکۆکیەکانی زیاتر قووڵتر کردەوەو لێکترازانی گەورەی لێکەوتەوە.

جێبەجێ نەکردنی دەستووری عیراق چ ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە چ لە مادەی ١٤٠ و بابەتەکانی نەوتو غازو دامەزراندنی دامودەزگاکانی فیدراڵی.

لایەنە سیاسیەکانی عیراق زیاتر بەرەو بەشبەشێنەی تائیفی و ئتنیکی هەنگاویان نا و کە ئەمە ش پێچەوانەی پرنسیپی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی بوو.

لە کۆتاییدا گرنگ و پێویستە ئەوەش بڵێین کە دەستووری عیراق پرەنسیبی جیاکردنەوەی هەرسێ دەستەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری چەسپاندبوو بەڵام دواتر لە مەیدان پراکتیکی سیاسی دا دەرکەوت کە دەستوەردانیراستەقینەوەو بەرچاو هەیە لەو دەستەڵاتانەدا.

ژ. ٧٤٥٦   لە  ٢٠١٧/١٢/٣١

# عیراق لەبەردەم قەیرانی ئاودا

سەرەڕای قەیرانە گورچکبڕەکانی عیراق هەرلە تیرۆرو گەندەڵی و پێکنەهاتنی پێکهاتەکان لەسەر فۆرمێکی گونجاو لە چوارچێوەی دەستووری عیراقدا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، قەیرانی سەرچاوەکانی ئاوو وشک کردنی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە بە تایبەتی ئێران و تورکیا بەر دەرگای بە عیراق گرتووەو پێدەچێت لە ساڵانی ئایندەدا کێشەیراستەقینە بن.

ئەم ترسەلە خۆڕا نەهاتووە بەڵکو ئەوەی ناوەندەکانی چاودێری سەرچاوەکانی ئاو لە جیهان و ناوچەکە ئاماژەی پێدەکەن و پێشبینی دەکەن ئەوەیە کەتا ساڵی ٢٠٤٠ عیراق دەبێتە وڵاتێکی بێرووبار و هەردوو زێی (نەمر) دیجلەو فورات کە لەرابردوودا وای پێ دەوترا ئیتر دەمرن و ناگەنە شەتولعەرب و ناگەنە کەنداوی عەرەبی و دەریا و بە تایبەتی لە هەشت ساڵی ئایندەدا واتە تا ساڵی ٢٠٢٥رووباری فورات بە تەواوی وشک دەبێت و سەرەتا ی وشکەساڵیەکی گەورە سەرهەڵدەدات وررووباری دیجلەش دەبێتە زێ یەکی بچووک و باریک.

بەڵێ عیراق لە ئێستادا رووبەڕووی کەمبوونەوەو دابەزینی سەرچاوەکانی ئاو دەبێتەوە تارادەی وشککردن بە شێوەیەک کە کەلە سێ دەیەیرابردوودا بە تێکڕا نیوەی ئاوی عیراق لە دەست دراوە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەیرابردوودا خاوەنی بووە.

لەلایەکی ترەوە لە دەساڵیرابردوودا لە ٨٠٪ ئەو بڕەئاوەی کەلە سەرچاوەکانی ئێرانەوە دەڕژانە خاکی عیراقەو لە دەستچوون بە هۆی بڕینی زیاتر لە ٣٥ زێ ی سەرەکی و سەرچاوەی ئاو بە گوێرەیراپۆرتی کۆمیتەی کشتوکاڵ وئاوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەروەهاراپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە لە ئێستادا تەنها حەوت زێ و سەرچاوەی ئاو ماوەلە ئێرانەوە، کە حکومەتی ئێران لە هەوڵی ئەوەش دایە کە ئەوانیش ببڕێت چ بە بنیاتنانی بەنداو پڕۆژەی ئاودێری.

هەردەربارەی ئەو سەرچاوە ئاویانەی کەلە ئێرانەوە دەڕژێنە خاکی عیراقەوە پێمباشە زیاترروونی بکەمەوە، ئێران لە هەنگاوێکی یەکلایەنەرێڕەوی هەردووررووباری کارون و ئەڵوەندی گۆڕی کە زیانی زۆری بەڕووبەرێکی زەوی کشتوکاڵی بە پارێزگاکانی بەسرەو واسیت و دیالە گەیاند لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئێران لە ساڵی ٢٠١١ بڕیاری بنیادنانی ١٥٢ بەنداوی داوە کە بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی

ئەو ئاوانەی کەدەڕژێنە ناو خاکی عیراقەوە.

سەرچاوەیەکی تری ئاوی عیراق لە تورکیاوە دەهات کە هەوڵدەدەین لێرەدا بە کورتی تیشکی بخەینەسەر :

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣رووخانیرژێمی عیراق سەرقاڵبوونی عیراق و عیراقییەکان بە کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان شەڕی تائیفی و تیرۆر هەروەها لە سوریاش لە ساڵی ٢٠١١ ەوە سەرهەڵدانی روداوەکانی بەهاری عەرەبی وقەیرانەکانی ئەو وڵاتەو شەڕی ناوخۆیی، تورکیا بەتەنها دەستی گرتووە بە سەر هەموو سەرچاوەکانی ئاوەو کۆنترۆڵی کردووەوبە سیاسەتێکی زۆردارانەو ناڕەواو دوور لە هەموو یاسا وریسا نێو دەوڵەتیەکان ئەویش بە دامەزراندن و بنیاتنانی زۆر پڕۆژەی زەبەلاح و قەبە کە زیاتر لە ١٧٠٠ بەنداو دەریاچەی دەستکردخۆی دەبینێتەوە هەر لەبەنداوی ئەتاتورک و ئەلیسۆ و سیرز و تا بەرنامەی G A P.

ئەگەرچی لەرابردوودا پەیماننامەیەکی جێگیر لە نێوان عیراق و تورکیادا هەبوو کە تورکیا تێکڕا ١٥,٧٥ملیار مەتر سێجا واتە ٥٠٠ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا بۆ عیراق دابین بکات دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ عیراق و سوریا گەیشتنەرێککەوتنێک بۆ دابەشکردنی ئاو لە نێوانیاندابە شێوەیەکی دادپەروەرانە کە ٥٨٪ بۆ عیراق و ٤٢٪ بۆ سوریا بێت ئیتر لەو کاتەوە سەرەڕای گۆڕانکارییەکان لەناوچەکەدا هیچرێککەوتنێکی نوێ لە نێوان ئەم سێ وڵاتەدا واژۆ نەکراوە بۆ دابەشکردنی ئاو.

هەرچەندە لە ساڵانیرابردوودا ئێمە زۆرجار گوێبیستی لێداوانەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا بووین کە دەیان وت ئەوان چلۆن نەوتەکەیان دەفرۆشن ئێمەش ئاویان پێدەفرۆشین کە ئەمەش ماناو مەدلولی خۆی هەیە جگە لەوەش بەرنامەی G A Pی مەزن ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە کە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەیە لە تورکیا بۆ دامرکاندنەوەی ململانێکانی ناوچەی باشوریرۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ و ئاسایشی ئاو خۆراکی عیراق و سوریا.

لەلایەکی ترەوە هەموو ئەو پڕۆژانەی تورکیا هەڕەشەی گەورەن بۆ سەرئایندەی عیراق هەڕەشەیەک وەکوراگەیاندنی شەڕ وایە چونکە تورکیا کەڵکی لەلاوازی دەوڵەتی عیراق وەرگرتووە لە ئێستادا لەچەند شوێنێکی جیاوە سەروەری عیراقی پێشێلکردووە بە شێوەی سەربازی چووەتە ناوخاکی عیراقەوە.

ژ. ٧٥٢٢ لە ٢٠١٨/٣/٢٥

# بەرەو هەڵبژاردنی گشتی عیراق

دوای پازدە ساڵ لە پرۆسەی ئازادی عیراق واتە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە عیراق زۆرترین پرۆسیسی هەڵبژاردن و دەنگدانی بەخۆیەوە بینیوە بە تایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨چ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان و جگە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

لە ئێستادا وا بەرەو هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەڕۆین بۆ خوولی چوارەم لە بارو دۆخێکی ئێجگار جیاواز لە جارانی پێشوو ئەگەر جاران شیعە بە یەکگرتووی یەک لیستی بەهێز بەشداری پرۆسەکە دەبوون ئەوا ئەمڕۆ بە لیستی جیاجیا و بەرنامەی جیاواز و ئەجندای جیاوازەوە خۆیان سازداوە، سوونەکانیش بە هەمان شێوە سەرەڕای وێران بوونی بەشی زۆر شارە گەورەکان و ناوچەکانیان و ئاوارەبوونی زۆر دانیشتووانەکەی و گلەیی و گازندەی زۆریان لە ئامادەنەبوونیان بۆ هەڵبژاردن بەڵام هەڵبژاردن بووە دیفاکتۆ و ١٢ /مایس ئەنجام دەدرێت.

کوردیش لە ئێستا دا بەهەمان دەردی ئەوان چووە یەکەمجارە لە دوای مەرگی کاریزما و سەرکردەکانی وەکو مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و دەرنەکەوتن و دوورە پەرێز بوونی مەسعود بەرزانی لە پرۆسەکە بە وتارو ئەجندای جیاوازەوە بەرەو هەڵبژاردن هەنگاو دەنێت.

***زۆرینەی سیاسی***

ئەو تێزەی لەماوەیرابردوودا لە ناو پێکهاتەی شیعەدا سەری هەڵداوەو بە دیاری کراوی لەلایەن قەوارەکەی نوری مالیکی (دەوڵەتی یاسا) و سەرۆک وەزیرانی دوو خوولی پێشوو ئەمینداری حزبی دەعوەی ئیسلامی پاڵپشت دەکرێت و ئۆباڵی هەموو کەموکوڕی و قەیرانەکانی حوکمڕانی لە عیراقدا دەخاتە مل سازان و پشک پشکێنەی ئێتنیکی نێوان پێکهاتەکانی عیراق و چارەسەرو پێشنیاری زۆرینەی سیاسیە.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە دابەشبوونی نەخشەی سیاسی لایەنە عیراقیەکان لەسەر بنەمای تائیفی و ئێتنیکیە و زۆرینەش ئاینزای شیعەیە کە حزبەکەی مالیکی خۆی بە دەمڕاست و خاوەنیراستەقینەی دەزانێت و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە سەرۆک وەزیران لای ئەوان بووە لە ئاوا پێشهاتێکدا ئیتر جێگەی پێکهاتەکانی تر لە

عیراقدا نابێتەوە لە ئامادەنەبوونی حزب و لایەن و هێزی نیشتمانی و سیکۆیلارو پێشکەوتنخوازو دیموکراسی  کە سنووری تائیفە و ئێتنیکی بڕیبێت و بڕوای بە پێکەوەژیان و جیابوونەوەی دین لە دەوڵەت و سەروەربووونی یاسا و یەکسان بوونی هەموو پێکهاتەکان لە بەردەم یاسادا.

***ئۆپۆزسیۆن***

خاڵێکی تری گرنگ زۆر هەستیار کە دەکرێت لە سەری بووەستین ئەوەیە لە پازدە ساڵیرابردووی حوکمڕانی لە عیراقدا هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە سەرگەرمی بەشداری کردن لە دەسەڵاتدا بوون و شەیدای چێژو ئیمتیازو پلەو پایە و دەستکەوتی مادی و مەعنەوی بوون بۆخۆیان و حزبەکانیان ئەمەش کەمایەسی و لاسەنگیەکی گەورەی سیستمی دیموکراسیە کەوای کرد جۆرێک لە هاوبەشی و سازان وریکەوتن و چاوپۆشی کردن لە یەکتربەرامبەر زۆر دۆسێی گەورەورەشی گەندەڵی کە گەلی عیراق باجەکەی دا لەرابردوودا.

بۆیە ئەوەی گرنگ و زۆر پێویستە لە خوولی داهاتوودا بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن پێکبهێنرێت لە هەموو پێکهاتەکانی عیراق بۆ ئەوەی ببنە چاودێرێکی وردو نەترس بەرامبەر هەموو پێشێلکارییە دەستووری و مالی و بابەتەکانی تریش لەگەڵ داموودەزگا چاودێری و دەستپاکییەکانی تری دەوڵەتدا چونکە پرۆسەو هاوکێشەی حوکمڕانی بە بێ ئامادەبوونی ئۆپۆزسیۆن لاسەنگ و ناتەواوە.

***پێکهێنانی کابینەی داهاتوو***

ئەوەی پێدەچێت ئەمجارە قورستر و پڕژانتر بێت لە دایکبوونی کابینەی داهاتووی حکومەتی عیراقە ئەگەر کابینەکانی پێشووتر لە پایتەختەکانی دەرەوە  نەخشەی بۆ دەکێشرا بە زۆر بەیەکەوە دەلکێنرا، ئەمجارە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و کێشەو ململانێکانی ئەمریکا و ئێران  و دوای پێشهاتەکانی سوریا و ئیدارەیەکی نوێ لە ئەمریکا و دەستبەکاربوونی زۆرێک لە هەڵۆ و بازە توندڕەوەکان لەناو ئیدارەی ترەمپ  ئەمجارەی سازان لە نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر دۆسێی عیراق کارێکی ئاسان نابێت و ئەمریکیەکان بوار بە بەشداری بە لایەنی ترنادەن و خۆیان بە تەنیا چارەنووسی عیراق دیاری دەکەن کە ئەمەش بێ گێرەو کێشە نابێت.

ژ . ٧٥٥٨  لە  ٢٠١٨/٥/٦

# عەبادی باجی گەندەڵی دا

ئەگەرچی دکتۆر حەیدەر عەبادی و لیستەکەی بۆ هەڵبژاردنی گشتی عیراق بە ناوی لیستی سەرکەوتن (النصر) ناوەزەند کردبوو بە پشت بەستن بە ئەو سەرکەوتنانەی کە هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی و کوردو هەموو هێزەکانی تری عیراق و بەکۆمەکی ئێران بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام دا بە دەستی هێنا بوو لە هەمان کاتدا لێدوانەکانی بۆ لەناوبردنی هەوڵی جوداخوازەکان کە مەبەستیریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بوو کە خۆی لە گێڕانەوەی کەرکوک و هەموو ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و خۆنمایشکردن وەکو پاڵەوانی سەرکەوتووی دوو جەنگ تیرۆر و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق.

بەڵام هەر دوایراگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان دەرکەوت ئەو دروشم و بانگەشانە فریای عەبادی نەکەوتن هەرچەندە لەلایەن ئەمریکاو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە پشتیوانی لێدەکرا،سەرەڕای ئەوەی هەوڵی دابوو لیستەکەی سنووری تائیفیەت و ئێتنیک تێبپەڕێنێت بە بەشداریکردنی سونەو شیعەو کوردو تورکمان کەچی نەبوو بە هێزی یەکەم و لیستی سائرون ی نزیک لە مقتەدا سەدر و لیستی فەتح ی هادی عامری کە هەموو باڵەکانی حەشدی شەعبی لە خۆ دەگرێ پێشی کەوتن.

### ***بۆ پێش نەکەوت؟***

دەکرێ بپرسین دکتۆر عەبادی ئەو ئەندازیارە کارەباییە کە لە زانکۆی مانچستری بەریتانیا خوێندنی تەواو کردبوو یەکێک لە سەکردەکانی حزبی دەعوە بوو کە ساڵانێکی زۆر لەریزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقدا بوو بۆ نەیتوانی متمانەی دەنگدەرانی عیراق بە دەست بهێنێت بە پلەی یەکەم؟

١. هەرچەندە عەبادی لەسەرەتای دەست بەکاربوونی وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق بەڵێنی ئەوەی بە گەلانی عیراقدا کە بەهەموو تواناکانیەوە بە گژی گەندەڵیدا بچێتەوە ئەگەر سەریشی دانابێت، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە نەیتوانی ئەو بەڵێنەی بە جێبهێنێت هەرچەندە زۆرکەس و لایەن ئەو گەواهیەی بۆ دەدەن کە ئەو ساڵانەی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانیش بووە دەنگێکی دلێرو بەرز بووە بەرامبەر گەندەڵی بەڵام وادیارە پێکهاتەی حکومەت و لاوازی پێگەی لە نێو حزبی دەعوەدا ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخسان بەربە تەوژمی توندی

گەندەڵی و گەندەڵکاران بگرێت.
٢. خاڵێکی تری گرنگ و هەستیار کەرێگربوو لە پێشکەوتنی لیستەکەی عەبادی بوونی چەندین دەمووچاوو سەری دیاری حزبی دەعوە کە لە ساڵانیرابردوودا هاوبەشی دەسەڵات وئیمتازات و گەندەڵیەکان بوون لە هەمانکاتدا لیستەرکابەرەکانی دەیان دەمووچاوو سەری لاو نویێ یان لە خۆ گرتبوو.
٣. خاڵێکی تر ئەو هاوپەیمانێتیە بوو کە کە سەرەتا لەگەڵ لیستی فەتح ی هادی عامری کە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی ورەوتی حکمەی عەمار حەکیمی لەخۆ دەگرت پێکهێناو دواتر هەرەسی هێنا لە ژێر کاردانەوەو ناڕەزایتیەکانی شەقامدا.

***ئازایەتی***

ئەو خاڵەی کە زیاتر جێگەی مشتومڕ و گێرمەو کێشەیرکابەرەکانی بوو نەبوونی ئازایەتی و خواستی بەهێز بۆ بە گژاچوونەوەی گەندەڵی و لەرەگوریشە هەڵکەندنی سەرەڕای بەڵێنەکانی نەیتوانی بیانخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەرلە سەردەمی حوکمڕانی ئەودا یاسای لێبووردنی گشتی دەرچوو کە بواریرەخساند کە زۆر لە ماڤیاکان و دەستەو تاقمە ساختەچی و گەندەڵەکان کەماڵی گشتیان تاڵان کردبوو لە سزاو لێپرسینەوە دەرباز بن و بگرێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان هەمانرۆڵی پێشووتریان ببینن.
بەڵێ عەبادی نەیتوانی بەر بەو تەوژمەرێکخراو و بەهێزەی گەندەڵی بگرێت سەرەڕای پشتیوانی مەرجەعیەتی شیعە کە خۆی لە سید سیستانی دەبینێتەوە جگە لە پشتیوانی بە هێزی شەقامی عیراقی هەرچەندە لە چەندین بۆنەی جیاوازدا بەڵێنی ئەوەی دابوو کەچۆن بەسەر تیرۆرو تیرۆریستاندا سەرکەوتین ئاواش بەسەر گەندەڵی و گەندەڵکاراندا سەردەکەوین.
لەلایەکی ترەوە هەندێک لە چاودێرانی دۆخی عیراق لەو بڕوایەدان مانەوەی عەبادی لەریزەکانی حزبی دەعوەدا هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی کە نەتوانێت متمانەی خەڵکی عیراق بەدەست بهێنێت و لەڕیزی پێشەوە بێت.

ژ. ٧٥٧٠ لە ٢٠١٨/٥/٢٠

# کابینەی نوێی حکومەتی عیراق

لە دوایراگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق بە بەشداری٢٠٥ قەوارەی سیاسی کە خۆی لە ٦٩٩٤ کاندید لە نێرو مێ لە ١٨ بازنەی هەڵبژاردن لە ناوخۆی وڵات و لە ١٩ بنکەی دەنگدان لە دەرەوەی وڵات بۆ پڕکردنەوەی ٣٢٩ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران.

ئێستا هەموو چاوەکان لەسەر بەغدا و نەجەفە بەتایبەتی سەید موقتەدا سەدر ئەو کەسایەتیە ئاینیە کە سەرەتای ژیانی سیاسی لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بە گژی ئەمریکیەکاندا چوو وەکو داگیرکەر تەماشای دەکردن لە کاتێکدا ئەوانی تر بەرزگارکەر و فریشتەیان دەزانین.

سوپای مەهدی دامەزراند و دواتر هەڵی وەشانەوە ئەگەرچی ئەم کاراکتەرە بەرگ و عەبای تائیفی لەبەردایە، بەڵام دروشم و خواستی نیشتمانی هەیە و تەنیا کەسی شیعەیە چوو لە مەرقەدی شێخ عەبدولقاری گەیلانی سوونەکان نوێژی موەحەدی کرد لەگەڵ سوونە، دژی میلیشیایە و خۆی سەرایای سەلامی هەیە لەوانەش سەرنجڕاکێشتر دوژمنی سەرسەختی گەندەڵی و بەتاڵان بردنی ماڵی گشتیە هەرئەمەش بوو کەوای کرد لەم هەڵبژاردنەدا پێشی لیستەرکابەرەکانی بکەوێت بەرای من.

### کابینەی نوێ

ئەوەی گرنگە گەلانی عیراق بە هەستیارێکی زۆر سامناکەوە چاوەڕوانی لە دایک بوونی حکومەتێکی نوێن دەپرسن و دەترسن ئایا وەکو جارانی پێشووتر لە پایتەختەکانی دەرەوە بڕیاری لەسەردەدرێت یان ئەوەی سەید موقتەدای سەرکردەی گەنج دەیڵێت، ئێمە خاوەن بڕیارو خواستی سەربەخۆی خۆمانین دروستە؟ ئەی سەردانە کتوپڕەکانی نوێنەرانی ئەمریکا و ئێران بۆ بەغداد هەررۆژی دوای ١٢ مایس چیمان پێدەڵێن؟

ئاڵۆزی و قورسی بارودۆخەکە هەر ئەوە نییە کە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دەریخستووەو و نەخشەیەکی سیاسی نوێی هێناوەتە ئاراوە بەڵکو ئەو دۆخە پڕ مەترسییە یە کە عیراق و ناوچەکەی پێدا دەڕوات دوای کشانەوەی ئەمریکا لەرێکەوتننامەی (٥+١) لە گەڵ ئێران کە بێگومان کاریگەری نیگەتیف وراستەوخۆی لە سەر دۆخی عیراق و پێکهێنانی کابینەی نوێ دەبێت.

ئەگەر چی سەرکەوتنی لیستی سائرونی نزیک لە موقتەدا سەدر جێگەی خۆشحاڵی نە ئەمریکاو نە ئێرانە، بەڵام هیچ کام لەوان هێڵی سووریان لە سەری نییە لە بەرامبەردا سەدر هێڵی سووری لەسەر ئەمریکا و مالیکی و خەزعەلی و هەندێ لەو قەوارانە هەیە کە لە ئێرانەوە نزیکن.

سەدر لەرووی ناوخۆییشەوە وەکو لە تویتەکانی دا بڵاوی دەکاتەوە بە نیازە خۆی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عیراق دیاری بکات لەوانەی کە :-

١.هیچ تۆمەت و گومانێکی گەندەڵییان لە سەر نییە و ئەستۆپاکن لەورووەوە.

٢.دەستیان بە خوێنیرۆڵەکانی گەلی عیراق سوور نییە.

٣.باوەڕیان بە یەکپارچەیی خاکی عیراق هەیە.

هەموو ئەو خاڵانە شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن و پێناچێت لەم کاراکتەرانەی ئێستای سەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق و لە لیستە براوەکان بە دەگمەنیش خەڵکی وای دەست بکەوێت!

بۆیە پێش سازان و پێکهێنانی کابینەی نوێ چ لە ناوخۆی عیراق و چ لە دەرەوەش گرنگە سەید موقتەدا گرنتی و دڵنیایی دروست لە ئەمریکیەکان وەربگرێت بۆ چۆنێتی هەڵسووکەوت و هەماهەنگیان بۆ ئایندەی عیراق لە سیاسەتی ئەمریکادا، بۆ ئێرانیەکانیش لەمە ئاسانتر نابێت ئەوان عیراق بە قوڵایی ئیستراتیجی خۆیان دەزانن و ساڵانێکە کاری بۆ دەکەن.

لە کۆتاییدا من نامەوێت زۆر درێژەی پێبدەم ئەم بابەتە زۆر دەکێشێت و پێشتر قسەی ترم لەسەر کردووە و پێکهێنانی کابینەکانی پێشوو بەراوێژو هەماهەنگی ئەمریکاو ئێران نەیانتوانی عیراق بگەیەننە کەناری ئارامی، بەڵکو دەبێت ئێستا ئەوان و عیراقیەکان کە من ئێستا خۆم بە گومانم لە ئینتیمای هەموویان بۆ عیراق چونکەرابردوو ئەوەی سەلمان کە هەموویان دڵسۆز و پابەندی نەتەوەو تائیفەکانیانن زیاتر بۆ عیراق، بۆیە دۆخی عیراق لە هەموویان دەخوازێت کە بە ئارامی و دوور لە هەڵچوونەوە بڕیاری گونجاو بدەن و هەریەک لای خۆیەوە چەند هەنگاو پێپلیەکەیەک بێنە خوارەوە، چونکە دۆخی شێواوی عیراق و ناوچەکە بەرگەی هیچ سەرەڕوویی ملهوڕی و ململانێ یەکی نوێ ناگرێت.

ژ. ٧٥٧٦ لە ٢٠١٨/٥/٢٧

# ئەرکە قورسەکانی حکومەتی نوێی عیراق

وەکو هەموو لایەک ئاگادارین عیراق لە دوای هەڵبژاردنە گشتیەکانی ١٢ ئایاری ٢٠١٨ کە هێشتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان یەکلایی نەبووەتەوە و بە هۆی بوونی سکاڵاو گلەیی و گازندەی زۆرێک لە قەوارە سیاسیەکان لە سەرتا خواری عیراق لە سەر کۆی پرۆسەکە بەڵام وا چاوەڕوانی دوا بڕیاری دادگای فیدراڵی عیراق دەکرێت کە دوا بڕیاری لە سەر بدات.

لە کۆتایی هەر دەبێت لایەن و لیستە براوەکان هاو پەیمانی ئیئتلافی نوێ پێکبهێنن بۆ ئەوەی بتواننرێژەی ٥٠ +١ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی کابینەی نوێ پێکبهێنن خولێکی تری پەرلەمان و کابینەیەکی نوێ پێکبهێنن بۆ حوکمڕانی وڵات بۆ چوارساڵی ئایندە، لە کاتێکدا عیراق کە نوقمی قەیران و ململانێ ی قورس و تاقەت پڕۆکێن بوو لە ساڵانیرابردوو چ لە شەڕی تیرۆر و دەوڵەتی ئیسلامی داعشەوە بگرە تا کێشە و ململانێکانی نێوان هەرێم و ناوەند و دەردی گەورە و کوشندەی گەندەڵی کە لە تیرۆر مەترسیدارە بە قەولی دەوڵەتمەدار عەبادی کە خۆیشی کە زۆر بەڵێنی دا بە هەموو توانای بەگژیدا بچێتەوە بەڵام بە کردەوە هیچی پێنەکرا لە گەڵ ئەو پەتا شوومەدا.

ئێستا کە هێشتا عیراق لە گەڵ ئەو قەیران و گرفت و کێشە نالەبارو قورسانەدا گیرۆدە بووە و کابینەکەی پێشوو نەیتوانیووە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە حکومەتی نوێ کە هێشتاروون نیە کێ پێکی دەهێنێت و کێ سەرۆکایەتی دەکات و پێدەچێت لەدایکبوونەکەی هێندە ئاسان نەبێت لیستێکی تری کێشە و ئاریشەی نوێ ی بۆ خوڵقاوە کە باری کابینەی نوێ هێجگار قورستر دەکات.

### کێشە تازەکان

١. قەیرانی ئاو هەروەکوراگەیەنرا لە چەندرۆژێرابردوودا دەوڵەتی تورکیا بەنداوی ئەلیسۆی نزیک بە تەواوکردو دەستی بە کۆکردنەوەی ئاو کرد کە نزیکەی ٨٠٪ ئاویرووباری دیجلە و ٢٠٪ ئاویرووباری فورات کەمدەکاتەوە کە ئەمە گەورەترین کارەساتە بۆ عیراق کە وەکو بیبابانێکیرووت ورەجاڵی

لێدەکات، عیراق و حکومەتە نوێەکەی کە هێشتا لە دایک نەبووە چۆن دەتوانێت ئەم کێشە گەورە لە گەڵ تورکیادا یەکلایی بکاتەوە؟

٢. کێشەیەکی تر کە هەررۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتیەکانی عیراق ١٢ ئایارروویدا ئەویش کشانەوەی ئەمریکا بوو لەرێککەوتننامەی (٥+١) لە گەڵ ئێران کە ئەمەش لەسەر زاری سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ و هەموو هەڵۆ و بازەکانی ناو ئیدارەکەی دەیڵێن و دەیڵێنەوە کە قوورسترین جۆری سزای ئابووری فشاری تاقەت پڕۆکێن لە دژی ئێران پیادە دەکەن کە ئەمەش گەورەترین ململانێ ی سیاسی و ئابوری هەواڵگری و بگرە سەربازیشی لێدەکەوێتەوە کە پێدەچێت عیراق و دواتر سوریاش گۆڕەپان و شانۆی ئەو ململانێ یە بن.

٣. کێشەی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی ئەو ناوچە و پارێزگایانەی لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش ئازاد کران کە ئەمەش ئەرکێکی قورسە و تواناو وزەی پێویستی گەرەکە.

٤. گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و قەرەبوو کردنەوەیان ئەمەش کارێکی لەوانی پێشووتر ئاسانتر نیە.

٥. چارەسەرنەکردنی هەموو ئەوانەی سەرەوە نەگەڕانەوەی سوونەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و دابینکردنی کار بۆ بێکارەکان جارێکی تر زەمینە سازو لەبار دەکات بۆ سەرهەڵدانەوەی گروهو تاقمی توندئاژۆ و تیرۆریستی ترکە گەلی عیراق باجی قورسی دەدات جارێکی تر.

### ئەی چی بکرێت بۆ دەرچوون لەم تونێلە؟

بۆئەوەی عیراق لەم تونێلە تاریکە دەربچێت کە لە ئاسۆەوە هیچ هیواو ئومێدیک بەدیناکرێت پێویستە بگرێتەوە بۆ لۆجیکی عەقڵ و دەوڵەت و یاسا و دەستوور و گێڕانەوەی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتەکاندا بە شێوەیەکیراست و دروست و دوور لە هاوبەشی بەرژەوەندی پشکپشکێنەو بازرگانی و گەندەڵی کە هەموو جومگەکانی دەوڵەتی عیراقی گرتوەتەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە.

کە دەڵێین هاوسەنگی دەبێت کورد هاوبەشیراستەقینە بێت نەک مووچە و بوودجەکەی ببڕێت لە بەرامبەریشدا کورد پابەندی دەستور بێت دەبێت سوونەکانیش بە هەمان شێوە بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا نەک بە

بیانوویریشەکێش کردنی بەعس و مادەی چواری تیرۆر هەموو سوونەکان تاوانبارو تۆمەتبار بکرێن.

بەم شێوە عیراق دەتوانێت دەرگا دابخات لە دەستوەردانی دەرکی و ببێتەوە بە ئەندامێکی چالاک و خاوەن پێگەی خۆی لە ناو وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانیشدا و بە پێچەوانەوە دەبێتە دۆزەخێک بۆ خەڵکەکەی کەراکردن و کۆچکردن و کوشتن و بڕین زیاتر هیچی لێ سەوز نابێت.

ژ. ٧٥٨٨ لە ٢٠١٨/٦/١٠

# جارێکی تر
# قەیرانی ئاو لە عیراقدا

ئاو و ئاوەدانی زۆر لە مێژە کورد ئەم دەستەواژە و پەندە دەڵێتەوە بێگومان ئەمە بەڵگەنەویستێکی زۆر دروستە، ساڵانێکی درێژیشە وڵاتانی دراوسێی عیراق بە تایبەتی تورکیا و ئێران باس لە کارتی ئاو دەکەن و بە تایبەتی تر تورکیا لە چەند بۆنەی جیاوزدا وتویانە خەڵکی چۆن نەوتەکەیان دەفرۆشن ئێمەش ئاوەکەمان دەفرۆشین.

***بەرایی سەرهەڵدانی قەیران***

ئەگەر لە ساڵانی پێشوودا هەر لە چوارچێوەی هەڕەشە و گووشار و لێدواندا فاکتەری ئاو لە لایەن ئەو وڵاتانەوە باس کرابێت ئەو ا ئەمڕۆ بە پراکتیکی و بەکردەوە خەریکە دەبێتە دیفاکتۆیەک کە لە ساڵانی داهاتوودا تورکیا و ئێران بە وردی کۆنترۆڵی هەموو  سەرچاوە ئاوییەکانی عیراق دەکەن کە بێگومان بە پلەی یەکەم هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە دواتر ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق کە ئەمەش بە تەواو بوونی بەنداوی ئەلیسۆ لە تورکیا کە ئێستا دەستیانکردووە بە گلدانەوەی ئاو و تەواو بونی زۆرێک لە بەنداوەکانی ئێران لەسەر ئەورووبارانەی کە ئاوەکەیان دەڕژێتە خاکی عیراقەوە.

ئاو ئەو سامانە سروشتیە گرنگ و پڕ بەهایە کە کاریگەری و رۆڵەکەی بە هیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە بۆ مرۆڤ و ژیان بەگشتی بە تایبەتی بۆ وڵات گەلێک کە کەش و هەواکەی وشک بێت  یان خاکەکەی بیابان بێت، بەڵێ ئاو کاریگەری هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرکارو پیشەو چالاکیەکانیان هەروەها فاکتەرێکی گرنگی گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابوری وڵاتە.

***سەرچاوەکانی ئاو***

بەشی زۆری سەرچاوە ئاوییەکانی عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئاوی ژێر زەوی یە  بەرادەیەکی کەم و ئاوی باران وروبارەکانە کە سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی عیراق و دراوسێکانی جواگرافیا تورکیا و ئێرانە

کە خۆی لە هەردووروووباری دیجلە و فوراتدا دەبینێتەوە کەرووباری فورات سەرچاوەکانی لە چیاکانیرۆژهەڵاتی تورکیاوەیە واتە لە باکووری کوردستانەوە و هەروەهاروباری دیجلەش لە باشووریرۆژهەڵاتی تورکیاوە بە هەمان شێوە سەرچاوە دەگرێت و هەر باکوری کوردستانە بەڵام لە ناو خاکی عیراقدا واتە لە هەرێمی کوردستانیش چەندرووبارێکی تر دەڕژێتە ناوی کە لە وڵاتی ئێرانەوە سەرچاوەدەگرن کە ئەویش بێگومان خاکیرۆژهەڵاتی کوردستانە ئەورووبارانەش زێ ی گەورەو زێ ی بچووک ورووباری سیراوان کە عیراقی عەرەبی پێدەڵێنرووباری دیالە.

### یاساورێسای نێو دەوڵەتی ئاو

هەرچەندە هەردووروووباری دیجلەو فورات بە دووروووباری نێو دەوڵەتی دادەنرێن چونکە سنووری وڵاتان دەبڕن بە تایبەتی فورات کە سنووری سێ وڵاتی تورکیا و سوریا و عیراق دەبڕێت و دیجلەش سنووری تورکیا و عیراق دەبڕێت، بۆیە بە گوێرە یاسای نێو دەوڵەتی لە ئاوا بارودۆخێکدا دەبێت ئەو وڵاتەی سەرچاوەی سەرەکی ئاوەکەیە نابێت تاک لایەنە هیچ پڕۆژەیەک ئەنجام بدات بە بێ‌ڕێکەوتن و هەماهەنگی لە گەڵ وڵاتانی تر کەرووبارەکی پێدا دەڕوات کە هاوبەشن تێیدا کە تورکیارەتی دەکاتەوە ئەوروبارانە نێودەوڵەتی بن.

### فاکتەرەکانی قەیرانی ئاو لە عیراقدا

سەرەڕای ئەوەی عیراق خاوەنی چەندینرووبارو سەرچاوەی ئاوی گرنگە بەڵام وا ساڵانێکە خەریکە گیرۆدەی قەیرانێکی سەختی ئاو دەبێت سەرەڕای قەیرانە قورسەکانی تری حوکمڕانی کە ئەمەش کاردانەوەی نێگەتیفی دەبێت لەسەر هاوڵاتیانی عیراق بەڕادەی جیاواز لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر چ لە بوارەکانی ئابوری و کشتوکاڵ و پیشەسازیش کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا کارێگەری زۆری هەبێت ئەگەر ئەم دۆسێ بە زانستی و بە ژیرانە مامەڵەی لە گەڵدا نەکرێت،دیارترینی ئەو فاکتەرانەش ئەمانەن :

١. گۆڕانکاری لە کەش و هەوای ناوچەکەو جیهان.

٢. دیاردەی (احتباس الحراری) ئەوەش بەرزبوونەوە پلەی گەرمای زەوی کوونبوونی چینی ئۆزون و ئەو بابەتێک و قەیرانێکی گەورەی جیهانیە.

٣. نەبوونی ستراتیجیەتێکی کارا بۆ بەڕێوەبردنی دۆسێی ئاو لە عیراقدا بە هەرێمیشەوە.

٤. هەروەهازۆربەی سەرچاوەکانی ئاوی عیراق لە دەرەوەی سنوورەکانی عیراقن کە وڵاتانی تورکیاو ئێران هەوڵدەدەن وەکو کارتی فشار بۆ ئامانجی سیاسی بەکاری بهێنن.

ژ. ٧٦٠٨ لە ٢٠١٨/٧/٨

# خۆپیشاندانەکانی عیراق
# کۆتایی پێبێنن
# پێش ئەوەی کۆتاییتان پێبێنم

خۆپیشاندان وریێپوان و گردبوونەوەوریکخستنی کەمپین هەریەکە لەمانەرێگەو و ئامرازێکن بە دەستی چین و توێژ و پێکهاتەکانی هەر کۆمەڵگاو گەلێک بۆ دەربڕینی نیگەرانی و نارەزایەتی بەرامبەر بە دەستەڵاتی سیاسی حوکمڕان لە هەمان کاتدا بۆ پشتیوانیش ئەگەر دەستەڵات کاری باش بکات یانرووبەرووی هەڕەشەو دەستدرێژی بێتەوە لەلایەن نەیاران دەرەکی و ناوخۆیی.

خۆپیشاندان جۆرێکە لە شێوازەکانی شارستانی ئامانجی بە دیهێنانی دادپەروەری وریفۆرمە لە ژیانی خەڵکیدا، بە گوێرەی دەستووری عیراقیش کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە نووسراوەوراپرسی لە سەرکرا نزیکەی ٨٠٪ گەلی عیراقیش بە بەڵێ دەنگی لە سەرداوە لە مادەی ٣٨ دا ئەو مافەی بۆ گەلی عیراق مسۆگەر کردووە کە ئازادیرادەربڕین بە هەموو شێوازێک چ گردبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانەو کە بە یاسارێکبخرێت و ئاشتی و ئادابی گشتی نەخاتە مەترسی یەوە ئەمە مافێکی بێ ئەملاو ئەولای گەلی عیراقە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە کەس ناتوانێت نکوولی لێبکات هەر هێز و لایەنێک بیەوێت سنوورداری بکات باجی قورس دەدات.

عیراق ئەگەرچی لە ٣٥ ساڵی فەرمانڕەوایی بەعسدا هیچ خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەکی ئاشتیانە و نارەزایەتیرێپێدراو نەبوو ئەگەرجارجارروویدابێت ئەوە شەلاڵی خوێن کراوەورێکخرەکانی بێسەروشوێن کراون جگە لەرێپێوان و پشتگیری بۆ خۆیان و شەڕ بەردەوامەکانی رژێم.

ئەوەی گرنگە من دەخوازم باسی بکەم خۆپیشاندانەکانی عیراقە لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تا بە ئێستا.

هەر لەساڵی ٢٠٠٣ ەوە لێرەو لەوێ خەڵکی عیراق خۆپیشاندان و نارەزایەتی یان پیشانداوە بەرامبەر بە نەبوونی خزمەتگوزاری بێکاری و گەندەڵی و بە فیرۆدانی ماڵی گشتی لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە، تەنانەت خۆپیشاندان دژ بە هەڵسووکەوتەکانی هێزەکانی ئەمریکاوە لە عیراق کە سوونەکان بە هێزی داگیرکەر ناویان دەبردن لە فەلووجە.

دواتر دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقیش ساڵی ٢٠١١ نارەزایەتی

و خۆپیشاندان دژ بە حکومەتی عیراق بە جۆرێک لە جۆرەکان لێرەو لەوێ هەر درێژەی هەبوو لە زۆرێک شارەکانی عیراق هەر لە بەسرە و دیوانیەی شیعە نشینەوە بگرە تا موسڵ و رومادی سوونە نیشین بۆ خزمەتگوزاری شایستە بە مرۆڤ.

لە هەمووی گرنگتر خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٢ شەش پارێزگای موسڵ و تکریت و دیالەو ئەنبارو بەشێک لە کەرکوک و بەغداد کە نزیکەی ساڵێکی خایاند دژ بە پەراوێز خستنیان لە لایەن مالیکیەوە، دواتر سەرهەڵدانیرەوتێکی توند ئاژووی وەکو داعشی لێکەوتەوە کە گوێ بە داخوازی و خواستی خۆپیشاندەران نەدرا، مالیکی سەرۆک وەزیران لە وەڵامی داخوازی خۆپیشاندەراندا فەرمووی ((کۆتایی پێبێنن پێش ئەوەی کۆتاییتان پێبێنم))

لە دوای ئەو بەروارەشەو لە زۆر شوێنی عیراق خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەورەرێکخران لەوانە لە ٩ ی حوزەیرانی ٢٠١٣ لە نەجەف هەروەها لە هاوینی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لە شارەکانی باشووری عیراق هەروەها لە هەمان هاوین و لە هەمان ساڵدا لایەنگرانیرەوتی سەدر لە بەغدادی پایتەخت خۆپیشاندانی گەورەیانرێکخست دژ بە گەندەڵی نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست خوازیاریریفۆرم و چاکسازی بوون و بە پێچەوانەوە هەڕەشەی هەنگاوی تریان کرد ئەگەر وەڵام نەدرێنەوە.

لە ساڵی ٢٠١٧ ەشدا هەزاران کەس لە لایەنگرانیرەوتی سەدر و هێزە مەدەنییەکانی جارێکی تر خۆپیشاندانی ئاشتیانەیانرێکخست لە بەغداد گۆڕەپانی تەحریر و پارێزگاکانی تر خوازیاری هەمواری یاسای هەڵبژاردن و گۆڕینی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی هەڵبژاردنەکان و دوورکەوتنەوە لە بەش بەشێنەی تائیفی بوون.

***خۆپیشاندانەکانی ئێستای عیراق***

لە ماوەی دوو هەفتەیرابردوودا پارێزگاکانی باشووری عیراق کە شیعەنشینن و پشتیوانی حکومەتەکانی عیراق بوون لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە حکومەتەکانیش بە سوود وەرگرتن لە بیرو ئایدیای مەزهەبی کە لەوەتی عیراق دروست بووە شیعە زۆرلێکرابووە و پەراوێز خراو بووە توانییان لە پازدە ساڵیرابردوودا خۆی بسەپێنێت بەسەریاندا و بێ ئەوەی بەو هەموو توانا زۆر زەوەندەی نەوتی عیراقەوە بە تایبەتی بەسرە دووەم گەورەو شاری عیراق کەرۆژانە بە ملیۆنان بەرمیل نەوتی لێ دەفرۆشرێت بە شێکی زۆری خەڵکەکەی لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بن سەرتایترین خزمەتگوزارییەکان کە خۆی لە ئاوی خواردنەوەو کارەباو ناندا

دەبینێتەوە دابین نەکرێت بۆیان، بۆیە  بەسرە بەنموونە دەهێنمەوە ئەگینا دۆخی پارێزگاکانی تری وەکو نەجەف وکەربەلا ومیسان و ناسریە و دیوانیە و واسیت و موسەناش لەوێ باشتر نین.

***جیاوازی ئەمجارەی خۆپیشاندانەکان***

یەکەمجارە خەڵک پەلاماری بارەگای حزبە مەزهەبیەکان دەدات و بەم شێوە توند و توورەییە وە وێنەی سەرکردەو کاریزما ئاینی و مەزهەبیەکان بسووتێنن تا ئێستا ٢٠ کوژراو ١٥٠ بریندار هەیە هەرچەندە لە دوای ٢٠٠٣ ەوە وەڵامی خواستی خۆپیشاندەران نەدراوەتەوە لە عیراقدا بەڵام ئەمجارە ئەگەر بێ وەڵام بێت ئاکامی بۆ فەرمانڕەوایانی عیراق باش نابێت و تەڕو وشک بە یەکەوە دەسووتێت.

ژ. ٧٦٢٦  لە  ٢٠١٨/٧/٢٩

# سەردانەکەی عەبادی بۆ تورکیا

عەبادی لە کاتێکدا سەردانی ئەنقەرە دەکات کە کۆتایی خولی حوکمڕانیەکەیەتی و وەکو سەرۆک وەزیرانێکی کاربەڕێکەرە لەوانەیە لە چەندرۆژ و هەفتەی داهاتوودا کابینەیەکی نوێ لە عیراقدا دەستبەکاربێت لە هەمانکاتدا حکومەتەکەیرووبەڕووی گەورەترین قەیران بووەتەوە کە لە بەشێکی زۆری شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عیراق خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەورە بەڕێوەدەچێت دژ بە گەندەڵی و شکستی حکومەت لە دابینکردنی سەرەتایترین خزمەتگوزارییەکانی خەڵک کە ئاوی خواردنەوەو کارەبایە.

لە هەمان کاتیشدا حکومەتی تورکیا و سەرۆک کۆمارەکەشی حاڵیان لە عەبادی باشتر نییە و لە چەندرۆژیرابردوودا بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیاوە ئابووری تورکیا گەورەترین گورزی بەرکەوت بەجۆرێک بارودۆخی وڵات شڵەقاوە کە پێ ناچێت وا بە ئاسانی ئاسایی ببێتەوە ئەو سزایانەی ئەمریکا بە هۆی زیندانیکردنی قەشە ئەندرۆ برانسۆنەوە بەسەر تورکیای دا سەپاند وهەروەها سزا بە سەر دوو وەزیری کابینەکەی ئەردۆغان ئەوانیش وەزیرەکانی داد و ناوخۆ و زیادکردنی باج لە سەر ئاسن و فافۆن وایان کرد لیرەی تورکی داڕمان و هەرەسێکی گەورەو کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو لە لایەن ئەردۆغان و حکومەتەکەیەوە بە خۆیەوە ببینێت کە تورکیا بەدوایرێگاو فریادڕەسدا بگەڕێت.

***عەبادی دەتوانێت چی بدات بە ئەردۆغان؟***

هەرچەندە وەکو پێشتر ئاماژەم پێداروون نییە عەبادی لە کابینەی داهاتووی عیراقدارۆڵی دەبێت یان دەبێتەوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵام ئەگەر چانس یاوەری بێت ئەوا دەتوانێت بە هانای تورکیاوە بچێت لە کاتێکدا دیناری عیراقی ئەمڕۆ بەهاکەی لە زۆربەی دراوی وڵاتانی دراوسێ بەهێزترە بە تایبەتی ئێران و تورکیا بەهەرحاڵ ئێستا کە سزاکانی ئەمریکا وا بە سەر ئێراندا جێبەجێ دەکرێت عەبادی دەخوازێت ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو فشارانەی کە لایەن حکومەتی ئێرانەوە کرایە سەر حکومەتەکەی و کارەبایان لە عیراق بڕی وە عەبادی ئەمەبە فاکتەرێکی سەرەکی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکانی باشووری عیراق دەزانێت بۆیە دەخوازێت ئەو پەیوەندی و

ئاڵوگۆڕییە بازرگانیانەی کە ساڵانە بە ٦ ملیار دۆلار لە گەڵ ئێراندا دەکراجگە لە داهاتی غازو بەرهەمە نەوتییەکان بگوێزێتەوە بۆ تورکیا چونکە تورکیا بەڕای ئەو نایەوێت ئەو پەیوەندییانە وەکو کارتی فشار بۆ سەر حکومەتی عیراق بەکار بهێنێت وەکو ئەوەی ئێرانیەکان دەیکەن.

لە هەمانکاتدا عەبادی بەنیازە ئەگەر بێتەوە بە سەرۆکی حکومەت بۆندی کڕینی وزەی کارەبا لەگەڵ تورکیادا واژۆ بکات و هەروەها دەست بە ناردنەدەرەوەی نەوت لە بۆڕی جیهان کەرکوکەوە بکرێتەوە وەکو لە سەردانەکەدا پێداگیری لەسەر کرا پێداویستیەکانی تورکیا لە نەوت دابین بکات کە ئەمەش لەم کاتەدا پاڵپشتی و کۆمەکیەکی گەورەیە بۆ حکومەتی ئەنقەرە.

### ئەردۆغان دەتوانێت چی بدات بە عەبادی؟

لە بەرامبەردا عەبادیش پێویستی بە پشتیوانی ئەردۆغان هەیە بۆ ئەوەی خوولێکی تر بێتەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەویش بە زیادکردنی بەشە ئاوی عیراق لە هەردوورووباری دیجلە و فورات لە کاتێکدا عیراق بە سەخت ترین وشکەساڵی و کەم ئاوییدا دەڕوات بەهۆی تەواوبوونی کارەکانی بەنداوی ئەلیسۆی تورکیاوەو دەستکردنی بی گلدانەوەی ئاو. کە ئەمەشرەزامەندی تورکیای لەسەر کرا کە خاڵێکی بەهێزە بۆ عەبادی.

تورکیا دەتوانێت بۆشایی هەژموونی ئێرانی بە سەر عیراقەوە پڕبکاتەوە بە هۆی سزاکانی ئەمریکاوە کە عەبادی وتی هەرچەندە سزاکان ناڕەواو نا مرۆڤانەن بەڵام بەرژەوەندی عیراق وا پێویست دەکات وڕێگایەکی ترمان نییە لەبەردەماندا جگە لە پابەند بوون پێ یەوە لە کاتێکدا زۆر لایەن و گروپی تری شیعەی عیراق نارەزایەتی کاردانەوەی توندییان هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستی عەبادی.

بەهەرحاڵ تورکیا دەتوانێت زۆر شت بۆ عەبادی و عیراق بکات لەوانە هەموو پێداویستیەکانی عیراق لە خۆراک و کەرەسەی پیشەسازی و پێداویستیرۆژانەی خەڵکی عیراق دابین بکات هەروەها وزەی کارەبا و بەشداریکردنی کۆمپانیا تورکیەکان لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی عیراقدا کە ئەمەش سوودو قازانجی باشی بۆ تورکیا دەبێت و جێ پێ ی خۆی لە عیراق بەهێز دەکاتو جێ بە ئێران لێژ دەکات.

لە کۆتاییدا دەپرسین ئایا هەموو ئەورێککەوتنانە دەچنە بواری جێبەجێ

کردنەوە یان هەر بە حبری لەسەر کاغەز دەمێننەوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی سنووری تورکیاوە هەیە چونکە عەبادی توانای پاراستنی کورسیەکەی خۆی نیە ؟

دەڵێم ئەوانەی پەیوەندی بە بازرگانی و جموجووڵی هاوڵاتیان و کردنەوەی دەروازەیەکی تری سنووری یەوە هەیە جێبەجێ دەکرێت بەڵام ئەوانی دی پێویستی بە خولێکی ترو ولایەتێکی تری حوکمڕانی عەبادییەوە هەیە.

ژ. ٧٦٤٤ لە ٢٠١٨/٨/١٩

# کوردو سوننە یەکلایی دەکەنەوە کێ گەورەترین فراکسیۆنە

لە کۆتاییدا ئاکامی هەڵبژاردنە گشتیەکانی عیراق کە لە ١٢ مایس ٢٠١٨ بەڕێوە چوو دوای گێرەو کێشەو تانەو تەشەرو سکاڵایەکی زۆرراگەیەنراو بێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی واروبدات کە شایانی باس بێت.

ئێستا گۆڕەپان و شانۆی سیاسی عیراق چاوی هەموو جیهانی لەسەرە لە کاتێکدا ناوچەیرۆژهەڵاتی ناوین بە سەختترینرۆژگارەکانی دا تێدەپەڕێت لەلایەک ململانێ و قەیرانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەوپەڕی توندی و ئاڵۆزی بۆ ئاڵۆزتر دەڕواترۆژ لە دوایرۆژ چ لە ئابڵووقەی ئابووری و مانۆڕی سەربازی شەڕی هەواڵگری و سیخوڕیەوە بگرە تا دەگاتە تێوەگلانی یارو نەیارەکانی هەردوولای هاوکێشە کە.

ئەمانە جگە لە توندبوون و هەڵکشانی ململانێکانی ئەمریکا و تورکیا شەڕی ئابووری و دواتر قووڵبوونەوەی ناکۆکیەکانیان کە هەموو ئەمانە کاریگەری نیگەتیفیان لە سەر ناوچەکە بە گشتی و عیراق بە تایبەتی دەبێت.

لە ئاوا بارودۆخێکدا عیراق سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەیەکی وزاری نوێیە عیراقێک کە نووقمی قەیران و ململانێ یە خۆپیشاندانیرۆژانەی خەڵک لە زۆرێک لە شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عیراق بۆ خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەکو ئاوو کارەبا.

قەوارە سیاسیەکانی عیراقیش بە تایبەتی شیعە کە جاران بەتەنها خاوەنی یەک لیست بوون و خۆیان دەیانتوانیرێژەی پێویست دابین بکەن و واتە نیوە کۆ یەک بەڵام لە ئێستادا ئەوانیش لە کوردو سوونە خراپتریان بە سەرهاتووە دابەشبوون بە سەر دووبەرەدا بەرەیەک کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی دوو خوولی پێشووترو نزیک لە ئێران سەرۆکایەتی دەکات کە پێکهاتوون لە فراکسیۆنەکانی دەوڵەتی یاسای مالیکی و فەتحی هادی عامری کە سەرکردایەتی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکات و بەرەیەکی دی موقتەدا سەدرو حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئێستا ی نزیک لە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات. هەرچەندە هاوپەیمانیتیەکەی عەبادی وەکو باس دەکرێت فشۆڵ و لاوازەو و درزی گەورەی تێکراوە فالەح فەیازراوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی وخۆی قەوارەکەی و هەروەها حزبی فەزیلەو حزبی ئیسلامی سەنگەریان گواستۆتەوە بۆلای مالیکی کە ئەمەش گورزێکی کەمەر

شکێنە بۆ عەبادی ئەگەر تەواوراستو دروست بێت چونکە عەبادی لەم حاڵەدا تەنها دوازدە کورسی پەرلەمانی بۆ دەمێنێتەوە کە ئەمەش لەوەو سەرچاوەی گرت کە فراکسیۆنی نەسر تەنها یەک کاندیدی هەبوو بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ئەویش عەبادی خۆی بوو لە کاتێکدا فەیازیش نیازی ئەوەی هەبوو.

هەموو ئەمانە لە کاتێکداروودەدەن موقتەدا سەدریرابەرو پشتیوانی لیستی سائرون خاوەنی بیروبۆچوونی نیشتمانیە بەرای خۆی و دەخوازێت حکومەتێکی تەکنۆکراتی دوور لە بەشبەشێنەی ئێتنیکی تائیفی پێکبهێنێت وببێتە دەوڵەتی هاوڵاتیان و دژ بە گەندەڵی و گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شارەکانی خۆیان و ئاوەدانکردن و بنیاتنانەوەی هەموو شوێنە وێرانەکان خاوەنی بڕیاری نیشتمانی عیراقی بێت دوور لە دەستوەردانی دەرەکی بە تایبەتی ئێران و ئەمریکا و چل مەرجی قوورسی داناوە بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عیراق کە لە زۆرێک لەم سیاسیانەی ئێستای عیراقدا بەردەست نین.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە کاتی ئێستا کە ململانێ ی مەزن لە نێوان هەردوو وڵاتی ئامادە لە عیراق ئەمریکا و ئێران لەوپەڕیدایە ئەمە قابیلی جێبەجێ کردنە؟

### ئەی سوونەکان چی دەکەن؟

سوونەکانیش بە سەر دووبەرەدا دابەشبوون بەرەیەک بەلای سەدر کە پێکهاتوون لە ئەیاد عەلاوی و سالح موتڵەگ و بەرەیەکیش بەلای مالیکیدا دەڕۆن کە پێکهاتوون لە ئوسامە نوجێفی و خەمیس خەنجەرو ئەحمەد جبوری و سەلیم جبوری و جەمال کەربولی و فەلاح زیدان کە ئەمانیش ناکۆکی گەورەیان لە سەر پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانە کە کامیان بیبچڕن بۆ خۆیان هەرچەندە باسی ئەوە دەکرێت جەمال کەربوولی سەنگەر بگوێزێتەوە بۆلای سەدر بەرامبەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

### کورد لە کوێ ی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدایە؟

هەرچەندە تا ئێستا کورد باس لە جێبەجێکردنی دەستوورو هاوبەشیراستەقینە لە بڕیاردانی سیاسی لە عیراقدا دەکات و خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە بەڵام بەرەی مالیکی باسی ئەوە دەکەن کە زۆر لە کورد واتە یەکێتی و پارتی نزیک بوونەتەوە و لێکتێگەیشتنی باش هەیە لە نێوانیاندا بۆراگەیەندنی فراکسیۆنی گەورە بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو.

لەلایەکی تریشەو لایەنە ئۆپۆزەسۆنەکانیش کە پازدە کورسیان هەیە لە بەرەکەی دی نزیکن.

لە کۆتاییدا بەو بارودۆخەی ماڵی شیعەوە کوردو سوونە دەتوانن چارەنووسی کابینەی داهاتوو دیاری بکەن کە کام لەو بەرانە دەچنە ژێر باری داخوازییەکانیان و بە بەبێ هاوبەشیراستەقینەی کوردو سوونە عیراق ناتوانێت ئارام بێت و درێژە بەمانەوەی خۆی بدات.

پرسیارە قورسەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا قایل دەبێت بەرەی نەیارەکانی ئەوانەی بە دۆستی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێن فەرمانڕەوایی عیراق بکەن لەم بارودۆخە هەستیارەی ئێستای ناوچەکەو جیهان ئەوە لەرۆژانی ئایندەدا بەروونی وەدەردەکەوێت.

ژ. ٧٦٤٥ لە ٢٠١٨/٨/٢٦

# بەسرە
# دەروازەی تینووی خوارووی عیراق

شاری بەسرە ناوەندی پارێزگای بەسرە کە دووەم گەورە شاری عیراقە ئەگەر جاران مووسڵ بە دووەم گەورە شاری عیراق دەهاتە ژماردن ئێستا دوای کاول وێرانبوونی بەشێکی زۆری ئەو شارە لە شەڕی داعشدا لە ئێستادا بەسرە بە دووەم گەورە شاری عیراق دێتە هەژماردن لە دوای بەغدادی پایتەخت.

بەسرە لە ئێستادا نەک هەر تاکە دەروازەی دەریایی عیراقە بۆسەر کەنداوی عەرەبی و هەموو دەریاکانی جیهانیش بەڵکو پایتەختی ئابووری عیراقە و ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی سێ ملیۆن کەسە و دەوڵەمەنترین پارێزگای عیراقە لە بەرهەمهێنانی نەوت و غازی سروشتی کە زۆرترین سەرچاوەو کێڵگەو بیری نەوت و غازی لێ یە بەرادەیەک ٥٩٪ لە سەدی یەدەکی نەوتی عیراق پێکدەهێنێت لەکۆی ١١٥ ملیار بەرمیل یەدەکی خەملێنراوی عیراق.

هەروەها لەرێگەی بەندەرەکانی بەسرەوە بەشی زۆربەی هەرەزۆری نەوتی عیراق هەناردەی دەرەوە و بازاڕەکانی جیهان دەکرێت کەرۆژانە نزیکەی(٣,٥) سێ ملیۆن و نیو بەرمیلە کە داهاتەکەی ٩٥٪ لەسەدی بوودجەی گشتی دەوڵەتی عیراق دابین دەکات.

ئەوەی ئاماژەم پێدا بە کورتیەکی زۆر پێگەی ستراتیجی بەسرەیە بۆ عیراق بەگشتی بەڵام با حاڵی ئەو شارە بەیان کەین بۆ تان کە دەبوو ئێستا یەکێک لە جوانترین ورازاوەترین شارەکانی جیهان بووایە دەستە خووشکی پاریس و نیویورک و دوبەی و ئەستەنبووڵ و تۆکیو شارە جوانەکانی تری جیهان بووایە، بەڵام بە داخەوە پێچەوانەکەیرووی‌داوە ئێستا ئەو شارەو لە چەند ساڵ پێشووتریشەو دەناڵێنێت بە دەست کەمی و نەبوونی زۆرێک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو ئاوی خواردنەوە کارەبا تەندروستی پەروەردە هاتوچۆ کێشەی نیشتەجێبوون و ئاوەڕۆ و پێویستەکانی تری رۆژانە. هەروەها دانیشتووانەکەی ئەو شارە بە هەژارترین بەشی گەلی عیراق دێنە هەژماردن هەربۆیە لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە جارجارە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەورەو تووڕەییان دەربڕیووە بەرامبەر بەو ژیانە تاڵەی کە تێیدا دەژین بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە ئەوەی ئەمجارە درێژترین خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزایەتیە

کەوا زیاتر لە دوو مانگە درێژەی هەیە، ئەویش بەهۆی کەمئاویبەرزبوونەوەی سوێریورادەی خوێ لە ئاوی شەتولعەرەب هەموو ئەورووبارانەی کە دەرژێنە ناوی بە جۆرێک کە بۆ خواردنەوەو و ئاودێری و کشتوکاڵیش دەستنادات لە هەمانکاتدا نەبوونی سیستەمی ئاوەڕۆیرێکخراو بە شێوەیەکی تەندروست ئاوی بەسرە زۆر پیس بووە و واتە ژەهراوی بووە بە شێوەیەک ئامارەکان باسی زۆر حاڵەتی نەخۆشی تووشبوون بە پەتای سامناک دەکەن لەرێگەی کۆئەندانی هەرسەوە کە تائێستا ١٨ هەزار حاڵەت تۆمار کراوەلە نەخۆشخانەکانیدا .

قەیرانی گەورەی بەسرەو عیراق بە گشتی خۆی لە لاوازی حکومەت و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیدا دەبینێتەوە لە ناو کاربەدەستانی پلە باڵای وڵاتدا کە نە پلان و نە خەمی وڵاتیان نیە بەڵکو سەرگەرمی ژیانی تایبەتی و پلەو پۆست و ئیمتیازات و پاراستنی بەرژەوندییە تایبەتیەکانی خۆیان و حزبەکانیانن ئەگینا چلۆن ساڵانێکە وڵاتانی دراوسێ خەریکی دروست کردنی بەنداو و گۆڕینیرێڕەویرووبارەکانن  کە دەڕژێنە خاکی عیراقەوە ئەم کارەبە دەستانەی عیراقیش مێشێک میوانیان نیە و بێ دەربەستن.

ئەگەر قەیرانی سوێری و کەم ئاوی بەسرە بەنمونە وەربگرین سەرچاوەکەی ئەوەیە کە تورکیاو سوریا بەنداوی زۆریان لە سەر هەردوورووباری دیجلەو فورات بنیاتناوە و ئاوی پێویستی بەشی عیراقیش بەرنادەنەوە و ئێرانیش بە هەمان شێوە بەنداوی زۆری لەسەر ئەورووبارانە بنیاتناوە کە دەرژێنە شەتولعەرەب وڕووبار ی دیجلەوە و بگرە ئاوی پیسیش بەردەداتە ناویانەوە کە دەبێتە هۆکاری ژەهراوی بوون و زیاتر سوێر بوونی.

لە کۆتاییدا بۆ هەر کەس و توێژەرێک کە لەم بابەتە هەستیارە بکۆڵێتەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە هەموو حزب و گرووهە تائیفیەکان شکستیان هێناوە لە بەڕیوەبردنی وڵات وتیوەگلاون بە دۆسییەی زەبەلاح و حەیابەری گەندەڵی دیارترینیان تێوەگلانی پارێزگاری پێشووی بەسرەو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاو ئەندامانی ئەنجوومەن و زۆری تریش  بە گەندەڵی کارگێڕی و مالی و هەروەها هەڵاتنی ئەو پارێزگارە لەرێگەی ئێرانەوە و دەربازبوون لە داداگاو جێبەجێ نەکردنی یاساو سەروەر نەبوونی و دەرکردنی یاسای لێبووردنی گشتی و تایبەت بۆ تاوانباران زیاترێ خۆشکەرن بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی.

لە ئێستاشدا کە عیراق لە دووڕییانێکی سامناکدایە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ئەگەر بە هامان ستایڵی پێشوو کە بەشبەشێنەی تائیفی و حزبیە بەردەوام بێت و

دەستوور جێبەجێ نەکرێت و پێکهاتەیەک لە هەوڵی سەپاندنی هەژمموونی خۆیدا بێت بەسەر پێکهاتەکانی دی ئەوا عیراق ناتوانێت وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە دەبێت بازنەیەکی داخراودا بخولێتەوە و سامان و داهاتی وڵات لە شەڕو گەندەڵیدا خەرج بکرێت و بەسرەو شارەکانی تری عیراقیش بە تینوویێتی و برسێتی بمێنێتەوە و و بگرە ئاوارە و دەربەدەری زیاتری وڵاتانیش بن.

ژ. ٧٦٥٧ لە ٢٠١٨/٩/٩

# لە بەغداد کێ سەرکەوت؟

هەرچەندە هێشتا هەنگاوی یەکەم هاوێژراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عیراق لە دوای هەڵبژاردنی گشتی ١٢ مایس ٢٠١٨ خۆشبەختانە لە دوای چوار مانگ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق توانی کۆ ببێتەوەو دواتر دوای کۆبوونەوەیەک بە سەرۆکایەتی گەورەترین ئەندامی تەمەن کە بە کراوەیی چەندرۆژێک مایەوە، هەرچەندە هەندێک لە یاسا ناسان لەو بڕوایەدان کە ئەمە پێچەوانەی دەستوور بووە بەڵام لە کۆتاییدا محمد حەلبوسی کە عەرەبێکی سوونەیە لە پارێزگای ئەنبار و پێشتریش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و پارێزگاری ئەنباریش بووە گەنجێکی ٣٦ ساڵەیە بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێرا.

حەلبووسی ١٦٩ دەنگی هێنا بەرامبەر رکابەرەکەی خالید عوبێدی کە لیستی بنیاتنان و چاکسازی عەبادی و سەدر پشتیوانیان دەکرد کە گوایە نزیکن لە ئەمریکیەکان٨٥ دەنگی هێنا بەڵام محمد راکان حەلبووسی بە پشتیوانی هاوپەیمانی بنیاتنانی عامری و مالیکی نزیک لە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێنا لەدانیشتنی پەرلەمانی عیراق لە رۆژی ١٥ ئەیلوولی ئەمساڵدا ٢٠١٨.

ئەوەی هەر لە سەرەتای ئەم هەڵبژاردنە گشتییەی عیراقەوە جێگەی مەترسی و سەرنج و گومان بوو ئەوەبوو کە ململانێ توندەکانی ئەمریکا و ئێران پەلبهاوێتە ناو قەیران و کێشە کەڵەکە بووەکانی عیراق و زیاتر قوڕەکە خەستتر بکاتەوە ئەوەتا دوای چوار مانگ یەکەم دانیشتن گرێدرا و دوای چەندین کۆبوونەوەو سەردانی ئاشکراو نهێنی ئەو دوو وڵاتە و دەیان بەزم و باڵۆرە تەنانەت خالید عوبێدی کاندیدی دۆڕاوی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لێدوان بدات کە گوایە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کڕراوە بە ٣٠ ملیۆن دۆلار.

بە هەرحاڵ ئەوەی باس دەکرێت ئێستا لە ناوەندەکانی هەواڵ و سیاسەت پاشەکشەی هەژموونی ئەمریکایە بە سەر عیراقدا سەرەڕای قوربانی و خەرجیە زۆر و زەوەندەکانی هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ ی پرۆسەی داگیرکردنی عیراقەوە تا شەڕی تیرۆر و دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ ەوەو وەدەرنانی داعش لە عیراق وسوریا.

### ئەمریکیەکان بۆ کاریگەرییان کەم بووەوە؟

هەر لە دوای خۆپیشاندانەتوندەکانی بەسرەو دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی

پێشووی عیراق بە ئامادەبوونی عەبادی و بەشێکی زۆر لە وەزیرەکانی کابینەکەی و پارێزگاری بەسرە چانسی عەبادی بۆ وەرگرتنەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەم بووەو هەرچەند تا ئێستاش هەندێک لە لیستەکەی دەڵێن ئێمە هەر عەبادی بەربژێرمانە بۆ سەرۆکی حکومەت بەڵام ئەو دانیشتنە کۆتایی بەرۆڵی عەبادی هێنا چونکە سیناریۆیەکی بەهێز بۆ لێدانی دانرابوو لە لایەنرکابەرەکانی کە نزیکن لە ئێران و بە تایبەتی دوای لێدوانەکانی کەپابەند دەبێت بە سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ئەمە لە مەڕ شیعەوە، کوردیش کە بە هاوپەیمانی مێژوویی ئەمریکا لە عیراق  ناسراون ئێستا پێ یەکیان لە ئێرانە  ئەوەیان لە بیر نەچووە ساڵی پار ٢٠١٧ لە دوایریفراندۆمی ٩/٢٥  ئەمریکیەکان بەتەنیا جێیانهێشتن و بە دەبابەی ئەبرامزی ئەمریکی کەرکوک و زۆر شوێنی تر لەلایەن حەشدی شەعبی یەوە داگیرکران، سوونەکانیش کە دوژمنایەتی و ناکۆکی قووڵیان لەگەڵ شیعەو ئێران هەیە ئەوانیشیان بە تەنیا جێهێشت لە بیاباندا کە بڕیار بوو بوار نەدەن هێزەکانی حەشدی شەعبی بچێتە ناو شارەکانیان و شارە وێرانەکانیان بۆ بنیات بنێنەوە بەڵام بێ بەڵێن و پەیمان دەرچوون بۆیە سوونەکانیش پێ یەکیان لە تارانەبۆ ئەوەی جۆرێک لە خۆسازان و گونجان بخوڵقێنن.

بۆیە گەر پێشتر ئەیاد عەلاوی بە هەمان دەردی عەبادی برا ئێستا لە عیراق متمانە بە سیاسەت و بەڵێنەکانی ئەمریکا زۆر لاواز بووە و سیاسیەکانی عیراق هەست بە بەهێزیرۆڵی ئێران دەکەن لەبەڕێوەبردنی عیراقدا.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە ئەمریکا ناخوازێت عیراق ببێتە باخچەی پشتەوەی ئێران و ناخوازێت عیراق ببێتە دەروازەیەک کە سزاکانی سەر ئێران ببەزێنێت لە بەرامبەریشدا ئێران دەخوازێت حکومەتی داهاتووی عیراق بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، پرسیارە گەورەکە  لێرەدایە ئایا سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عیراق لە نێوان ئەم دوو بەرداشەدا چۆن عیراق بە خاک و خەڵککەیەوە دەپارێزێت؟

ژ. ٧٦٦٩  لە  ٢٠١٨/٩/٢٣

# عیراق لە پێشوازی هەردوو سەرۆکی کۆمار و وەزیرانی نوێدا

دواجار لە دوای نزیکەی پێنج مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی  عیراق لە ڕۆژی   ١٢ /٢٠١٨/٥ ەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق شەوی ٢ تشرینی یەکەم ٢٠١٨ توانی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە سەرۆک کۆماری عیراق هەڵبژێرێت دوای ئەوەی لایەنە سیاسیەکانی هەرێم نەیانتوانی بسازێن لە سەر کاندیدێکی هاوبەش کە ئەمەش باس و خواستێکی درێژە لەوەیە لێرەدا بە باشی نەزانم بچمە ناو درێژیەکەوە.

هەر هەمان شەو سەرۆکی نوێ دوای ئەوەی سوێندی یاسایی خوارد لە بەردەم سەرۆکی دادگای فیدراڵی عیراقدا ئەویش دکتۆر عادل عەبدولمهدی کەسایەتی بێلایەن لە ئێستادا هەرچەندە لەرابردوودا یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق بوو راسپارد بۆ ئەوەی لە ماوەی مانگێکدا کابینەی نوێ ی حکومەتی عیراق پێکبهێنێت.

تا ئێرە ئاساییە ئەگەرچی ئەم دوو کەسایەتیە سیاسیە دوو کاراکتەری کۆنی گۆڕەپانی سیاسی عیراق بوون بەتایبەتی لە دوایروخانیرژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا لەسەرشانۆیرووداوەکان نەبوون ئەوەی ئەم دوو کەسایەتیە لە سیاسیەکانی تری عیراق جودا دەکاتەوە ئەمان خوێندن و پەروەردەیان لە دەرەوەی عیراق و لە فەرەنسا و بەریتانیا بووەو بە بیرو بۆچوونی دیموکراسی و کراوە ناسراون و دوورن لە توندڕەوی نەتەوەیی و تائیفی و بەیەک مەودا لە هەموو پێکهاتەکانی عیراق دەڕوانن و کەس هیچ هەستیاری و نیگەرانیەکی دیاری بەرامبەریان نییە بۆیە بە کاندیدی  هەمووان ناو دەبرێن و خەڵکی عیراقیش بە هیوا و ئومێدێکی گەورەوە لێیان دەڕوانێت بەو هیوایەی بتوانن چارەسەرێک بۆ دەردە بێدەرمانەکانی تائێستای عیراق بدۆزنەوە ئەم دکتۆرانە.

هەرچەندە ئەم دووانە لە دوو بنەماڵەی ناوداری کورد و عەرەبەوە هاتوون دکتۆر عادل کوڕی وەزیرێکی پێشووی عیراقە و پەروەردەی گەڕەکی کەڕادەی بەغدادە و دکتور بەرهەمیش کوڕیرەوانشاد حاکم ئەحمەدە لە گەڕەکی عەقاری شاری سلێمانی بەڵام ناسراون بە هەڵوێستە نیشتمانی یەکانیان.

ئەوەی ئەمجارە مەترسی لێدەکرا ململانێ ی  توندو پڕ لە گێرەو کێشمەی

شیعەکان بوو  بۆ دروستکردنی گەورەترین قەوارەو فراکسیۆن لە ناو پەرلەمانی عیراقدا  بۆ ئەوەیرابسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو پێش ئەوەی قەوارەو فراکسیۆنی گەورەرابگەیەنرێت کاندیدێکی بێلایەنراسپێرا بۆ ئەوەی کابینەی نوێ پێکبهێنێت لە ماوەی دەستووری دیاریکراودا هەرچەندە ئەحمەد ئەسەدی وتەبێژی لیستی فەتح لە پرێس کۆنفرانسێکی کورتدا لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماررایگەیاند کە قەوارەی گەورە یەکلایی کراوەتەوە بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا نییە  ئەوە بسەلمێنێت.

***ئەرك و ئالنگارییەکانی پێش ئەم دووانە***

هەرچەندە حکومەتەکەی عەبادی بارێکی قورسی بۆ ئەم حکومەتەی عەبدولمەهدی جێهێشتووە  چ لە قەیران و ململانێکانی نێوان هەرێم و بەغداد و ئاوەدان کردنەوەو بنیاتنانەوەی ناوچە وێرانبووەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و کێشەو داخوازییەکانی خەڵکی بەسرەو هەموو عیراق بۆ خزمەتگوزاری پێویست و خێرا لە ئاوی خواردنەوەو کارەباو....تد جگە لە قەیرانی ئاو و وشک بوونیرووبارەکانی عیراق لە لایەن وڵاتانی دراوسێیەوە کە ئەمانە هەموو شەڕی قورسن و  بۆ ئەم کابینە نوێیە بە جێماون، ئەگەرچی  ئەم دووانە بە کاندیدی سازان و هەماهەنگی هەردوو دوژمنی باوك کووشتەی یەکتر  ئێران و ئەمریکا ناسراون بەڵام  لە پێگەیەکدا نین ئیرەییان پێ ببرێت بە هۆی هەموو ئەو قەیران و کێشانەوە کە لەرابردوودا عیراق دووچاریان بووە بەڵام لە هەمان کاتیشدا پشتیوانی ئەمریکا و ئێرانیش سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە ماوەیەکی کورتدا هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و هەروەها ململانێکانی ئەو دوو وڵاتەش پێویستی بە کەناڵێك هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانن بەکاری بهێنن بۆ گەیاندنی مەسجەکانیان ئەو کەناڵەش دەکرێت سەرۆکایەتی کۆماری عیراق و بەرهەم ساڵح بێت کە خاوەنی پەیوەندی هاوسەنگە لە گەڵ هەردوو لای هاوکێشەکە ,  ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەردووکیان خاوەنی توانا و پسپۆڕی باشن لە بواری ئابووری و کارگێڕی دا.

ژ. ٧٦٨٢ لە ٢٠١٨/١٠/٧

# گەندەڵی زەبەلاحترین دۆسێی بەردەم کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی

ئەگەرچی حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچوو کاربەڕێکەری ئێستای عیراقیش زۆری وت دەرهەق بە گەندەڵی تەنانەت لە سەرەتای دەست بەکاربوونیدا وتی ئەگەر سەریشم دابنێم واز لە دژایەتی و بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران ناهێنم بەڵام ئەوەی بینیمان ئاکامێکی بەرچاوی نەبوو لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری سەرانی وڵات خۆیان تێوەگلابوون بە دیاردەی گەندەڵی لەوەیە بارودۆخی چوارساڵ پێش ئێستاش جیاواز بێت لە ئێستا کە شەڕی داعش و تیرۆر کۆتایی هاتووە.

گەندەڵی ئەو دەردە کوشندەیەکە لە تیرۆر مەترسیدارتر و زیانبەخشترە بۆ وڵات لە بەرئەوەی کۆسپی گەورەی بەردەم گەشەکردن و پێشووە چوونی گەل و وڵاتە لە هەموو بوارەکانی بنیاتنان و پەروەردەو فێرکردن وەبەرهێنان و هەموو خزمەتگوزارییە پێویست و گرنگەکانی تری وڵات.

لەبەر هەموو ئەوانە سەرکەوتنی کابینەکەی عادیل عەبدولمهدی پەیوەستە بە چۆنێتی هەڵسوکەوت و ئەورێکارانەی کە دەی گرێتەبەر بۆ چارەسەرو بەگژاچوونەوەوریشەکێشکردنی گەندەڵکاران کە زیانی گەورەیان بە ئابووری و سامان وداهاتی عیراق گەیاندووە لە پازدە ساڵی رابردوودا.

***کاریگەرییەکانی گەندەڵی لەسەر عیراق***

١. دەرگایەکی گەورە بۆ فێڕۆدانی ماڵی گشتی

٢. کۆسپی گەورەی پێش گەشەکردن لەبەرئەوەیرێ دەگرێت لە وەبەرهێنان لەرێگەی پاڵنان بە وەبەرهێنەرانەوە کە نەوێرن نزیکی حکومەت ببنەوە بۆ کارکردن.

٣. فاکتەرێکیراستەوخۆیە بۆ وەستانیرەوڕەوەی پێشکەوتن و بەربەستی بەردەم بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری.

٤. ڕێخۆشکردن وزەمینەسازی بۆ سەرهەڵدانی بیرو بۆچوونی توندڕەوی و تیرۆرو توندو تیژی ئەویش لەرێگەی بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری بەهۆی گەندەڵی.

٥. گەندەڵی هۆکارێکی گەورەی تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی وڵات و دروستبوونی بشێوی و سەرهەڵدانی تاقمی ماڤیاو تیوەگلان بە بازرگانی مادەی

بێهۆشکەر.
باشترین بەڵگە لەسەر گەندەڵی وکاریگەرییەکانی لە سەردۆخی عیراق و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی  لە عیراق وشام و داگیرکردنی سێ یەکی خاکی عیراق لە ساڵی ٢٠١٤ بوو بە هۆی گەندەڵی لە بۆندەکانی کڕینی چەک و دامەزراندن هەزاران کەسی بندیوار لە ناوریزەکانی سوپای عیراق و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە تایبەتی لە سەردەمی کابینەی نوری مالیکی کەرۆڵێکی زۆر نالەبارو نێگەتیڤی گێڕا بۆ تێکدانی دۆخی عیراق و سەرهەڵدانی ململانێ ی ئێتنیکی و تائیفی و تا ئێستاش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە .

***بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی***

لەوەیە کارێکی زۆر قورس و پڕ سەرئێشە بێت بۆ عەبدولمهدی چونکە بەشێکی دیارو خاوەن پێگەو هەژموون لە نێو سیاسیە دەستڕۆیشتووەکانی عیراقدا تێوەگلاون بە گەندەڵی و هەر ئەوانیش هاوڕان و سازاون بە مالیکیشەوە  لەسەر ئەوەی عادیل عەبدولمهدی ببێتە کاندیدی هەمووان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ  لە بەرئەوە ئەرکەکەی سەرۆکوەزیرانی نوێ ئاسان نابێت.
بۆیە ئەگەر  عەبدولمهدی هەر هەنگاوێک بهاوێت بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دەبێت لەگەڵ ئەوانەدا بەریەک بکەوێت کە ئەویان کاندید کردووە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق کە گرنگترین و هەستیارترین پۆستە و بەهێزترین و زۆرترین دەسەڵاتی هەیە لە عیراقی نوێدا  بە پێ ی دەستووری عیراق.

***لە ئاوا بارودۆخێکدا چ بکات عەبدولمهدی؟***

بە دیدی من لە ئاوا بارودۆخێکدا باشترین و خێراترینرێگە بۆ دۆخی ئێستای کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بە هەموو دامودەزگاکانیەوە ئەوەیە کە بەر بە بڵاوبوونەوەی زیاتری گەندەڵی بگێرێت  ورێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆریشەکێش کردنی  وازهێنان لە دۆسێ کۆنەکان و نەکردنەوەی لە کاتی ئێستادا بۆئەوەی بەریەککەوتنروونەدات لەگەڵ زۆرێک لە سەرە گەورەکان کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان تێوەگلاەن بە دیاردەی گەندەڵی و بۆئەوەی کێشەو کۆسپ دروست نەکەن بۆ کابینەی نوێ لە بە جێهێنانی ئەرکە نوێ و قورسەکانیدا.

ژ. ٧٦٨٨  لە  ٢٠١٨/١٠/١٤

# عیراق لە نێوان
# بەرداشی ئەمریکا و ئێراندا

وا ناکۆکی و ململانێکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکارۆژ لە دوایرۆژ هەڵکشان بە خۆیەوە دەبینێت هەر لە کشانەوەی ئەمریکا لە دوای دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەکو سەرۆک لەرێککەوتنامەی (٥+١) ی تایبەت بەبەرنامە ئەتۆمییەکە ی ئێران و دواتر سەرلەنوێ سەپاندنەوەی سزا ی ئابووری قۆناغ بە قۆناغ تا لە ٥ ی ئەم مانگی تشرینی دووەمەدا بەشی دووەمی سزاکان خرایە بواری پراکتیکیەو هەرچەندە هەشت وڵات بووراون لەو سزایانە تا ماوەیەکی کورت.

ئەوەی تایبەتە بەم باسە و تایتڵی ئەم وتارە کورتەیشەرۆڵی عیراق و کاریگەرییەکانی ئەو سزایانەیە لە سەر عیراق کە هەردوو لایەنی ئەو هاوکێشە لە هەوڵدان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن و پێدەچێت خاکی عیراقیش ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ئەو قەیرانە قورسە کە تەمەنی ٤٠ ساڵە هەر لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە دەستبەکاربوونیرژێمی کۆماری ئیسلامیەوە لە ئێران سەری هەڵداوە و تائێستا درێژەی هەیە.

هەرچەندە تائێستا عیراق لەناو ئەو هەشت وڵاتەدایە کە بووراون لە سزاکان بۆماوەی ٤٥رۆژ ئەویش بەهۆی ئەوەی عیراق پشت بە گاز ئۆیلی ئێرانی دەبەستێت بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەبا و جگە لەوەش بەشێکی زۆر کارەباش لە ئێرانەوە هاوردە دەکات کە ناکرێت وا بە خێرایی و ئاسانی ئەڵتەرناتیفیان بۆ پەیدا بکرێت،ئەمریکیەکانرەچاوی ئەوەیان کردووە و لەرابردوودا عەرەبستانی سعودیە ئامادە نەبوو ئەو پێداویستیانە بۆ عیراق پڕبکاتەوە بەڵام لە ئێستادا ئامادەیی  پیشانداوە و ئیتر ئەو بیانووەی عیراقیش دەبڕێت کە ناچارە بەردەوانی بە ئەو پەیووەندییانە بدات.

***یەکەم ئاماژەی فشاری ئەمریکا بۆ عەبدولمەهدی***

کاتێک دووشەمەیرابردوو ٢٠١٨/١١/١٩ وەزیری گەنجینەی ئەمریکا(ستیفن منوشین) پەیوەندییەکی تەلەفوونی لەگەڵ عادل عەبدولمهدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق ئەنجامدا هەرچەند بە درێژی باسی وتوێژەکانیان نەکراوە  بە فەرمی بەڵام سەرچاوە کان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا خوازیارە عیراق پابەندی تەواوی سزاکان بێت بۆسەر ئێران و هەروەها عیراقی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە لیستێکی درێژ ی لایە لەو کەسایەتی و بانک و دامو دەزگا عیراقیانە کە لە ژێر

چاودێری وردی ئەمریکادان کە سزاکانی ئەمریکا نەبەزێنن.

عیراق چارەکێکی کارەبای پێویستیرۆژانەی لەریگای ئێرانەوە دابین دەکات بۆیە عەبدولمهدی داوای ئەوەی لە وەزیرەکەی ئەمریکا کردووە ئەو ماوەیان بۆ درێژ بکاتەو تاوەکو ئەڵتەرناتیفێکی بۆ دەدۆزنەوە بەڵام وەزیرەکە وەڵامێکیراستەوخۆی نەداوەتەوە.

عیراق ئێستا لە نێوان فشارێکی دووسەرەدایە ئەوا ئەمریکیەکان دەخوازن عیراق تەواو پابەند بێت بە سزاکانەوە و ئێرانیش دەخوازێت عیراق دەروازەیەک بێت بۆی بۆ دەربازبوون لەو سزانە لەرێگەی ئەو دۆستایەتی و پەیوەندییانەی کە لە گەڵ زۆررەوت و لایەنی سەر گۆرەپانی عیراق هەیەتی لە هەموو پێکهاتەکانی.

هەرچەندە عادل عەبدولمهدی وتی: ئێمە نابینە بەشێک لە دوژمنکاری هیچ وڵاتێک بۆسەر وڵاتێکی دی و ئاماژەی بەو هەوڵ و کۆششانەدا کە بۆروونکرنەوە وراگەیاندنی هەڵوێستی عیراق لەم کێشەو ململانێیانە داویانە چ لەگەڵ لایەنی ئەمریکی و ئێرانی  پێیانراگەیاندوون کە ئەمان پارێزگاری لە خاک و بەرژەوەندی گەلی عیراق دەکەن و زیان و ئازار بەکەس ناگەیەنن،ئەمەش بەروونی لە سەردانەکەی سەرۆک کۆماری عیراق بۆ ئێران بەراشکاوی باسکراوە  یەکێک لە بەندە سەرەکیەکانی سەر خشتەی کارو کۆبوونەوەکانی بووە بە هامەهەنگی لەگەڵ سەرۆک وەزیراندا پلانی بۆ دانراوە .

لە کۆتاییدا ئەوەی ئەمریکیەکان کاری بۆ دەکەن توندکرن و جێبەجێ کردنی سزاکانەو لە دوا گۆرانکاریشدا باڵوێزێکی نوێ دەستنیشانکرا بۆ عیراق ئەویش ماسیۆ تولەرە کە لە یەمەن بووە پێشتر و یەکێکە لە هەڵۆتوندرەوەکانی ئیدارەی ئەمریکا و زۆر توندە بەرامبەر بە ئێران ورەخنەی ئەوە لە ستاڤی پێشووتری وڵاتەکەی لە عیراق دەگرێت کە لاواز بوون بەرامبەر بە ئێران.

ژ. ٧٧٢٤  لە  ٢٠١٨/١١/٢٥

# یاسای خزمەتی سەربازی

لەوەتەی دەوڵەتی عیراق دامەزرێنرا لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشووەوە هەرلەگەڵیشیدا سوپای عیراق دامەزرێنرا هەرلەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانیادا یەکینە سەرەتاییەکانی ئەو سوپایە پێکهێنرا سەرەتا لە فەوجی ئیمام موسای کازم و پێکهێنانی سەرکردایەتی گشتی هێزەچەکدارەکان کە ناوەند و بارەگاکەی لە بەغدادی پایتەخت بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٣١ هێزی ئاسمانی دامەزرا و دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٣٧ هێزی دەریایی دامەزرێنرا و لە ساڵی ١٩٣٥ یشەوە یاسای خزمەتی سەربازی زۆرەملی دەرکراوەو کاری پێکراوە بەناوی یاسای خزمەتی ئیلزامی یان خزمەتی ئاڵا کە بە یەکێک لە کۆنترین یاساکانی دەوڵەتی عیراق دێتە ئەژماردن.

بەڵام لە دوای داگیرکردنی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە کە ئەمریکیەکان خۆیان بە یاسا سوپای ئەمریکایان بە داگیرکەری عیراق ناساند ئەو یاسایان لەکار خست بە فەرمانی پۆل بریمەری حاکمی ئەوسای ئیدارە ی مەدەنی ئەمریکا لە عیراق.

لە ئێستاشدا و لە پێشتریش بۆچەند جارێک پرسی زیندووکردنەوەو و بەکار خستنەوەی یاسای خزمەتی سەربازی یان خزمەتی ئاڵا واتا سەربازگیری زۆرە ملی کە هەموو هاوڵاتیەکی عیراقی ئەو ئەرکە بەجێبهێنێت خراوەتە بەرباس لە ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزارەتی بەرگری عیراقیش بەڵام لایەنە سیاسیەکان نەگەیشتنە سازان ورێککەوتن لەسەری تا لەم خوولەی ئەنجوومەنی نوێنەران بە گەرمی باسی لێوە دەکرێت و تەنانەت لیژنەی ئاسایش و بەرگری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق ئەم پرسەی واتە یاسای خزمەتی سەربازی لەکارە لەپێشینەکانی خۆی داناوەو لەگەڵرەچاو کردنی کردنی تاقانەی خێزان و ئەوانەی کەبەرپرسیارێتی خێزانیان لەسەرە.

### *سوودەکانی خزمەتی سەربازی ئیلزامی زۆرەملی*

هەرچەندە خزمەتی سەربازی یاسا و عورفێکی دەتوانین بڵێیین نێودەوڵەتی و جیهانیە و زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەوی دەکەن لەبەرئەوەی خزمەتی ئاڵا ئەرکێکی پیرۆەزەو سوپا و هێزە چەکدارەکان لە لایەنگیری حزبی و تائیفی و ناوچەگەری و نەتەوەیی و خێڵەکی دوور دەخاتەوە و سوپاو

هێزە چەکدارەکان بێلایەن دەکات لە ململانێ سیاسیەکانی وڵات، لە لایەکی تریشەوە سەربازگیری زۆرەملی لاوانی وڵات سازو ئامادە دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی زۆرلە ئالەنگاری یەکان وراهاتن لەسەر مەشق و بەرگەگرتنی زۆری ماندویێتی وراهێنان بۆ بەرنگاربوونەوەی هەموو پێشهات و ئەگەرەکان.

لەلایەکی تریشەوە سەربازگیری هۆکارێک دەبێت بۆبەرزکردنەوەی گیانی نیشتمانپەروەری لە نێوریزی لاوان و کەمکردنەوەی بێکاری بەتایبەتی ئەوانەی کە بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەن.

بۆیە ئەم پرۆژەیە ئەگەر سەربگرێت و لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق تێبپەڕێت و ببێتە یاسا ئەوە پڕۆژەیەکی گرنگە بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق دژ بە تائیفیەت و هێزی میلیشیایی حزبی و هاوکار دەبێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو چەکەکان لە دەستی دەوڵەت و حکومەت پێکهێنانی سوپایەکەک لە هەموو پێکهاتەکانی عیراق بە شێوەیەکی تەواو هاوسەنگ کەرەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی بێت بە مەرجێک بە ئایدیۆلۆجیەتیەکی دیموکراسی و فیدراڵی پەروەردە بکرێن دوور لە دەمارگیری نەتەوەیی و ئاینی.

***زیانی خزمەتی سەربازی***

تاکە زیانێک کە ئەم یاسایە هەیبێت ئەوەیە نیگەرانی هەندێک لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە کە ئەم یاسایە کۆمەڵگا بەرەو بە سەربازکردن دەبات.

ئەوندەی لە ساڵانیرابردوودا من ئاگاداربم کە ئەم یاسا و پرسە لە ئەنجوومەنی نوێنەران هاتبێتە ئاراوە فراکسیۆنە کوردستانیەکان دژی بوون من نهێنی ئەوە تێناگەم ئەگەر وابێت ئەو یاسا بۆ هەرێمی کوردستانیشرەچاوی تایبەتمەندی هەرێم بکات، دەکرێت ببێتە دەرچەیەک بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم تایبەت بەو بابەتە ئەوا هەرێمیش ئەو کات دەبێتە خاوەنی هێزی سەربازی یان پێشمەرگەی یەکگرتووی خۆی بەتایبەتی لە دەستووری عیراقیشدا ناوی هاتووە یان هەرناوێکی دی لێبنێیین .

هەربۆیە دەرکردنی یاسای خزمەتی سەربازی وجێبەجێکردنی هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ بە سیستەم کردنی هەموو دامودەزگاکانی بەرگری

وراهێنانی  کادر و توانای زۆر باش بۆ بەرگریکردن لە خاکی وڵات و هەروەها دامەزراندنی هێزێکی پشتیوان(احتایات)  بۆ سوپا لەکاتی پێویستدا سوود لە تواناکانیان دەبینرێت کە ئەمەش بەشدارییەکی باشە بۆ بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە و کۆتایی هێنان بە دیاردەی بندیوار.

ژ. ٧٧٣٦ لە ٢٠١٨/١٢/٩

# عیراق دوای ساڵێک لە شەڕی داعش

ئەگەرچی مێژووی کۆن و نوێی عیراق خوێنی لێدەچۆڕێت و شەڕو کوشتار لەگەڵ تەمەنیدا هاوتەریبن وروروبەرێکی فراوانی لە دیرۆکەکەی داگیرکردووە و لە پەنجا ساڵیرابردوودا عیراق لە شەڕی نیمچە بەردەوامدا بووە هەر لە شەڕو شۆڕشەکانی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٦١ –١٩٧٥ەوە دواترلە ساڵی ١٩٧٥شۆڕشی نوێش تێکەڵاو بە شەڕی هەشت ساڵەی عیراق _ئێران ١٩٨٠ –١٩٨٨ بوو داگیرکردنی کوەیت ١٩٩٠ –١٩٩١ و پرۆسەی ئازادی یان داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە ٢٠٠٣ – ٢٠١١ دوا شەڕیش جگە لە شەڕی ناوخۆی تائیفی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق وشام (داعشە)لە ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٧.

هەرچەندەرۆژی ٢٠١٨/١٢/١٠ حکومەتی عیراق کردی بە پشوو ی فەرمی و ئاهەنگ گێران بە بۆنەی ساڵڕۆژی سەرکەوتن بە سەر دەوڵەتی ئیسلامیدا بەڵام لە سەر ئاستی جەماوەری و شەقام بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆرەوە تەنانەت بە دەربڕینی جۆرێک لە نارەزایەتیش پێشوازی لێکرا چونکە ئەگەرچی پایتەختەکەی دەوڵەتەکەی داعش کەوت ورزگارکرا بەڵام گروپ و تاقمە تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی گەڕانەوە پەناگەو لانەکانیان لە ناو بیابانەکانی خۆرئاوای عیراق دەیەها شوێنی تریش خۆیان مەڵاس داوەو هەرکات بخوازن پەلاماری لەناکاو ی هێزەکانی سوپاو ئاسایشی عیراق دەدەن ئەمە لەکورت مەودادا و لەرووی تاکتیکەوە , بۆ دوورمەوداو لایەنی ستراتیجیش هەموو ئەو فاکتەرانەی کە هاوکار بوون بۆ سەرهەڵدانیرەوتی توندئاژۆی داعش ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت و کاتی کزو لاواز بووبن ئەوا ئێستاش واخەریکی سەرلەنوێ ئەو فاکتەرانە گەشە دەکەن و دنەدەدرێن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لاپەڕەیەکی تری توندوتیژی ململانێ ی سەخت و خوێناوی لە عیراقدا دەست پێبکەنەوە.

***دیارترینی ئەو فاکتەرانە:***

١. خراپی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتایی و پێویستەکان بۆ ژیانی خەڵک
٢. نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆسەر ماڵ و موڵکی خۆیان وریگری کردن لێیان لە لایەن میلیشیاتەکانەوە.
٣. ململانێی و ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسیەکان بە تایبەتی نێو ماڵی شیعە لەسەر پۆست و ئیمتیازات ئەوەی تائێستا ناتوانن هەشت وەزارەتی حکومەت پڕبکەنەوە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە.

٤. نا ئارامی و ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی دیدو بۆچوونێکی سیاسیروون و دروست بۆ بەرێوەبردنی وڵات.

٥. هەوڵدانی لایەن و پێکهاتەیەک بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر پێکهاتەکانی تری عیراقدا.

٦. دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێی ئیقلیمی لە کاروباری ناوخۆی عیراق و هەوڵدان بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی و ململانێکانیان لەسەر خاکی عیراق.

٧. گەندەڵی دارایی لە زۆرێک لە جومگە گرنگەکانی دەوڵەتدا.

لەبەرهەموو ئەو فاکتەرانە سەرکەوتنیراستەقینە و یەکجارەکی بۆ گەلی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوەو ئاهەنگ گێڕان لەو یادەدا کاتێک دڵی خەڵک خۆش دەکات کە پەتای کوشندەی گەندەڵی کە لە تیرۆر مەترسیدارترە بنبڕ بکرێت و سەرە گەورەکانیرابکێشرێنە بەردەم دادگاکان و پارووی دزراوی دەمی هەژارانی ئەم وڵاتە لە قوڕگیان دەربهێنرێت و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری بە هەموو سێکتەرەکانی و ئاسایش و دادپەروەر و یەکسانی و مافی هەموو پێکهاتەکان فەراهەم بکرێت و زەمینەسازی بکرێت جێبەجێ کردنی دەستووروەرەخساندنی ژینگەی لەبار بۆ ئەوەی گەرای تیرۆر بە هەموو جۆرەکانیەوە بنەبڕ بکرێت و گەشە و نەشوونما نەکات.

بە پێچەوانەوە ئێستا دوای ساڵێک لە سەرکەوتن بەسەر داعشدا لەرووی مەیدانیەوە و زۆرێک لە هێزە سیاسیەکانی عیراق سەرگەرمی مشتومڕی بێ سوود و ململانێی نابەجێن لسەر پۆست و پایە وخۆدزینەوە لە کارو ئەرکە لە پێشینەکان کە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە وێران بووەکانی شەڕی تیرۆر و داعشە گەڕانەوەی خەڵکە کەیەتی.

لە کۆتاییدا ئەگەر ئەم هێزە سیاسیانەی ئێستای عیراق بەتایبەتی حزبە دینی و تائیفیەکان کە لە پازدە ساڵیرابردوودا شکستیان هێناوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بە تایبەتی ئەمە بەروونی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی بەسرەو باشووری عیراقدا بەدەرکەوت بە خۆیاندا نەچنەوەو گوێ بۆ ئێش و ئازارەکانی خەڵکی عیراق نەگرن بێگومان دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوەی توندی خەڵکی بەش مەینەتی عیراق بن و چاوەڕوانی سەرهەڵدانیرەوت و جوڵانەوەی توندوتیژتربن لە قاعیدەو داعش.

ژ. ٧٧٤٢ لە ٢٠١٨/٢/١٦

# قەیرانەکانی عیراق لەم ساڵدا

ئەگەر ساڵانی‌رابردوو عێراق بەڵێ عێراقی نوێ گیرۆدەی قەیرانگەلێکی تاقەت پڕوکێن بووبێت ئەوا لەم ساڵیشدا لیستێکی درێژ لە قەیران و ململانێ ی ناپەسەندوو دژ بە دەستوورو دژ بە پرنسیپەکانی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی هەن کە پێناچێت بەم کاراکتەرانەی ئێستای سەر شانۆی‌رووداوەکانی عێراق بێنە چارەسەرکرن.

ئەگەر چی دڵمان خۆشەو بەڕاستی جێگای خۆشحاڵیشە کە پێکهاتەکانی عێراق لەرابردوودا بە گۆڕی بەکۆمەڵ و جینۆسایدو چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو کۆچ پێکردنی زۆرەملی و گۆڕینی دیمۆگرافیا زۆر کارو کردەوەی ناپەسەندو نابەجێ کە مرۆڤایەتی لە ئاستیاندا شەرمەزارە کێشەو ململانێکانیان یەکلایی کردبێتەوە ئێستا لە ژێر قوبەی پەرلەماندا خەباتی سیاسی و دیالۆگ و ململانێ ی ژیاریانە بکەن و دەستوور جێبەجێ بکەن کە زۆرینەی خەڵکی عێراق دەنگیان لە سەرداوە.

بۆیە ئەگەر فراکسیۆن و قەوارە سیاسیەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی‌رابردوودا سەرکەوتوو نەبوون لەوەی هەموو پۆستە وەزارییەکانی کابینەکەی عادیل عەبدولمهدی پڕبکەنەوە بە تایبەتی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری وداد ئەوا لە مساڵیشدا تاوەکو کاتی ئێستا نەیانتوانیووە بگەنە سازان بۆ پڕکردنەوەیان بە هۆی ململانێ ی نێوان خودی پێکهاتەکان خۆیان بە تایبەتی شیعەکان.

بۆیە بە وردبوونەوە لە بارودۆخی ئێستای عێراق هەندێکراستیمان بۆدەردەکەوێت و ئەوەمان پیشان دەدات کە عێراقرووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی گەورە دەبێتەوە لەرووی سیاسی و ئابووری و ئاسایشەوە هەوڵدەدەم لە خوارەوە بەکورتی لەسەر هەریەکەیان هەڵوەستە بکەم.

***سیاسی***

عێراق بەهۆی ململانێ تائیفی و ئێتنیکی لە ساڵانی‌رابردوودا کێشەو ململانێ ی گەورەی‌رووبەڕوو بووەوە بەڵام لە ئێستادا ململانێکان قووڵتر بوونەتەوە بەوەی ململانێ کەوتوەتە نێو ماڵی شیعەو پێکهاتەکە ی خۆیانەوە کەلەرابردوودا هەموو یان لەئیئتلافێکدا کۆبووبوونەوەو هەموو بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکەنیان یەکلایی دەکردەوە کە ئەمەش شانۆی‌رووداوەکانی عێراقی زیاتر ئاڵۆزکرد , ئێستا ئەگەر لایەنەکان لە ژێر فشاری دەرەکیدا بگەنە سازانێک بۆ تەواو کردن و پڕکردنەوەی وەزارەتە کانی ناوخۆ و بەرگری و داد بەمەش کۆتایی بە ئاریشەو

ناتەباییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق نایەت بەڵکو زۆر کێشەو قەیران تر سەر هەڵدەدەن لەوانە مەسەلەی بوونی هێزی بێگانە لە سەر خاکی عێراقە کە هەندێ لایەنی سیاسی عێراق دەخوازن یاسایەک دەربکەن لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە ئەو هێزانە لە عێراق دەربکەن کە مەبەستیان هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق و ئەوەشروون ئاشکرایە لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەیان هێننە عێراق و لە ئێستاشدا زۆر بنکەو پێگەی سەربازی تازەی ئەمریکا لە زۆر شوێنی عێراق کراوەتەوە کە ئەمەش هەڵوێستێکی جێ ی نیگەرانی دەبێت بۆ عەبدولمهدی لە نێوان دژ و لایەنگری دا.

لەلایەکی ترەوە دۆسیێ سیاسی عێراق لەناوەخنەکەیدا دەیان کێشەو ململانێ ی ئاڵۆزی تێدایە بە تایبەتی دیاردەی گواستنەوەی سەنگەر و ئەم بەرو ئەوبەر لە نێوان قەوارە سیاسیەکان بە تایبەتی لە نێوان هەردوو فراکسیۆنیریفۆرم و بنیاتنان کە ئەمە وادەکات یەکلایی کردنەوەی هەریاساو بڕیارێک وا ئاسان نابێت.

دۆسێ یەکی تری زۆر ئاڵۆز مەسەلەی گەمارۆکانی ئەمریکایە لە سەر ئێران کە تا ئێستا عێراق و چەند وڵاتێکی تر بەخشراون لێ ی بۆ ماوەی نەوەد (٩٠)رۆژ , ئەوەی جێگەی مەترسی و لەوەیە لە داهاتوودا ببێتە قەیرانی گەورەو ئەوەیە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە باکوورورۆژئاوای عێراقن گەورەترین باڵوێزخانەی ئەمریکا لە جیهاندا لە بەغدایە , لەڕۆژانیرابردوودا گەورەترین شاندی ئێرانیش بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە هاتنە عێراق و هەرێمی کوردستان و خوازیاری پەیوەندی بەهێزن لە گەڵ عێراق بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە عێراق لە بەرداشی نێوان ئەمریکاو ئێراندا زیانمەندی گەورە بێت ئەگەر بە ژیرو حیکمەتەوە هەڵسوکەوت نەکات.

بێجگە لەوانەش بارێکی زۆری قورس لە کێشەو قەیرانی قورس لە کابینەکانی پێشووترەوە ماونەتەوە بۆ کابینەی نوێ کە پێویستی بە چارەسەری بە پەلە هەیە کە زۆر بابەت دەگرێتەوە.

### ئابووری

ئەگەرچی ئابووری عێراق دەتوانین بڵێین بەڕادەیەکی زۆر تا ٩٥٪ پشتی بە نەوت بەستووە وەک تاکە داهاتی وڵات لە بەرئەوە بەرزی و نزمی نەوت کاریگەری زۆر وراستەوخۆ لە باری بەڕێوەبردنی وڵات دەکات لە کاتێکدا سەرچاوەکان باس لە قەرزارییەکی زۆری عێراق دەکەن تا نزیکەی ١٤٠ ملیار دۆلار , لەلایەکی ترەوە

کەمی و نەبوونی خزمەتگوزارییە پێویست و هەنووکەییەکانی خەڵک و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی چەند مانگی پێشووی پارێزگای بەسرەی دووەم گەورە شاری عێراق گەواهی ئەوەن کە لە عێراقدا قەیرانی قووڵی خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانی ئابووری هەیە و ئەوانەش کێشەگەلێک نین لە شەوورۆژێکدا چارەسەر بکرێن بەڵکوکات و پارەی دەوێت ئەمانەو سزاکانی سەر ئێران ئەگەر جێبەجێ بکرێت کاریگەری‌ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر عێراق و چونکە تا ئێستا ئەڵتەرنەتیفیان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

**ئاسایش**

ئەگەرچی وا ساڵێک تێپەڕ دەبێت بەسەر بانگی سەرکەوتن بە سەر چەتەکانی داعش و ئازادکردنی شاری گەورەی مووسڵ لە دەستیان بەڵام تا ئێستا زۆرێک لە ئاوارەکان نەگەڕاونەتەوە بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و لە بوودجەی عێراقیش پارەی پێویست تەرخان نەکراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارە وێرانەکان و لە لایەکی ترەوە شانە نووستووەکانی داعش دەستیان بە جموجووڵ کردووە لە دەشت و دەرو بیابان و شاخەکان هەڕەشەی جدیین بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات , لەبەرئەوەی هەموو ئەو فاکتەرانەی کە هۆکار بوون بۆ سەر هەڵدانی ئەورەوتانە تا ئێستاش ماون و حکومەت و هێزە باڵادەستەکان هیچ پلان ونەخشەیەکیان نیە بۆ بنبڕکردنی.

ژ. ٧٧٧٣ لە ٢٥+٢٦/١/٢٠١٩

# ئەنجومەنی باڵای
# لەناوبردنی گەندەڵی

گەندەڵی ئەو ئافات و بەڵا گەورەو سامناکەیە کە ساڵانێکەروبەڕوی عێراقی نوێ بووەتەوە لەسەرەوە تا خوارەوە ئەگەرچی هەموو هەستی پێدەکەن و هەیە و دەزانن مەترسیەکەی لە تیرۆر زیاترە و ئەمە هەردوو سەرۆک وەزیران پێشوو و عەبادی و ئێستا عادیل عەبدولمهدی دانیان پێدانەوە بە تایبەتی عەبادی لە کاتی دەستبەکاربوونی لە کابینەی پێشوو وتی ئەگەر سەریشم دابنێم کۆڵ نادەم لە بەگژاچونەوەی گەندەڵی، بەڵام دواتر وتەکانی نەبوون بە کردار و هەر حیبری سەرکاغەزو قسەی ناو میدیاکان بوو.

عادل عەبدولمهدیش ئەگەر تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە سێ وەزارەتی گرنگ و هەستیار لە کابینەکەی وەزیریان بۆ دابنێت، بەڵام ئەویش بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەندەڵی لەناو دەبات من بۆخۆم لە سەرەتای‌راسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینە لە وتارێکدا ئاماژەم بەوە کردووە کە گەندەڵی گەورەترین دۆسێی بەردەم کابینەکەیەتی سەرەڕای ئەوەی عەبدولمهدی ئەو پێگە بەهێزەی نیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تاوەکو بتوانێت ئەو ئەرکە قورسە پڕ کێشەو سەرئێشەو کاردانەوەی توندی زۆر تاقم و ناوەندی هێزو بەرژەوندی کە لە عێراقدا خاوەن دەستەڵات و پێگەی کاریگەرن لە هەموو جومگەکانی دەوڵەتدا، چارەسەر بکات.

هەر لەو چوارچێوەرێگایەدا عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا لە ٩ کانوونی دووەمی ٢٠١٩ ئەو ئەنجومەنە باڵایەی کە عەبادی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ دایمەزراند بۆ لە ناوبردنی گەندەڵی کارا بکاتەوەو هەموو تواناو وزەکانی دەوڵەتی عێراق بخاتە ژێررکێفی لە پێناو سەرخستنی ئەو پرۆژە گرنگە بە دیهێنانی ئامانجەکانی هەروەکو لە کۆتارۆژی ساڵی ٢٠١٨رایگەیاند ئەویش گرتنەبەری هەمووریکارەکان و یەکخستنی هەموو توانای دەزگا چاودێریی یەکانی عێراقە بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و پاراستنی ماڵی گشتی.

بەڵی ئەم هەنگاوە لە کاتێکدایە کە ساڵی رابردووی حکومەتی عێراق بە گوێرەی ئاماژەکانی ریزبەندی گەندەڵی نێودەوڵەتی کەرێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی رایگەیاندووە لەریزی ١٦٩ هەمین وڵات بووە لە کۆی ١٨٠ وڵات, هەر بەو بۆنەیەوە عادل عەبدولمهدی لە ٢٠١٨/١٢/٤رایگەیاند کە سیازدەهەزار دۆسێی گەندەڵی لە

دەستەی دەستپاکی عێراق تۆمارکراوە.

دۆسییەی گەندەڵی لە عێراقی نوێدا دۆسییەکی زۆر ئاڵۆزو هەستیارە دەستکاری کردنی ریسکێکی گەورەیە لە بەرئەوەی زۆرێک لە و حزب و قەوارانە دەستەڵاتدارو خاوەن میلیشیاو هێزی چەکدار و میدیای سەربەخۆیانن لەبەرئەوە هەموو حکومەتەکانی پێشوو لە ٢٠٠٣ ەوە شکستیانخواردوە لە بنبڕکردن و بەگژاچوونەوە و تەنانەت سزادانی زۆرێک لە تاوانبارە گەورەکانی تێوەگلاو بە تاوانی شەرمهێنەری گەندەڵی.

دوا بەڵگەش لە سەر ئەم وتانە ئەوەیە کە سەرۆکی دەستەی دەستپاکی عێراق (حەسەن یاسری) ساڵیرابردوو ٢٠١٨ دەستی لە کارکێشایەوەو وتی حکومەت هێچرێکارێکی جدی ناگرێتە بەر دژ بە گەندەڵکاران وەکو پێویست ئەویش تەنها ١٥٪ی ئەوانەی دۆسێیان لەسەر کراوەتەوە لە کۆی سیازدە هەزار دۆسێروبەڕوی داداگاکان کراونەتەوە ئەوانەش وادیارە لەوانەن کە پشت وپەناو هێزی چەکدارو خەڵکانی خاوەن دەستەڵات و بڕیاربەدەستیان لە پشت نەبووە.

هەرتایبەت بە گەندەڵی و میلیشیات و حزب و لایەنە سیاسیە جۆراو جۆرەکانی عێراق دۆسییەکی تری زۆر ئاڵۆز و مەترسیدار هەیە کە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە کەس زاتی ئەوە ناکات دەستی بۆ بەرێت ئەویش کەیسی موڵک و خانوو و زەویەکانی دەوڵەتە کە لەلایەن ئەو تاقم و گروپ و حزبانەوەی دەستی بەسەردا گیراوە نەک هەر لە بەغدادی پایتەخت بەڵکو لە هەموو پارێزگا کانی ناوەڕاست و باشووری عێراقیش.

بەڵام لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین و موسڵیش دوایرزگارکردنی لە دەستی داعش ئێستا زۆر باڵەخانەو موڵکی دەوڵەت لە لایەن حەشدەی شەعبیەوە دەستی بەسەردا گیراوە کە بە بیانووی ئەوەی هیرژێمی پێشووە وەکورژێمی پێشوو حکومەتی عێراق نەبوبێت و ئەم حکومەتەی ئێستا لەرووی یاساییەوە جێنشین و وارسی ئەو نەبێت.

جگە لەوەش دۆسێی زۆر لەوانە سامناکتریش هەن کە باس لەوە دەکەن کە زۆرێک لەو موڵک و تەلارو باڵەخانانە بەنرخی زۆرکەم ورەمزی بە کەسانی دەستەڵاتداری ناو حزب و لایەنەکان و تەنانەت حکومەتی عێراقیش فرۆشراون و تاپۆکراون وتۆمار کراوە یان بە کرێ ی زۆر کەم بە کرێ دروان لە کاتێکدا عێراق بە سەختترین قەیرانی دارایی دا دەڕۆیشت لە کاتی دابەزینی نرخی نەوت.

لە کۆتایی ئەم باسە خەمناکەدا کە لەوەیە زۆرترین قسەی لە سەر کرابێت و

کەمترین کردار کرابێت بۆ بنبڕکردن و بەگژاچوونەوەی، چونکە پەیوەندی بە ماڵی گشتیەوە هەیە کە وتت ماڵی گشتی هەموومان دەگرێتەوە هەر لە پارووی دەمی هەژاران و هەتیو پیرە ژن و پیرە پیاو کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتەوە تاوەکو کاربەدەست و دەوڵەمەندو نووسەرورۆژنامەنووسان و ئایندەی نەوەکانمان و نەوەی داهاتوویش بۆیە دەخوازێت هەموو شەڕی لە سەر بکەین پاراستنی مافی هەموو ئەوانەی ناوم بردوون بە پاراستنی ماڵی گشتی و حەرامکردنی لە هەموو ئەوانەی کە دەخوازن بە زۆری زۆردارەکی بەشی خەڵکی تر بخۆن بە حوکمی پێگەی حزبیو حکومی.

بۆیە دوا وتەو دوا تێبینیم بۆ ئەنجومەنی باڵای لەناوبردنی گەندەڵی کە بەڕێز عادیل عەبدولمهدی کارای کردۆتەوەو دەخوازێت گەندەڵی بنبڕبکات ئەوەیە هەرچەندە هیوادارم سەرکەوتو بێت و بتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت بەڵام پێناچێت جگە لە ئەڵقەیەکی تر بۆ زیادکردنی پۆست وقورستر کردنی باری بوودجە گشتی چونکە لە عێراقدا لە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتیش زۆر دامودەزگای چاودێری هەیە, پشکنەرەگشتیەکان لە هەموو وەزارەتەکان هەن کە دەتوانن ئەو ئەرکە بەجێبهێنن ئەگەر حووتە گەورەکانرێیان بدەن.

ژ. ٧٧٩١ لە ١٥+٢٠١٩/٢/١٦

# عیراق و دەستوور و
# کێشەکانی دوای ١٦ ساڵ

عیراق و هەرێمی کوردستان لە دوای ١٦ ساڵ لە پرۆسەیەک هێشتا لە سەرناوەکەی هەمووان کۆک نین کە ئایا ئازادکردنی عیراق بوو یان داگیرکردن، هەریەکە و شرۆڤەیەکی بۆ دەکات، ئەگەر ئەمریکا خاوەنی بیرۆکەکە و داینەمۆی پرۆسەکە بوو، بە یاسا خۆی بە داگیرکەری عیراق بناسێنێت ئەبێت پێکهاتەکانی عیراق چ ناوێکی لێ بنێن؟

راستە پێکهاتەی شیعە لە دوای دەوڵەتی عەباسییەوە خۆیان بە ژێردەستە و زوڵملێکراو و چەوساوە و پەراوێزخراو دەزانن لە جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتی لە عیراقدا، لەوەتەی لە ساڵی ١٩٢١ ەوە دەوڵەتی عیراق دامەزراوە، کەچی بەشێک لەوانیش عیراق بە داگیرکراو و ئەمریکاش بە داگیرکەر دەناسن. هەرچەندە لە ٨٤ ساڵی حوکمڕانی عیراقدا بە قەدەر ئەم سەردەمەی دوای پرۆسەی گۆڕانکاریی عیراق لە ٢٠٠٣ ەوە باڵادەست نەبوون.

کوردیش هەقی خۆیەتی ئەم پرۆسەیە بە ئازادی ناوببات، چونکە کۆتایی بە سەردەمی فەرمانڕەوایی تاکحزبی و دیکتاتۆری هات، کە جینۆسایدی کوردی بە بەرنامە جێبەجێ دەکرد.

سوونەی عەرەبیش کە فەرمانڕەوای پلەیەک و باڵادەستی عیراق بوون لە سەرەوەختی دامەزرانیەوە و سەرەڕای کەمیی ژمارەکەیان تاوەکو ٢٠٠٣، ئەم پرۆسەیە بە داگیرکردن ناودەبەن. چونکە ئەوان زیانمەندی یەکەم بوون.

ئەوەی دەخوازم قسەی لە سەربکەم ئەوەیە بۆچی عیراق لە دوای ١٦ساڵ لە نەمانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس و دیکتاتۆرەکەی سەدام حوسێن، سەرەڕای نووسینی دەستوور و راپرسی لە سەری، حکومەتی راگوزەر و پێنج کابینەی حکومەت و پێنج خولی ئەنجومەنی نوێنەران، هێشتا ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیووەو و بنەماکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە سەرپێی خۆیان نەوەستاون و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆ ژیانێکی شەرافەتمەندانە و ئاسایی و خزمەتگوزارییە سەرەتایی و پێویستەکانی هاووڵاتیان لە ئاو و کارەبا و چارەسەری تەندروستی و پەروەردەو ئاسایش لە ئاستی پێویستدا نین؟

**دەبێت ئەو هۆکارانە چی بن؟**

پێش ئەوەی هۆکارەکان بڵێم، حەز دەکەم ئەوە بپرسم کە ئایا گەلی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ئامادە و ساز بوو بۆ ئەم کرانەوە گەورەیە کە تا ٢٠٠٣ مۆبایل و سەتەلایت قەدەغە و یاساغ بوو تێیدا و سیستمی یەک حزبی و یەک رۆژنامە و یەک تەلەفزیۆن و... تاد. ئایا دیموکراسی و پەروەردەکردنی خەڵک لەسەری بە زنجیری تانک و بۆمب و فڕۆکە دەسەپێنرێت یان روونتر بڵێین ئایا سیستمی دیموکراسی وەکو سیستمی باتریۆتی ئەمریکی یان S٤٠٠ رووسییە کە دەکرێت بە ملیارەها دۆلار بیکڕیت و دایبمەزرێنیت؟

**هۆکارەکان :**

١. هەوڵدانی پێکهاتەی شیعە بۆ خۆسەپاندنی بەسەر پێکهاتەکانی تردا، واتە گۆڕینی حوکمڕانی عیراق لە دیکتاتۆری سوونننەوە بۆ شیعە، ئەمەش لە ١٦ ساڵی رابردوودا بە روون و ئاشکرا لە زۆر قۆناغی جیاجیادا بینرا. بەداخەوە بێ ئەوەی پەند لە حوکمڕانی ٨٠ ساڵی پێشووی عیراق ببینرێت کە کەس تێیدا ئارامی و ئازادی و خۆشگوزەرانی نەدی، جگە لە گۆڕی بە کۆمەڵ و کۆچکردنی زۆرەملێ و گۆڕینی ناسنامە و کیمیاباران و زۆرشتی تر.

٢. نەمانی متمانە لە نێوان پێکهاتەکاندا و بەتایبەتی دوای مەرگی سەرۆک کۆماری پێشووتر مام جەلال کە رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری بینی لە دوای پرۆسەی ئازادی لە کۆکردنەوەی هەموو ناکۆکەکان.

٣. دەستوەردانی دەرەکی کە کاریگەری راستەوخۆی هەبوو بۆ ئەوەی عیراق نەبێت بە وڵاتێکی ئارام و پێکەوەژیانی برایانە لە نێوان پێکهاتەکانیدا، بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە نەگوازرێتەوە بۆ لای ئەوانیش، بە تایبەتی کە عیراق بوو بە خاوەنی یەکێک لە جوانترین دەستوورەکان لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەوان سەرکەوتن لەوەدا و پێش بە جێبەجێکردنی دەستوور بگرن و قەیران لە دوای قەیران بۆ عیراق بخوڵقێنن.

٤. جێبەجێ نەکردنی دەستوور لە لایەن هەندێک هێز و لایەنەوە و دروستکردنی کۆسپ و لەمپەر لە بەردەمیدا، کە ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی عیراق وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ نەمێنێتەوە و سامان و داهاتەکەی بە فیڕۆ بڕوات.

ژ. ٧٨٤٣ لە ٢٠١٩/٤/٢١

# بەرەو سەرژمێریی گشتی
# دانیشتووانی عیراق لە ساڵی 2020 دا

پرۆسیسی سەرژمێریی دانیشتووان هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە بۆ دانانی پلان و بەرنامەی گەشەکردنی ئابووری و مرۆیی لەسەر ئاستی وڵات و بەرکەوتەی هەر تاکێک لە بودجەی گشتی. لە لایەکی تریشەوە لە رووی سیاسی و یاسایی و دەستووریشەوە دەکرێت بەرچاوڕوونی تەواو بدات بۆ دیاریکردنی قەوارەی راستەقینەی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن.

ئەگەرچی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریشدا هەر ١٠ ساڵ جارێک سەرژمێریی گشتییان ئەنجامداوە، لە ساڵی ١٩٢٧ ەوە تا ١٩٩٧ سەرەڕای هەموو قەیران و کێشەکان، بەڵام لە عیراقی نوێدا تا ئێستا ئەو پرۆسە گرنگە ئەنجام نەدراوە.

ئەوەی شایانی هەڵوەستە لەسەر کردن و مەبەستی ئەم وتارەی منە، ئەمجارە سەرژمێریی گشتییە لە عیراقدا کە بڕیارەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەنجام بدرێت ئەگەر جارێکی تریش دوانەخرێت وەکو چەند جارێکی تر بڕیاری وا دراوە و دواتر بە بیانوو و پاساوی نەبوونی بڕی پارەی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، جگە لە نەسازان و رێکنەکەوتن لە نێوان هێزە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عیراقدا، لە دوای نووسینی دەستووری عیراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە بە تایبەتی بە هۆی مادەی ١٤٠ دەستوری تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان کە دەبوو تا ساڵی ٢٠٠٧ چارەنووسی ئەو ناوچانە بە گوێرەی دەستوور یەکلایی بکرایەتەوە.

ئەوەی ئەمجارە ئاماژەی بەهێزە بۆئەوەی سەرژمێریی گشتی بەڕێوەبچێت لە عیراقدا و دوانەخرێت بە هیچ پاساو و بیانوویەک، ئەوەیە کە دەستەی باڵای سەرژمێریی دانیشتووان و شوێنی نیشتەجێبوون واتە (مسكن) یان ماڵ، بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پێکهێنرا، وەکو وەزارەتی نەخشەکێشانی عیراق رایگەیاندووە کە پێکهاتووە لە هەردوو سەرۆکی لیژنەی نیشتمانیی سیاسەتی دانیشتووان و دەزگای ئاماری ناوەندی عیراق و دوو نوێنەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەران و بریکاری وەزارەتەکانی ئاسایش و خزمەتگوزاری و هەروەها نوێنەری دیوانەکانی وەقفی شیعە و سوننە و ئایینەکانی دی کە ئەرکی ئەم دەستە باڵایە ئەوەیە کە:

١. دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێرییەکە و هەموو کۆمیتەکان و لقەکانی لە سەرتاخواری وڵاتدا لە هەموو قۆناغەکانی لە کاتە جیاوازەکاندا.

٢. دەستنیشانکردنی هەموو پێداویستییە مادی و مرۆییەکانی و چۆنێتی خەرجکردنی تێچووی پرۆسەکە و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی لە هەموو قۆناغەکانیدا.

٣. بڕیاردان لەسەر دواشێوەی ئەو فۆرمەی کە سەرژمێرییەکەی لەسەر دەکرێت، لە چۆنێتی سەرژمێریکردن و هەر بابەت و پرسیارێکی تر کە دەستەکە بە پێویست و گرنگی بزانێت و جێگیری بکات لەو فۆرمەدا.

وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عیراق بە میدیاکانی راگەیاندووە، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی داهاتوو واتە ٢٠٢٠ پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان و ماڵەکانیان ئەنجام دەدرێت، ئەوەی ئەمجارەی جیاوازە لە جارەکانی دی وشەی (مساكن)ی بۆ زیادکراوە، سەرژمێری کە مەبەست ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتییانە. هەروەها ئەوەشی راگەیاندووە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێک وڵاتی تری دۆست کۆمەک و راوێژی پێویستمان پێشکەش دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسە گرنگە.

لە کۆتاییدا ئەوەی پەیوەندیی بە کورد و مادەی ١٤٠ی دەستوور و ناوچە جێناکۆکەکانەوە هەیە و جارێکی تر بە ئاشکرا خۆدزینەوەیە لە جێبەجێکردنی، ئەوەیە کە عەبدولزەهرە هنداوی وتەبێژی وەزارەتی پلاندانان و سەرۆکی دەزگای ئاماری ناوەند، هەر لەو میانەیەدا ئەوەشی وتووە کە ئەم ئامار و سەرژمێرییە هیچ پەیوەندییەکی بە مادەی ١٤٠ ی دەستوورەوە نییە و تەنانەت وەڵامدانەوەی پرسیاری نەتەوە و ئایین و ئایینزا ئارەزوومەندانەیە و هاووڵاتییان ئازادن لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە یان وەڵام نەدانەوەی و هەروەها وتی، ئامانجی ئەم پرۆسەیە تەنها بۆ مەبەستی پلان و گەشەکردنی وڵاتە.

ژ. ٧٨٦٧ لە ٢٠١٩/٥/١٩

# بەشی سێیەم

# ئـــــــێران

# یارییەکەی ئێران

هەر لەوکاتەوەی کە دۆناڵد ترەمپ وەکو کاندیدی پارتی کۆماریەکانی ئەمریکا یەکلابوویەوە لە هەڵمەتی بانگەشەکەیدا یەکێک لەو تەوەرانەی کە زۆر پێداگیری لەسەر دەکرد ئێران و دۆسییەی ئەتۆمی وریکەوتنی (٥+١) بوو، ئێستاش لە دوای دەست بەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەکو سەرۆک کۆماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠ی مانگیرابردووەوە بەرنامەو پەیمان و بەڵێنەکانی بە دەنگدەرانی خۆی جێبەجێ دەکات سەرەڕای ناڕەزایی بەرینی خەڵک و دام ودەزگا فەرمیەکانی ئەو وڵاتە.

ئێران یاری بە ئاگردەکات،ئێرانیەکان نازانن سەرۆک ئۆباما چەند باش بووە لە گەڵیان من وەکو ئەو نیم. ئەمە ئەو جریووەی ترەمپە لە سەر حسابی خۆی لە تویێتەر.

ئێستاش لە دوای ئەوەی ئێران تاقیکردنەوەیەکی تری مووشەکی بالیستی ئەنجامدا لە چەندرۆژیرابردوو دا جارێکی تر سەرەڕای سووربوونی ترەمپ لەسەر هەنگاونان دژبە ئێران چ بە هەڵوەشاندنەوەیریکەوتننامەی (٥+١) یانراستکردنەوەی. ئەم هەنگاوەی ئێران پاساوی دا بە سەرۆکی تازە هەڵبژێراوی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ کە خێرا ئابلۆوقەو سزای ئابووری بخاتە سەر زیاتر لە ٢٥ کەسایەتی و قەوارەی ئێرانی کە پەیوەندیان بەچالاکی بەرنامەیرۆکیتی بالیستی ئەو وڵاتەوە هەبێت و جگە لەوەی ئێرانیش یەکێکە لەو حەوت وڵاتەی کە هاوڵاتیەکانیان قەدەغەی چوونەناو ئەمریکایان خراوەتە سەر.

جگە لە هەموو ئەوانەش لێدوانەکانی ترەمپ لە سەر دەستوەردانەکانی ئێران لە عیراق کە دەڵێت ئەمریکا تریلیۆنەها دۆلاری لە عیراقدا خەرج کردووە هەزاران سەربازی ئەمریکا لە عیراقدا کوژران، کەچی ئێستا ئێران حوکمڕانی عیراقەو وەکو پارووپەکی چەورو ئاسان پێشکەش بە ئێران کرا.

لەلایەکی ترەو پەلاماردانی کەشتیەکی دەریایی لە ئاوەکانی کەناری یەمەن لە لایەن حوسیەکەناوە کە نزیکن لە حوکومەتی ئێرانەوە، کە هاتوچۆلەرێگا دەریاییە نێو دەوڵەتیەکان دەخەنە مەترسیەوەو جگە لە پێشرەوییەکانی ئێران لە سوریا و لە لوبنان و عیراق وبەحرێن هەموو ئەمانە نیگەرانی ئەمریکاو وڵاتەرۆژئاواییەکانی لێکەوتوەتەوە.

### کاردانەوەی ئێران بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ترەمپ

سەرۆکی ئێرانی حەسەنرۆحانیرایگەیاند، کە سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ تازە هاتووەتە ناو دنیای سیاسەتەوەو ئاگاداری زۆری لەو بارەوە نییە و لە بەرامبەر لە قەدەغەکردنی سەر هاوڵاتیانی ئێرانی بۆچوون بۆ ئەمریکا ئەمانیش هەمان هەنگاویان بەرامبەر هاوڵاتیانی ئەمریکا نا لە لایەکی ترەوە عەلی ئەکبەر ولایەتیراوێژکاری خامنەئیرابەری شۆرشی ئیسلامی ئێرانرایگەیاند، کە ئێران بەردەوام دەبێت بە هەموو توانایەکیەوە لە سەر چالاکیە مووشەکیەکانی و گوێ بە هەڕەشەکانی ئەمریکا نادات.

لەلایەکی ترەوە کردنەوەی ناوەندێکی ئیقلیمی پەیمانی ناتۆ لە کوێت هەڵوێستە توندەکانی بەریتانیا دەرهەق بە ئێران لەم ماوەیەدا دووپات دەکاتەوەو هەر لەو چوار چێوەدا خۆی دەبینێتەوە کەرێ لەخواستەکانی ئێران بگرن کە دەخوازێت دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت.

### هەڵوێستی تازەی ئەمریکا دەرهەق بە ئێران

هەر لە چوار چێوەی ئەو زمانەتوندو تیژەی ئیدارەی تازەی ئەمریکا بەرامبەر بەرژێمی ئێران سەرۆکی تازەی ئەمریکا بەڵێنی گۆڕانکاری گەورەی داوە دژبە ئێران و ئەورێکەوتنەی کە لەگەڵ ئێران واژۆکراوە، بە خراپترینرێکەوتن ناوبرد. لە وەڵامی پرسیاریرۆژنامە نووساندا سەبارەت بە چالاکیرۆکێتی بالیستی ئایا ئەگەری بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە ئارادایە؟ وتی : هەموو ئەگەرەکان کراوەن. لەلایەکی ترەوە پۆل ریان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا وتی، من لایەنگری سزای زیاترو توندترم بۆ سەر ئێران.

### چارەنووسی رێکەوتنی (٥+١)

ڕێکەوتنەکە کەوتووەتە ژێرفشارێکی زۆری میدیاو لەلایەکی ترەو فشاری ئەمریکاش لە گۆڕەپانەکانی تری جموجولۆچالاکی ئێران لە یەمەن و شوێنەکانی تر لەڕووی سیاسیشەوە پێدەچێت هەڵوەشاندنەوەیرێکەوتنەکە زۆر ئاڵۆزتربێت لە و تۆمەت بەخشینەوەی نێوان واشنتۆن و تاران، لە بەرئەوەی زۆر فاکتەرو پاڵنەر هەبوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەورێکەوتنە لەوەگەورەترە لە نێوان دوو وڵاتدا قەتیس بکرێت، لە بەرئەوەی بەرژەوەندی زۆر دەوڵەت و هێزی نێو دەوڵەتی تری تێدایە، کە رازی نابن پەک بخرێت بە تایبەتی دوای لابردنی سزاکانی سەر ئێران و گەشەکردنی

پەیوەندییە بازرگانی و ئابووریەکانیان لە گەڵ ئێراندا لە لایەکە ترەوە هەندێک لەو باوەڕدان کە ترەمپ خۆی دەشارێتەوە لە هەڵوەشاندنەوەیرێکەوتنەکە،بەڵام هەوڵدەدات هیچ بوارو کون وکەلەبەرێک نەهێڵێتەوە کە ئێران بتوانێت سوودی لێوەربگرێت بۆ بازدان بەسەر سزاورێگرییەکان بۆ پێشووەچوونی پرۆگرامە ئەتۆمی یەکەی،هەندێکی تر لەو بڕوایەدان کە ترەمپ ناتوانێت کۆ دەنگیەکی وا کۆ بکاتەوە کەرێکەوتنەکە بخاتە گفتوگۆوە بەڵکو دەخوازێترێککردنەوەیەکی تێدا ئەنجام بدات کە دامەزراوە سەربازییەکانی ئێرانیش بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین رێکەوتنەکە و جێبەجێکردنی پێدەچێت زۆر کێشەو هەڵکشان و داکشان بەخۆیەوە ببینێت بەتایبەتی کە هەردوولای ململانێکە گۆڕەپانی تر زۆرە کە لەرێگەی بریکارەکانیانەوە لەیەکتری بدەن و یەکلایی بکەنەوە.

٢٠١٧/٢/١٢ – ٧١٩٢

# تەنگەی هورمز
# لە چەقی ململانێکاندا

تەنگەی هورمز ئەورێڕەوە ئاوییە یە، کە دەکەوێتە نێوان سوڵتاننشینی عومان و ئێرانەوە کە کەنداوی عەرەبی دەبەستێتەوە بە کەنداوی عومان ودەریای عەرەب و ئۆقیانووسی هیندەوە، کەنداوی عەرەبیش گەورەترین و وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت و غاز وەکو ئێران و عەرەبستانی سعودیە و عیراق و کوەیت و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و قەتەر لە خۆ دەگرێت کەواتە ئەم تەنگەیە پێگەیەکی گرنگی دەریاییە لە کۆتایی کەنداوی عەرەبیدا.

لە دوای هەڵکشانی ناکۆکیەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران بە دیاریکراوی دوای دەست بەکاربوونی سەرۆک ترەمپ و پاشەکشەی ئەو وڵاتە لەرێککەوتننامەی (٥+١) رۆژ بەرۆژ پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕۆن لە کاتێکدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوازدە مەرجی بۆ ئێران داناوە بۆ ئەوەی پابەند بێت پێ یەو کە دیار ترینیان وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمی ورۆکێتی بالیستی دوور مەودایە و دەست وەرنەدانە لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەکو سوریا و عیراق و لوبنان و یەمەن.

وارووداوەکان بۆ پێشەوە دەڕۆن لە کاتی جێبەجێ نەکردنی مەرج و داخوازییەکانی ئەمریکادا کە ئێران تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی پیشان نەداوە بۆ پەسەندکردنی، ئەمریکیەکان باس لەوە دەکەن کە قورسترین و سەخترین سزای ئابووری و بازرگانی بە سەردا بسەپێنن کە مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نەدیبێت بە تایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بە نیازە لەرێگای وڵاتانی دۆستیەوە کڕینی نەوتی ئێران لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەوە بووەستێنێت.

***تەنگەی هورمز دادەخرێت؟***

لەوەڵامی ئەو هەنگاوەی ئەمریکادا سەرۆکی ئێرانی رۆحانی هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمز دەکات کە نزیکی ٣٠٪ نەوتی جیهان بەوێدا تێپەڕ دەبێت لە کاتێکدا ئێران خاوەنی درێژترین کەنارە لە کەنداوی عەرەبیدا و ئێران نەوت و غاز کە بەشێکی زۆری داهاتی نەتەوەیی پێکدەهێنن ئەم هەنگاوەی

ئەمریکا لێدانە لە خاڵە هەستیارو ستراتیجیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر لە سەرەتاکەیدا دراوی ئەو وڵاتە بەشێکی زۆری بەهاکەی لە دەستدا. بۆیە هەڕەشەکان هەر بە وتەکانی سەرۆک کۆمارەوە نەوەستا بەڵکو زۆرێکی تر لە فەرماندە دیارەکانی سوپای پاسداران هەڕەشەی توندیان دا وتیان ئەگەر ئێمە نەوت نەفرۆشین ئەوا وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەش ناتوانن بیفرۆشن و تەنگەی هورمز یان دەبێت بۆ هەمووان بێت یان نابێت بۆ کەس بێت.

#### گرنگی ئابوری تەنگەی هورمز

تەنگەی هورمز سێ یەکی وزەی جیهان لە نەوت و غاز ساڵانە لێرەوە دەڕۆن بە شێوەیەک بە گوێرەی سەرچاوەکانی وزەی ئەمریکی ساڵی ٢٠١٦رۆژانە ١٨,٥ بەرمیل نەوت لەوێوەرۆیشتووە.

#### کێ زەرەرمەندە لەم هەنگاوە؟

لە کاتی داخستنی تەنگەی هورمز نرخی نەوت بە شێوەیەکی کتوپڕ بەرز دەبێتەوە کە ئەمەش لە پێش هەموو کەس وڵاتانی فرۆشیارو کڕیار زەرەرمەند دەبن و شۆفێرو بەکاربەرانی نەوت و بەرهەمەکانی لە هەموو کون قوژبنێکی ئەم جیهانە بە تایبەتی بەشێکی زۆری ئەو نەوتەی لێرەوە دەڕوات بۆ وڵاتانی ئاسیاویە وەکو چین و یابان و هیندو کۆریای باشوورو سنگافورە کە لە ساڵی ٢٠١٦ - ٨٠٪ ئەو نەوتەی لەوێوەرۆیشتووە بۆ ئەو وڵاتانە چوون.

#### ئەلتەرناتیف بۆ تەنگەی هورمز

هەرچەندە لە ناوچەکەدا جگە لە عیراق کە بۆڕی نەوتی هەیە بو بەندەری جیهانی تورکی و هێڵی تری هەیە بۆ بەندەرە بانیاس لە سوریا کە ساڵانێکی زۆر لە کار کەوتووە عەرەبستانی سعودیە و ئیماراتی عەرەبیش هێڵ و بۆڕی یان هەیە بۆ فرۆشتنی نەوت و غاز بە شێوەیەکی کەم کە ناتوانێت جێگەی ئەو بڕە زۆرە بگرێتەوە کە لە تەنگەی ناوبراوەوە هەناردە دەکرێت.

لە کۆتاییدا داخستنی هورمز لەوەیە هێندە کارێکی ئاسان نەبێت لە بەر هەستیاری بارودۆخی ناوچەکەش و لە بەرامبەردا ئەمریکیەکان بەڵێنی ئەوە دەدەن کە هاتوچۆ و جموجوڵی دەریایی کەشتیەوانی لە کەنداوی عەرەبی و تەنگەی هورمز دەپارێزن و لە هیچ کەس و لایەنێکی قبووڵ ناکەن چونکە لە کاتی

شەڕی هەشتساڵەی عیراق و ئێراندا کە کاردانەوەو پرژی شەڕەکە گەیشتە ئەوێندەریَ شەڕەکە وەستا، چونکە ئیتر بەرژەوەندی زۆرێک لە وڵاتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان کەوتنە مەترسیەوە ئەوکات هێزە دەریاییەکانی ئێران هەندێک مینی یان دانا لە ئاوەکانی دا کە کاردانەوەی توندی ئەمریکای لێکەوتەوە کە زۆرێک لە بنکەو بەندەرو ناوەندەکانی نەوتی ئێرانی بە ئامانج کران و بەشێکی زۆری هێزی دەریاییەکان لە ناوبران.

ژ. ٧٦١٢ لە ٢٠١٨/١١/١١

# سزا و گەمارۆی ئابووری و ئێران

سزا و گەمارۆی ئابووری لە پوختترین پێناسەیدا ئەوەیە کەوا دەوڵەتێک یان دەوڵەتگەلێک یان ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەنگاوێک یان پرۆسەیەک ئەنجام بدات بۆ ئەوەیرەفتاری وڵاتێک بگۆڕێت یانرێگری بکات لە ئەنجامدانیرەفتارێکی یاساغ بە یاسا و عورفی نێو دەوڵەتی.

ساڵانێکە سزاو گەمارۆی ئابووری وەکو کەرەسەیەکی کاریگەری لێهاتووە بە دەست ئەمریکا وڵاتانیرۆژاواوە بۆ بەرگرتن لە زۆررەفتار و کرداری وڵاتان کە ئاسایش و ئارامی وڵاتان دەخەنە مەترسی یەوە، بۆیە هەرلە ساڵی ١٩٩٠ کاتێکرژێمی ئەوسای عیراق دەوڵەتی کوەیەتی دراوسێی داگیرکرد لە ٢ ی ئابی هەمانساڵدا سزایەکی گشتگیری نێودەوڵەتی خرایە سەر عیراق دواتریش لەم دواییەدا سزاو ئابلۆوقە بەکارهێنرا بۆ قەیران و کێشەکانی چەکی ئەتۆمی دژ بە کوریای باکوور و ئێران هەروەها دژ بە روسیا لەکاتی داگیرکردنی دوورگەی قرمی ئۆکرانیا و دواتریش هەوڵی روسیا بۆ ژەهراوی کردنی سیخوڕێکی روسی (سیرجی سکریباڵ) و مناڵەکەی لە بەریتانیا بە مادەی کیمیاوی (نوفیتشوک) کە لەرووسیا بەرهەم هاتبوو.

### جۆرەکانی سزا

١. سزای گشتگیر ئەو سزایەیە کە بەشێکی زۆری لایەنەکانی ژیان دەگرێتە و چ لەرووی پەیوەندی بازرگانی و پەیوەندییە دیبلۆماسیەکان و هەموو پەیوەندییەکانی تریش کە ئەمەش زیانی گەورە دەگەیەنێتە بە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە لەگەڵ بەرپرس و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە کە تۆمەتبارن بەکاری یاساغ و پێچەوانە بە یاساو عورفی نێودەوڵەتی وەکو ئەو ئابلۆوقەی کاتی خۆی خرایە سەر عیراق ئەو ئابلۆوقە و سزایانەش وا ئێستا دژ بە ئێران لە سەرتاکەیەوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٢. سزای زیرەک ئەو سزانەیە کە دەخرێتە سەر ئەو سەرکردەو بڕیار بەدەستانە و هەروەها ئەوانەی هاوکار و هاوپەیمانیانن کە ئەمەش چینێکی دیاریکراو دەگرێتەوە کە کاریگەری بۆسەر هاوڵاتیانی وڵاتی بە ئامانجکراو نابێت،چونکە سزای گشتگیر تێچوویەکی زۆری دەوێت بەڵام سزای زیرەک کەمتر،وەکو کاتێک ئەمریکا سزای هەردوو وەزیری داد و ئاسایشی ناوخۆی

تورکیای دا لە ئابی ٢٠١٨ بەهۆی دەستگیرکردنی قەشە (ئەندرۆ برانسۆن) ەوە.

سزای زیرەک زۆر شێوازی هەیە دەتوانن وڵاتانی خاوەن دەستەڵات بەکاری بهێنن بۆ مەبەستی پاراستنی ئارامی و ئاسایش و یان بۆ سەپاندنی ئەجنداو هەژموونی خۆیان بە سەر وڵاتانی تردا ئەوانیش ئەمان :

١. قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک و کەرەسەی سەربازی.

٢. سڕکردنی پارەو داهاتی مالی هەموو ئەو وڵات و قەوارەو تاقمانەی کە کارەکە ئەنجامدەدەن وەکو ئەوەی بەرامبەر بە حزبوڵای لوبنان کراوە لە لایەن ئەمریکاوە.

٣. سزای دیبلۆماسی وەکو ئەوەی ئەمریکا و کەنەداو چواردەی وڵاتی ترلە ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا ئەنجامیاندا بە دەرکردنی دیبلۆماتکارە روسەکانی دوای ژەهراویکردنی سێخوڕە روسەکە لە بەریتانیا.

٤. سزای ئاسمانی ئەویش قەدەغەکردنی هاتوچۆی هێڵەکانی فڕۆکەوانی بۆ وڵاتی بە ئامانجکراو وەکو ئەوەی دژ بە هەرێمی کوردستان کرا لە دوایریفراندۆم.

### ***مەبەست و ئامانج لە ئابڵووقە***

دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان و گەلێک لە حکومەت و دەستەڵاتە نیشتمانیەکان ئەم سزایانە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەیرێ لە کارو کردەوەی دژ بە یاسا بگرن و هەروەها هەژموونی خۆشیان بسەپێنن و هەروەها سزا بەکار دێت بۆ بەگژاچوونەوەی زۆر قەیران و دیاردەی تر لەوانە بۆ بەگژاچوونەوەو لەناوبردنی تیرۆر و مادده هۆشبەرەکان و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و هەروەها بۆ بۆ دامەزراندنی سیتمی دیموکراسی وچەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی زۆرێک لە کێشەو ململانێکان.

لە کۆتاییدا ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای ئەوەی لە ٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٨ەوە خوولی دووەمی سزاکانی خرایە سەر هەرچەندە بە هۆی ئەوەی هەشت وڵات لە ناویاندا عیراق و تورکیا بەخشێنران و بووران لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە، پێناچێت وا زوو ئاکامی خێرا بدەن بەدەستەوە هەرچەندە ئێران گرەو لە سەر تواناکانی خۆی دەکات بۆ بەرنگاربوونەوەی سزاکان هەروەکو چۆن لە ٣٩ ساڵی تەمەنی خۆیدا وای کردووە ئێستاش ئەوان لە ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی سەختدان لە گەڵ ئەمریکادا گرەو لە گەڵ

کاتدا دەکەن کە دوای دووساڵی تر ترەمپ دەبێتەوە بە سەرۆک؟
لە هەمانکاتیشدا ئەزموونەکانی ئەمریکا لە عیراق و کوریای باکوورو زۆر شوێنی تریشدا ئەوەمان پێدەڵێن کە دەرباز بوونی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم ململانێیدا کارێکی هێندە ئاسان نابێت.

ژ. ٧٦١٤ لە ٢٠١٨/٧/١٥

# ئاماژەکانی بەریەککەوتنی ئەمریکاو ئێران

ئەگەر لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باراک حسین ئۆباما پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ لێکدابڕان و ململانێی قورس بووبێت بە ئاشکرا لە زۆر شوێنی جیهانە ئەوا لە سەردەمی ئۆبامادا دوای چەندین ساڵ و خوولی دیالۆگرێکەوتننامەی (٥+١)لە ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە دۆسیێی ئەتۆمی ئێران هاتە واژۆ کردن لە نێوان پێنج وڵاتی گەورەی جیهان و ئێران کە ئێران براوەی یەکەم بوو تێیدا.

بەڵام لە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٧ ئەو بارودۆخە بە تەواوی بەپلەی ١٨٠ گۆڕا ترەمپ هەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو پابەند نابێت بەورێککەوتنەوە و بەڵکو پاشگەزدەبێتەوەو هەرواشی کرد دواتر پاشەکشەی لێکرد و دەستی بە سەپاندنی سزاکان لە جاران توند تر کردەوە بە سەر ئێراندا وەکو دەڵێن قورسترین سزا کە تائێستا لە وێنەی نەبووە.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەرچەند هەندێک بۆچوون و ناوەند هەیە ئەمە بە مانۆڕ دەبینن و دەڵێن ئەمریکاو ئێران ناکۆکی گەورەیان نیە لە زۆر دۆسیێدا هەماهەنگ و تەبا بوون چ لە شەڕی داعش و چ لەرووخانیرژێمی پێشووی عێراق, بەڵام لە ئێستادا دۆخی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە هەڵچوون و کوڵان دایە هەر لە شەڕە جوێن و هەڕەشەکانی ترەمپ لە تویتەرەوە تاوەکو وەڵامەکانی ئێران دوورنیە لە هەر کات و ساتێکدا شەڕێکی خوێناوی هەڵبگیرسێت کە تەڕو وشک بە یەکەوە بسووتێنێت و کوژانەوەی ئاسان نەبێت و زۆر شوێنی تریش بگرێتەوە.

هەرچەندە هەردوو وڵات ئەمریکاو ئێرانیش باش دەزانن کە تێچووی جەنگ چەندە و چی یە لەبەر ئەوەی هەردووکیان ئەزموونی جەنگیان هەیە و بەتایبەتی ئێران کە هەشت ساڵ لە شەڕی بەردەوام بوو لە گەڵ عێراقدا بە بێ ئاگربەس و دواتریش ئاگاداری زۆرێک لە شەڕوململانێکانی ناوچەکەیە هەر لەئەفغانستانەوە تاوەکو یەمەن و سوریا و لوبنان و عێراق و گەلێک شوێنی تریش بە هەمان شێوە ئەمریکاش کاراکتەریراستوخۆی زۆرێک لە جەنگ وململانێکانی جیهانیشە

نەوەکورۆژهەڵاتی ناوین بە تەنها.

سەرەڕای ئەوانەش کەچی ئێستا وا تەپڵی شەڕ لێدەدەن و بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت بۆ هەموو هاوڵاتیەکی ئاساییش نەوەکو چاودێران و ئاگایانی سیاسی جیهان, زەمینە سازی بۆکراوە و گەلێک فاکتەر هەن ئاماژەن بۆ ئەوەی لە هەر چرکە ساتێکدا پریشکی ئەو جەنگە دابگیرسێت لەوانە :

١. سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپرووبەڕووی فشارێکی زۆر ی نەیارەکانی ناوخۆر بووەتەوە بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی چەندین هەواڵ لەمیدیای کانی ئەمریکاوە کەباس لە پەیوەندی ترەمپ وروسیا دەکەن هەروەها شاردنەوەی زانیاری لەسەر کۆبوونەوەکانی لە گەڵ فلادیمیر پۆتینی سەرۆکیروسیا، جگە لەوانەش لیکۆڵینەوەکانی دادوەر میللەر لە سەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ترەمپ و لێکۆڵینەوەکانی فیدراڵی ئەمریکی (F B I) لە سەر هاوکاری ترەمپ بە نهێنی لە گەڵروسیا کە هەموو ئەوانە وادەکەن ترەمپ وەکو دەرەچەیەک بۆ دەربازبوون لەو فشارانە جەنگێک بەرپا بکات و پەلاماری ئێران بدات.

٢. بارودۆخی ناوخۆی ئێران و گەمارۆ و سزاو ئابڵووقەی ئابووری ئەمریکا کاریگەری خراپیان کردۆتە سەر خەڵکی ئێران لە چەند مانگیرابردوودا لە زۆرکونج و کەلەبەری ئەو وڵاتە ناڕەزایی و خۆپیشاندان ئەنجامدراوە دژ بە دۆخی خراپی ئەو وڵاتەکە ئەمریکا خوازیارە لەریگەی ئەو سزانەوە خەڵکی ئێران بشڵەژێنێت وبەرەی ناوخۆیی ئێران تێکبدات و لە بەرژەوەندی خۆی سیستمێکی تر لە ئێران پیادەبکرێت.

٣. سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ هەشت وڵاتی ناوچەکە مەسجێکە بۆ هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکەکە بەر بە هەژموون و دەسەڵاتی ئێران دەگرن لە ناوچەکە کەدا خۆ ئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەی لوتکەی وارسۆ دژ بە تیرۆر و بۆ سەقامگیری ناوچەکە.

٤. هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا خاڵێکی زۆر گرنگە بە تایبەتی لە عێراق کە سێ یەکی کورسیەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دۆستەکانی ئێرانن کە میلیشیات و هێزی چەکداریان هەیەو هەڕەشەن بۆ سەررۆڵی ئەمریکا لە عێراق و بە تایبەتی وا خەریکن بە یاسا داوای خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکان لە عێراق, جگە لەرۆڵی ئێران لە یەمەن کە یارمەتی حووسیەکان دەدات و لە لوبنان حزبولاو لە سوریاشراستەوخۆ بەشداری ململانێکانەوە کاراکتەرێکی ئێجگار ئەکتیفە لە بەر هەموو ئەوانە ئەگەر ئێران ئەو سیاسەت ورەفتارانە نەگۆڕێت ئەو ئەگەری

هەڵگیرسانی شەڕ هەموو چرکەیەک نزیکتر دەبێتەوە.
٥. لە دەستدانی پشتیوانی ئەوروپا هەرچەندە ئەوروپیەکان لەرێکەوتننامەکە نەکشانەوە و پابەندی خۆیان پێوەڕاگەیاند، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی چەندین هەواڵ کە گوایە دەزگا هەواڵگریەکانی ئێران هەوڵی تیرۆرکردنی سەرکردەوکەسایەتیە ئۆپۆزەسیۆنەکانی ئێران دەدەن لە سەر خاکی وڵاتانی هۆڵەنداو فەرەنساو دانیمارک ئەوروپیەکان سزایان دەرکرد بۆئەو دەزگا هەوڵگرییانە هەرچەندە ئەو وڵاتانە پەیوەندی و بەرژەوەندی زۆر بازرگانیان لە گەڵ ئێراندا هەیە بەڵام ئاسایشی ئیستراتیجی خۆیان بەلاوە گرنگترە، کە ئەمانەش هاندەر دەبن ئەمریکا زووترپەلاماری ئێران بدات.

ژ. ٧٧٧٩ لە ١+٢٠١٩/٢/٢

# ئیسرائیل بێ دەنگە
# لە ململانێ ی ئەمریکاو ئێران

وەکو تێبینی دەکرێت ململانێ و ناکۆکی یەکانی ئەمریکا و ئێران لە چەندرۆژی‌رابردوودا هەڵکشان و کارو کاردانەوەی گەرم و گوڕیان بە خۆیانەوە دی و کار گەیشتە ئەوەی ئەمریکا جووڵە بە هێزەکانی بکات بەرەو ناوچەی کەنداو کەشتی گەلی جەنگی زەبەلاح و پڕچەک بە تازەترین و وێرانەکەرترین جۆرەکانی چەکی هێرشبەرو تەکنولۆجیای پێشکەوتوو کە بە وزەی ئەتۆم کاردەکەن، هەموو ئەمانە لە کاتێکداروو دەدەن کە دەوڵەتی ئیسرائیل کە فاکتەرو ئامانجێکی گرنگ و دوورمەودای ململانێ ی نێوان ئەمریکا و ئێرانە چونکە یەکێک لەو بنەما سەرەکیانەی کە هێزی ئەمریکا لە ناوچەی‌رۆژهەڵاتی ناوینە پاراستنی ئاسایش و بەرژەوندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلە، کەچی ئیسرائیل بێدەنگی هەڵبژاردووە.

***دەکرێت بپرسین بۆ بێدەنگە ئیسرائیل؟؟***

هەروەکو چۆن لە شەڕی کەنداوی یەکەم و دووەم لەکاتی ئازاداکردنی کوەیت و دواتر پرۆسەی ئازادی عێراق سەرەڕای ئەوەی‌رژێمی سەدام حسین سی و نۆ رۆکێتی زەمین بە زەمینی هاویشت بۆ ئیسرائیل بەڵام ئیسرائیل هیچ کاردانەوەیەکی پیشان نەدا لە بەر هەستیاری دۆخەکە کە ئەمریکا هاوپەیمانی بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوو لەو جەنگانەدا ئیستاش کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشە لە ئیسرائیل و هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکات و بە ئاشکرا باسی دەیان هەزار مووشەک دەکەن کەلە لای حزبوڵای لوبنانن لە لوبنان بەرەو ئیسرائیل دامەزراون کەچی حکومەتی تەلئەبیب بێدەنگی هەڵبژاردووەو جگە لە لیدوانێکی وەزیری وزەی ئیسرائیل (یوفال شتاینتز) کە هۆشداری دا لە هەر هێرشێک بکرێتە سەر وڵاتەکەیان لە لایەن ئێران و میلیشیا هاوپەیمانەکانی یەوە.

ئەوەی لە چەندرۆژی‌رابردوودا دۆخەکەی زیاتر شەڵەقاند لیدوانەکانی دکتۆر ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق بوو بۆ گۆڤاری فۆریگن پۆلیسی ئەمریکی کە باسی لەوە کرد کە هەواڵگری ئیسرایلیەکان هەواڵی جمووجووڵی‌رۆکێت ومووشەکە بالیستیەکانی ئێرانیان لە عێراق داوە بە ئەمریکیەکان کە وێنەکانراستەوخۆ لە زەویشدا گیراون نەک لە مانگی دەستکردەوە هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی

کە ئیسرائیل لە نزیکەوەو بە وردی چاودێری بارودۆخ و پێشهاتەکانی ناوچەکە بە گشتی و ئێران بە تایبەتی دەکات.

هەر ئەم زانیاریانەش بوون بە هۆکاری سەردانە لە ناکاو کتوپڕەکەی مایک بۆمبیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق کە فەرمانی دا هەموو ئەو کارمەند و دیبلۆماتانەی کە کاری پێویست و گرنگیان لە ئەستۆ نی یە بە خێرایی عێراق جێ بهێڵن و حکومەتی عێراقیشی لە مەترسی ئەو جموجوولانە ئاگادارکردەوەو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن لە کاتێکدا هەواڵەکان و میدیاکان باسی ئەوە دەکەن کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سەربازگەی سەربەخۆیان هەیە دوور لە چاوی حکومەتی عێراق بە تایبەتی لە سەربازگەی ئەشرەف لە پارێزگای دیالەو سەربازگەی سپایکەر لە پارێزگای سەلاحەدین و سەربازگەی رەزازە لە پارێزگای کەربەلاوسەربازگەی جرف سەخەر لە پارێزگای بەغداو سەربازگەی سوێرە لە پارێزگای واسیت لەبەرئەوە ئەو هێزانە خۆیان خاوەنیڕێگاوبانی تایبەتی خۆیانن و پێویستیان بەرەزامەندی حکومەتی عێراقیش نی یە و بێگومان ئەورۆکێت و مووشەکان دوورنی یە لە داهاتووی ململانێکانی ئێران و ئەمریکادا دەوڵەتی ئیسرائیل بکەنە ئامانج.

هەر لە میانەی سەردانەکەیدا مایک بۆمبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کاربەدەستانی حکومەتی عێراقیڕاگەیاندووە کە ئەوان ناخوازن شەڕو ململانێ لە ناوچەکەداروو بدات و خوازیارن بە ئاشتی و دایەلۆگ کێشەکە چارەسەربکەن بەڵام ئیسرائیل جۆرێک لە بێدەنگی پەیڕەو دەکات ئیتر لە بەر هەستیاری دۆخەکە بێت کە پێشتر ئاماژەم پێدا یان هۆکاری تر کە دواتر باسی دەکەم.

هەموو ئەمانەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل تا کۆتایی هەر بینەر بن سەرەڕای نیگەرانییەکانیان لەو بارودۆخەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێت لە بەرئەوە وەکو ناوەندە هەواڵگری و میدیاییەکان باسی دەکەن ئیسرائیل لێکۆڵینەوەی ورد بۆ هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان دەکات وەکو ئەوەی پێشتر ئەزموونیان هەبووە لە شەڕی لوبنان هیچ ناکەن و کاردانەوەیان نابێت تاوەکو شەڕ هەڵدەگیرسێت و دۆخەکە دەتەقێتەوە دوایی کاردانەوەیان دەبێت، یان وەکو ئەوەی لە سوریا دەی کەن پێش ئەنجامدانی هەر هێرشێک یان خۆ ئامادەکردن بۆ لێدانی ئیسرائیل پێشتر پەلاماری بنکەو بارەگاو ناوەندەکانی هێزە ئێرانیەکان و حزبوڵا دەدەن.

بەڵام بۆ بارودۆخی عێراق ئەگەر بکرێت ئەمریکاوحکومەتی عێراق خۆیان کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن باشترە لەوەی ئیسرائیل کاردانەوەی هەبێت و ململانێکە

گەورەتر بکاتەوە لە کاتێکدا هەر پەلامارێک کە ئیسرائیل بیەوێت بیکاتە سەر بنکە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەوەیە هێندەی هێندەی سوریا ئاسان نەبێت چونکە سوریاو ئیسرائیل دراوسێن و مەوداکەی زۆر نزیکە بەڵام هەر هێرشێک بۆ سەر خاکی عێراق کۆسپ و مەترسی گەورەی لە بەردەمدایە چونکە دەبێت سنووری وڵاتانی سوریا و ئوردن و عەرەبستانی سعودیەش ببڕێت کە زیاتر لە هەشت سەد کیلۆ مەتر زیاترە و خۆی بۆ هەررووبەڕووبوونەوەیەک لە گەڵ سیستمی بەرگری یە ئاسمانی یەکانی ئەو وڵاتانەدا ئامادە بکات.

### *ئیسرائیل چۆن رووبەڕووی مەترسی ئەو رۆکێتە بالیستیانە دەبێتەوە؟*

هەرچەندە ئیسرائیل خاوەنی پەیوەندییەکی بەهێزە لە گەڵ ئەمریکاورووسیاو وڵاتە ئەوروپییەکانیش دەتوانێت لەرێگەی ئەو پەیوەندییانەوە فشار بکات لە حکومەتی عێراق کە بوارنەدات بە جمووجووڵی ئەو تاقم گروپانە  کە ئاسایشی ئیسرائیل بخەنە مەترسییەوە لە کاتێکدا  ئیسرائیل خۆیشیڕێگە چارەی سەربازی بە دوور نازانێت و هەموو کارێکی پێویست وگونجاو ی سەربازی لە بەرنامەیدایە بۆرووبەڕوو بوونەوەی پەلامارو مەترسییەکان و لە هەمان کاتیشدا باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکە هەر پەلامارێکی ئیسرائیل بدەن ئەوەی کە ئیسرائیل پێیان دەڵێت بریکارەکانی ئێران ئەوە ئیسرائیل کار لە گەڵ سەرچاوە سەرەکییەکەی هەڕەشەکە واتە ئێران دەکەن واتە ئەگەر لە وڵات و شوێنی تریشەوە پەلاماری ئیسرائیل بدرێت ئەوە خاک و سەربازانی ئێرانی و بەرژەوەندییەکانیان بێ تۆڵە دەرناچن.

لە کۆتاییدا هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن ئەگەر ئەم جەنگەرووبدات عێراق و عێراقییەکان باجی گەورەی دەدەن هەروەکو مایک بۆمبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دوا پەیامیدا بە عێراقی داوە ئەوەیە  پێیانی وتووە ئەگەر لە گەڵمان نابن لە لاوە بووەستن.

ژ. ٧٨٧٢   لە   ٢٤+٢٠١٩/٥/٢٥

# ناوچەی کەنداو
# لەسەر لێواری جەنگە

دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەی (٥+١) کشایەوە، ساڵی ٢٠١٧ نەیارانی ئەو هەنگاوە پاساویان ئەوەبوو کە کۆمەڵێک کاردانەوەو ڕووداو بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لە کۆتاییدا بەرەو جەنگ دەڕوات. هەرچەندە لایەنگرانی سەوداو ڕێکەوتننامەکە دان بەوەدا دەنێن کە ئەو ڕێکەوتننامەیە نموونەیی نەبوو، بەڵام کشانەوەی ئەمریکا واتە شکستی ڕێکەوتننامەکەو گەڕانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم، کە ئەمەش سەرەتایە بۆ بەدەستهێنان و خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە.

نەیارانی ڕێکەوتننامەکەش لە کۆشکی سپی ئەو مەترسییانە بە هەند وەرناگرن و لەو بڕوایەدان ڕێگەچارەی سەربازی ڕێگەو ئەگەرێکی بەردەستە بۆ وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، ئەمەش ئەو هەنگاوەیە هەمووان لێی دەترسن کە پڕیشکەکەی ببێتە شەڕێک کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوەو ئەمریکاش ئەو کات دەبێت بە هێز بەربگرێت بە بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامیو ئەوەشی تا ئێستا دیارە لەوە ناچێت کاربەدەستانی ئێران بە هێزی نەرم واتە سزاو گەمارۆ بچنە ژێرباری داخوازییەکانیئیدارەی ترەمپەوە.

بەرەو ئاڵۆزبوون و بارگاویبوونی ناوچەکە بە جەنگ

١. پۆلێنکردنی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تیرۆریست لەلایەن ئەمریکاوە، بۆ هەمووانیش ئاشکرایە پاسداران بڕبڕەی پشتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەو ڕۆڵ و کاریگەرییەکی فرە گرنگ و دیاری هەیە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و ئیقلیمی.. تد

٢. کۆتاییهێنان بەو هەموو بووردن و چاوپۆشییانەی کە بە هەشت وڵاتی بەخشیبوو دوای ئەکتیڤکردنەوەی سزاکان بۆ سەر ئێران، کە ئەمەش هەنگاوێکی تری قورسە بۆ ئێران و سەرەتای ئیفلیجکردنی ئابووری ئێرانە، کە دەخوازن ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بگەیەننە سفر، لە کاتێکدا ٨٠ ٪ی داهاتی ئێران لە سەر نەوتە.

٣. ڕەوانەکردنی کەشتیگەل و فڕۆکەهەڵگری (ئەبراهام لینکۆڵن) و فڕۆکە بۆمب هاوێژە زەبەلاحەکان ( B ٥٢) بۆ ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەموو

ئەمانە مەسجی روون و ئاشکران و تێچووی ئەمانە قورسن، بە تایبەتی بۆ سەرۆک ترەمپ کە پاشخانێکی بزنسی هەیە و هەموو شتێک بە بیری قازانج و زیان لە یەک دەداتەوە و لەوە ناچێت هیچ هەنگاوێک بە خۆڕایی و بێ ئامانج و ئاکام بنێت.

**لە بەرامبەریشدا ئێران چی دەکات؟**

ئەوەی تا ئێستا لە ئێران بەدی دەکرێت لەسەر ئاستی حکومەت و دامەزراوەی رەهبەری کە خودی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئی خاوەنی دوابڕیارە تێیدا، نەچوونەتە ژێرباری هیچ یەکێک لەو هەڕەشە و سزا توندانەی کە وەکو ترەمپ دەڵێت تا ئێستا لە وێنەی نەبووە لە جیهاندا بۆ توندی و قورسی، بەڵکو هەڵوێستەکانی ئێران رەقتر و توندتر بوون و سەرۆکی ئێران حەسەن رۆحانی، وڵاتە ئەوروپیە بەشداربووەکانی رێکەوتننامەکەی ئاگادارکردەوە و مۆڵەتی شەست رۆژی پێدان، ئەگەر پاند نەبن بە ئیلتیزامەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی، ئەوە دوای ئەو ماوەیە دەست دەکەنەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم.

لە کاتێکدا بە بۆچوونی من و زۆرێکی تر لە چاودێرانی دۆخی ناوچەکە، زۆر ئەستەمە لەو ماوە کورتەدا بتوانرێت هیچ هەنگاوێک بەو ئاراستەیەدا بنرێت.

**سەرەتای گرژی**

هەر دوای ئەو بڕیارەی ئێران، چوار کەشتی نەوت هەڵگری ئیماراتی لە کەنداوی عوممان کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری تێکدەرانە و دوای ئەوەش دامەزراوە نەوتییەکانی عەرەبستانی سعودیە کە لە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەوە نەوت بۆ رۆژئاوای دەگوازنەوە، کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی جۆری دەروون، کە ئەمە لەلایەن حوسییەکانی یەمەنەوە ئەنجامدرا. ئەمەیان ئاشکرایە، بەڵام کردەوەکەی تری پەلاماری کەشتییەکان تا ئێستا ئێران سەرکۆنەی دەکات و بە کاری ئاژاوەگێڕی ناوی دەبات و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن بۆ دیاریکردنی ئەنجامدەرانی.

لە کۆتاییدا، دەبێت بپرسین لە ئاوا بارودۆخێکی بارگاوی و پڕململانێی پڕ لە گومان و نەبوونی متمانە و دەستوەردان و بەرژەوندیی جیاواز و ناکۆکی ئیتنیکی و تائیفی، دەبێت چاوەڕوانی چی بین؟ من هیوادارم هەڵە بم.

ژ. ٧٨٧٣ لە ٢٠١٩/٥/٢٦

# هەڵوێستی شیعەکانی عیراق لەمەڕ ململانێکانی ئەمریکا و ئێران

هەرچەندە دەبوو هەڵوێستی فەرمی دەوڵەتی عیراق لەمەڕ گرژی و هەڵکشان و داکشانی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لەلایەن حکومەتی عیراقەوە رابگەیەنرایە، بەڵام لەبەرئەوەی حکومەت و دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایی لە عیراقدا فۆرمی تەواوی نیشتمانییان وەرنەگرتووە و لە چوارچێوەیەکی تەسکی تائیفی و ئیتنیکیدا دەخولێتەوە، ئەوەش بە ئاشکرا لە لێدوانی سەرکردەکانی لایەن و تاقمە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی بە دەردەکەوێت، کە یەکێکیان دەڵێت عیراق دەکەین بە ڤێتنام بۆ ئەمریکییەکان ئەگەر پەلاماری ئێران بدەن و یەکێکی تریان بە جۆرێکی تر لێدوان و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت.

جگە لەوانەش، باڵەکانی حەشدی شەعبی مەرجەعیەتی جیاوازییان هەیە، ئەگەر لە رووی سیاسی و یاساییەوە لە چوارچێوەی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عیراقدا رێکخرابن و لە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عیراقدا بن کە د.عادل عەبدولمەهدییە، ئەوا لە رووی مەزهەبییەوە هەر لایەنێکیان وابەستەی ناوەند و مەرجەعێکی ئایینزای شیعەن. دیارترینیان تاقمەکانی بەدری سەر بە هادی عامری و عەسائیبی ئەهلی هەقی قەیس خەزعەلی و بزووتنەوەی نوجەبا و حزبوڵڵای عیراق و... تد، سەر بە مەرجەعیەتی ئایەتوڵڵای عوزما عەلی خامنەئی ولایەتی فەقیە و رابەری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و جیهانی ئیسلامی شیعەیە و پابەندبوون بە فەرمان و ئامۆژگارییەکانییە، ئەرکێکی ئایینی پیرۆزە و هیچ لێکدانەوە و قسەوباسێک هەڵناگرێت و دەبێت جێبەجێ بکرێت و فەرمانەکانی دەبێت خێرا و دەستبەجێ بخرێنە بواری پراکتیکەوە و ئەم فەرمانانە دەبێت هەموو هێزەکانی وابەستە بە مەرجەعیەتی ولایەتی فەقیهەوە لە تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و بگرە جیهانیش جێبەجێ بکەن، بۆ سەرخستنی چەوساوە و زۆرلێکراوان بە قەولی خۆیان.

لەگەڵ ئەمانەشدا چەند باڵێکی تریان هەیە، شیعەکانی عیراق وابەستەی مەرجەعیەتی نەجەف و سەید عەمار حەکیم و سەید موقتەدا سەدرن، وەکو سەرایا سەلام و سەرایا عاشورا و فیرقەی عەباسی جەنگاوەر و لیوای عەلی ئەکبەر، کە ئەمانە فەرمانەکانیان لە ناوخۆی عیراقەوەیە و لەگەڵ ئەوەدان بە تایبەتی موقتەدا

سەدر، عیراق بێلایەن بێت لە ئەگەری روودانی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێراندا و خاکی عیراق نەکرێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێ دێرینەی ئەمریکا و ئێران.

هەرچەندە حەشدی شەعبی لە چرکەساتێکی مێژوویی هەستیاردا هاتە دامەزراندن ئەویش لە دوای داگیرکردنی شاری موسڵ بوو لەلایەن چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)، لەسەر بانگەوازی سەید عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەی عیراق کە ئامانج لێی پاراستنی مەزار و شوێنە پیرۆزەکانی شیعە بوو لە عیراق، بەڵام ئێستا و دوای نەمانی داعش، بە ئاشکرا هەندێک لە پێکهاتەکانی عیراق بە تایبەتی سونە و دواتر کوردیش لەو بڕوایەدان کە ئیتر هیچ پاساوێک بۆ مانەوەی ئەو هێزانە نییە، بەڵکو دەبێت سوپای عیراق ئەرکی پاراستنی خاک و سەروەری و سنوورەکانی عیراق بگرێتە ئەستۆ، چونکە سوپای عیراق بە شێوەیەکی هاوسەنگ پێکهاتووە و هەموو پێکهاتەکانی عیراقی لەخۆگرتووە، بەڵام هێزی چەکداری تائیفی و مەزهەبی مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئایندەی پێکەوەژیان و مانەوەی عیراق وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ.

لەوەش سامناکتر، پێکهاتەکانی تری عیراق جگە لە شیعە مانەوەی ئەم هێزە تائیفییە بەو چەک و توانا و بودجە زەبەلاحەی کە بۆی تەرخانکراوە، بە مەترسی گەورە دەبینن و ئەجیندای دەرەکی پێ جێبەجێ دەکرێت، بە تایبەتی ئەو رۆڵەی کە لە شەڕی ناوخۆی سوریا گێڕایان. پێدەچێت لە ئایندەشدا بەشداریی ململانێ و شەڕە تائیفییەکانی ناوچەکە بکەن، کە هەموو ئەمانە کاریگەریی خراپیان بۆ عیراق دەبێت.

ماوەتەوە لە کۆتاییدا ئەوە بڵێین، هەرچەندە سەید سیستانی فەتوای ئەوەی داوە کە عیراق بێلایەن بێت لە ململانێی ئێران و ئەمریکادا، بەڵام پێناچێت ئەو فەتوایە زۆر خۆی بگرێت لەبەر زۆر فاکتەر، لەوانە چونکە زۆربەی ئەو تاقم و گروپە چەکدارانەی حەشدی شەعبی بە تایبەتی سەرەکییەکانیان، وابەستەی مەرجەعیەتی قوم-ن و حکومەتی عیراقیش ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.

ژ. ٧٨٧٩ لە ٢٠١٩/٦/٢

# بەشی چوارەم

# تورکیا و باکوری کوردستان

# دەوڵەتی تورکیا و ناسنامەی کورد

دەوڵەتی تورکیای نوێ لە دوایرووخان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانیەوە لە ساڵی ١٩٢٣ وەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە دروشمی یەک نەتەوەو یەک وڵات و یەک ئاڵاو نکووڵی لە هەموو پێکهاتەکانی تری ئەو وڵاتە دامەزرا،هەرچەندە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیدا کە ئیمپراتۆریەتیەکی ئیسلامی بوو هەرلە سەدەی شانزەوە (٢٥) میرنیشینی کورد بە هۆی ئیدریسی بتلیسیەوە کە لە کۆشکی عوسمانی کاریکردووە گەیشتوونەتەرێکەوتنێک لە گەڵ دەوڵەت کە کوردەکان جۆرێک لە سەربەخۆییان هەبێت لە بەرامبەردا باج و لەکاتی جەنگدا یارمەتی سەربازی بدەن. لە هەمانکاتدا بەڵگەیەکی مێژوویی تر کەلەسەدەی شانزەدا باسی پەیوەندی کوردو عوسمانی دەکات فەرمانێکی سوڵتان سلیمانی قانونیە بەناوی (حوکمی شەریف).

بەڵام ئەوەی گرنگەو جێگەی هەڵوێستە لە سەرکردنە سەردەمی کۆماری تورکیای عیلمانی و بەناو دیموکراسیە کە دوای چوار سەدە نکووڵی کردنە لە گەلانی ئەو وڵاتە کە کورد وەکو پێکهاتەیەکی گەورەو گرنگ و ئەرمەن و عەلەوی و شەرکەس و ئەوانی تریشن کە لە دەستووری ئەو وڵاتەدا باسێک لە بوونیان نیەو بۆیان نیە بە زمانی دایکی خۆیان بئاخفن و بنووسن وبخوێنن و حاشا لە بوونیان دەکرێت.

بۆروونکردنەوە و سەلماندنی ئەوراستیەش پێمباشە پشت بە دوو نووسەری خاوەن ویژدان و مرۆڤدۆستی تورک ببەستم کە ئەوانیش د.ئیسماعیل بێشکچی و جەنگیزچاندارن.

١.سەرەتا بیرمەندو تێکۆشەری گەورەی تورک د.ئیسماعیل بێشکچی کە دۆستێکی دڵسۆزو ئازاو نەترسی کوردەو هەر لەو کاتەی کە خزمەتی سەربازی دەکرد لە ولایەتەکانی بدلیس و هەکاری ساڵەکانی ١٩٦٢_ ١٩٦٤ کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە باشووریرۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ ناسرابوو کوردو کوردستانی ناسی کاتێک چووە ناو ئەو شارانەوە وەکو جیهانێکی تازەی دۆزیبێتەوە وەها بوو بینی گەلێک زمان و کەلتوورو جل و بەرگ و مێژووو جوگرافیاو هەموو شتەکانی لە تورک جودایە هەرلەو کاتەوە ئیتر بێشکچی مرۆڤ و بیرمەند لە و بارودۆخە تاریک و پڕ لە نابەرابەریەدا چوو بە گژ هەموو ئەو ئایدیولۆجیای شۆڤێنی فەرمی دەوڵەتی تورکیادا هەموو ژیانی خۆی بەخت و تەرخانکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەزمە نەگریس و ناڕەسەنەی دژ بە کورد و هەمو گەلانی تری تورکیا.

لە وڵاتێکدا کە وشەکانی کوردو کوردستان قەدەغەبوون سزاو زیندان و برسی کردن و لێپێچینەوەی یاساییان لەسەر بوو بێشکچی وەکو لێکۆڵەرێکیرەسەن و پاک و خاوەنرەوشتێکی بەرز و دیموکراسیخوازێکی بێنەزیر ژیانی خۆی تەرخانی بەرەڤانی لە حەقیقەتی بوونی کورد کرد هەموو ئەو کۆسپ و سزاو یاسا ناڕەواو قەرەقووشیانە نەیان توانی بێشکچی سارد و پەشیمان بکەنەوە لەوەی کۆڵ لەو خەباتە بدات کە لە ئاکامدا زیاتر لە دەجار زیندانی کراو حەڤدەساڵی تەمەنی لە زیندانیدا بەسەربرد لەو پێناوەدا , هەرچەندە زۆر وتەو هەڵوێستی جوانتری هەیە دەربارەی کورد بەڵام لێرەدا هەر بواری ئەوەندە هەیە.

٢.جەنگیز چاندارڕۆژنامەوان و خاوەنی کتێبی شەمەندۆفەری میزۆپۆتامیا یەکێکی ترە لەو نووسەرەی بە هەڵوێست و ویژدانانەی کە باسی کێشەی کوردی بە ئینسافەوە کردووە و بە ئەندازیاری دروستکردنی پەیوەندی کورد و دەوڵەتی تورکیا ناسراوە لە دوایراپەڕینی ١٩٩١ دوای ئەوەی خەریکی خوێندنەوەی کتێبە بە پێزەکەی بووم پێم باشبوو هەندێ لە سەرنج وبیروڕاکانی بخەمەروو بۆ پشتڕاسکردنەوەی وتارەکەم.

جەنگیز چاندار کە ئەوکات یەکێک لەراوێژکارەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا تورگۆت ئۆزال دەبێت لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کورد بەتایبەتی بەرێزمام جلال و دەوڵەتی تورکیادا دەبێت دەڵێت لەناو ئۆتومبیلەکەی سەرۆکداویستم بڵێم جەلال تاڵەبانی تەلەفۆنی کرد یەکسەر قسەکەی پێ بڕیم و بە دەستی چەپی باڵیراستی منی گوشی و وتی دواتر قسە لەسەرئەوە دەکەین بە پەنجە ئاماژەی دەستیراستی بۆ یاوەر سەربازییەکەی کرد کە لە کوشنی پێشەوەی ئۆتومبێلەکە دانیشتبوو کە پلەی سەربازیرائید بوو وتی دواتر قسە لە سەر ئەوە دەکەین نەیهێشت قسە بکەم.

جەنگیز دەڵێت سەرم سووڕما سەرکۆماری تورکیا کە لەکاتی جەنگی کەنداو ببووە دەوڵەتمەدارێکی نێودەوڵەتی بە ئەندازەیەک لە سەرۆک کۆماری ئەمریکا نزیک بوو کەبەناوی بچووکەوە بانگی یەکتریان دەکرد لەگەڵ ئەوەی کە سیفەتی فەرماندەی گەورەی هەیە دەترسا لەوەی کەلە تەنیشت یاوەرەکەیدا کە پلەیرائیدی هەیە بکەوێتە ناو قسەو باسێک کە تێیدا ناوی سەرکردەیەکی کورد دەهێنرێت , تورگۆت ئۆزال کەسێکی زۆر بەهێز بوو بەڵام کاتێ بابەتەکە کە پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەبوو تەنانەت ئەویش لە بەر هەڵوێست و پێگەی سوپا نەیدەتوانی بە ئاسانی خۆی لە باسێکی زۆر سادەش بدات.

لە ئێستاشدا حکومەتەکەی بینالی یلدرمیش هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات لە

دوا سەردانیدا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان خۆی لەوە پاراست ناوی هەرێمی کوردستان ببات کە هەرێمێکی یاسایی و دەستوورییە و وڵاتان مامەڵەی فەرمی لە گەڵدا دەکەن و قەوارەیەکی فەرمی و دانپێدانراوە لەرووی نێودەوڵەتیشەوە و ئەو بە ئیدارەی باکوری عێراق ناوی برد و لە دوا لێدوانیشیدا بینالی یەڵدرم سەبارەت بە کێشەی کورد لە باکوری کوردستان وتی شتێک نیە لە تورکیا بەناوی کێشەی کورد بەڵکو کێشەی تیرۆر هەیە. ئەمەیە نکووڵی کردنی حکومەت و شەقام و سوپا لە تورکیا لە حەقیقەتی بوونی کورد لەو وڵاتەدا.

ژ. ٧٢٠٤ لە ٢٠١٧/٢/٢٦

# تورکیا بەرەو کۆماری دووەم

ئەگەرچی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ ەوە سیستمی کۆماریی حوکمڕانی دەکات کە بە رژێمێکی دیموکراسیو سیکیۆلار خۆی دەناساند، بەڵام لە راستیدا دیموکراسییەتەکەی هەر بۆ نەتەوەی تورکەو، نکوڵیکردن بووە لە پێکهاتەکانی تری ئەو وڵاتە بە تایبەتی کورد، چونکە دروشمەکانی یەک ئاڵاو یەک نەتەوە بە روونو ئاشکرا پیادەکراون.

لە ئێستادا کە تورکیا لە بەردەم وەرچەرخانو دەرگای سەردەمێکی نوێدا یە، دوای ئەوەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە قایل بوو بەوەی دەستکاری دەستووری وڵات بکات، لە رۆژی ٢١ مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ بە زۆرینەی ٣٣٩ دەنگ، ١٤٢ دەنگی ناڕازیی، لە کاتێکدا پەرلەمانی ئەو وڵاتە پێکهاتووە لە ٥٥٠ کورسیو، بە پشتیوانی نوێنەرەکانی M H P کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستە دەنگیان لە سەر گۆڕینی ١٨ بەندی دەستووری ئەو وڵاتەدا، کە سیستمی حوکمڕانی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی.

پارتی گەلی کۆماری کەمالیش بە نەخێر دەنگی دا، دژ بە گۆڕینو دەستکاری دەستووری وڵات، هەروەها پارتی دیموکراتی گەلانیش هەدەپە، ئەوانیش دژ بە پرۆژەکە بوون و بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کرد، ئەویش بەهۆی زیندانیکردنی زۆرێک لە سەرکردەکانیانەوە.

دواتریش پرۆژەکە لە لایەن سەرۆک کۆماری تورکیاوە رەزامەندی لەسەرکراو رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرا بۆ ئەوەی راپرسی لە سەر بکرێت لە رۆژی «١٦ی نیسانی ئەمساڵدا ٢٠١٧» ببێت بە دەستووری تازەی وڵاتو بەم شێوەیە کۆماری دووەم لە تورکیا دەستپێدەکات، ئەگەر دەنگی پێویست بهێنێت لە پرۆسەی ریفراندۆمەکەدا.

***پاساوەکانی ئەردۆگانو ئاك پارتی بۆ گۆڕینی سیستم***

یەکێک لەو فاکتەرانەی ئەردۆگانو لایەنگرانی پێداگریی لەسەردەکەن بۆ گۆڕینی سیستم، ئەو پێشووە چوونە ئابووری سەقامگیرییە بووە کە لە سەرەتاوە ئاکەپە بەدەستیهێنابوو بە کەمکردنەوەی گەندەڵیو نەمانی قەرز لە سەر تورکیا کە بۆ درێژەدان بەم دۆخە سەرۆکێکی بەهێزی دەوێت بە دەسەڵاتی رەهاوە کە بتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتی تورک دابین بکات، وەکو خۆیان دەڵێن تورک!!، وەکو

نەتەوەی تر لەو وڵاتەدا نەبێت، بەوەش هەموو کۆسپو تەگەرەکان وەلادەنرێن لە ڕۆتیناتی کارگێڕیو بیرۆکراتی کە لە سیستمی پەرلەمانیدا هەن بە رای ئەوان.

***نیگەرانییەکان لەم هەنگاوە***

لە بەرامبەردا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ترسو نیگەرانی خۆیان نەشاردۆتەوە لەم هەنگاوەی ئاکەپەو ئەردۆگان، بە تایبەتی پارتی کۆماریو هەدەپە کە ئێستا زۆرێک لە سەرکردەو کادرو ئەندامانی فرکسیۆنەکەیان لە پەرلەمانی تورکیاو هەڵسووڕاوەکانی بە بیانووی جیاجیا لە کونجی زیندان خزێنراون، بە توندی دژی پڕۆسەکەن، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردن لە دەستی کەسێکو پارتێکدارژێمێکی شمولی دکتاتۆری تر بهێنێتە ئاراوە کە ئێستا سەرەتاکانی لەرەفتارو کردارەکانی ئەردۆگاندا دەرکەوتووە و، لە چەند مانگی رابردوودا تورکیا کراوەتە زیندانێکی گەورە بۆ هەمو هێزە ئۆپۆزسیۆنو ئازدیخوازەکانی ئەو وڵاتە، ئەوەش بە بیانووی جیاجیای وەکو کورد بە تاوانی تیرۆرو، جەماعەتی خزمەتی گویلەن بە تاوانی کودەتا.

بەڵێ ئەردۆگان لەم رێگەوە دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە سەرۆکایەتی تورکیا بمێنێتەوە، ئەوەش دوای ئەوەیە کە راپرسی لە سەر دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٩دا دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە هەر خولێک پێنج ساڵە کە بەو شێوەیە دەتوانێت تا ساڵی ٢٠٢٩ لە سەرۆکایەتی بمێنێتەوە، ئەوەش ئەو تێڕوانینە پشتڕاستدەکاتەوە کە حزبە ئیسلامییەکان دیموکراسیو سندوقەکانی هەڵبژاردن بەکاردەهێنن تاوەکو دەگەنە دەسەڵات، دواتر پشتگوێی دەخەن.

سەرەڕای ئەوانەش، رەشنووسی دەستوورە تازەکە مادەی ١٠١ی دەستوور هەڵدەوەشێنێتەوە کە رێگە نادات سەرۆک کۆمار سەرۆکی پارتی سیاسیی بێت، بەوەش ئەردۆگان جارێکی تر سەرۆکایەتی ئەکەپە وەردەگرێتەوە.

هەروەها ئەم دەستوورە نوێیە دەسەڵاتی ئەوە دەدات بە سەرۆک، هەڵوەشانەوەی پەرلەمانو راگەیاندنی باری نائاساییو بڕیاری شەڕو ئاشتیو دامەزراندنی وەزیرو سەرۆکی زانکۆکانو هەروەها دیارییکردنی نیوەی ئەندامانی هەردوو دادگای دەستووری باڵاو دادگای کارگێڕی باڵاو ئەنجوومەنی باڵای داد، جگە لە داواکارە گشتییەکان کە نیوەکەی تری لە لایەن پەرلەمانەوە دیاری دەکرێن ئەوانیش ئاکەپە کە زۆرینەن، تێیدا دیاری دەکەن.

***میکانیزمی جێبەجێکردن***

گۆڕینی سیستم پێویستیی بە ٣٦٧ دەنگ هەیە لەکۆی ٥٥٠ دەنگی پەرلەمانی تورکیا، ئەمەش لەم خولەدا بە تەنیا بە ئاکەپە ناکرێت کە خاوەنی ٣١٧ کورسیە، بەڵکو پەنای بۆ پارتی نەژادپەرستی مەهەپە بردووە کە خاوەنی ٣٩ کورسی پەرلەمانە، بەم شێوە دەتوانن ئەو کۆسپە تێبپەڕێنن‌و پڕۆژەکەیان بخەنە راپرسیەوە، ئەگەر دەنگی لە ٥٠٪ی دەنگدەران بهێنێت، دەبێتە دەستووری وڵات.

لەم کاتەشدا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هیچ رێگرییەکیان بۆناکرێت لە پەرلەماندا ئەگەر تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی گەل دەنگی پێ نەدات، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە بۆیان، لە کاتێکدا سەرکردەکانی هەدەپە کە هێزێکی چالاک‌و کاران لە زینداندان.

ژ. ٧٢٣٧ لە ٢٠١٧/٤/١٠

# پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا بەرەو کوێ؟

ئەگەر ساڵی پار شاهیدی دارمان و هەرەسی پەیوەندییەکانی ئەوروپاو تورکیا بووین بە تایبەتی دوای کودەتا شکستخواردووەکەی ١٥ تەمووز ٢٠١٦ کە ئەردۆگان زۆرێک لەوڵاتانی تۆمەتبار دەکرد بە پشتیوانی و نەخشەکێشانی , وا ئێستا دەبینین حکومەتەکەی ئاکەپە لە دروشمی زیرۆپرۆبلمەوە بووەتە فوول پرۆبلم نەک لە ناوخۆی وڵاتەکەی و دراوسێکانی بەڵکو لە گەڵ ئەوروپا و ئەمریکاش بە قۆناغێکی هەستیارو ژانێکی قورسدا تێپەڕ دەبێت پەیوەندییەکانیان.

بەڵێ ئەوەی مایەی نیگەرانی و خەمبارییە بۆ تورکیا و ئەردۆگان لێدوانەکانی نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا برێت ماککۆرگە بۆ شەڕی تیرۆر کە وتبووی تورکیا یارمەتی و کۆمەکی ئەو گروپ ورێکخراوە تیرۆریستیانە دەکان کە نزیکن لەرێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەوەلە ئەدلب.

ئەمە لە کاتێکدایە کە تورکیا ئەو لێدوانانەی ماککۆرگ وا دەخوێنێتەوە ورۆژنامەو ماڵپەڕە تورکیەکانی نزیک لە ئەردۆگانیش والێکی دەدەنەوە کە ئەمە هەوڵ و هەنگاو نانی ئیدارەی ئەمریکایە بۆ ناونووسکردنی تورکیا لەسەر لیستی تیرۆر واتا ئەو سحرەی کە ساڵانێکە ئەردۆگان و حکومەتەکەی دەیانەوێت بەسەررۆژئاوای کوردستان و شەرڤانان و یەکینەکانی پاراستنی گەلی دا بسەپێنن ئێستا بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە و ئەو پەندە کوردییەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کە دەڵێت: گەر چاڵ بۆیەکێک هەڵبکەنیت، خۆتی تێدەکەویت.

لەلایەکی ترەورۆژنامەو ماڵپەڕە تورکیەکانی نزیک لە ئەردۆگان ترسی زۆر و نیگەرانی خۆیان ناشارنەوە لە تێکچوون و شڵەژانی دۆخی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و دەڵێن ئەگەر زۆر بە هۆشیاری و بەرپرسیارێتیەوە کارنەکرێت ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە تەواو پەیوەندییەکانمان هەرەس بهێنێت.

بەڵێ ئەوەی زیاتر تورکیای نیگەران کردووە کۆمەک و هاریکارییە فراوان و هەمە چەشنە سەربازی یەکانی ئەمریکایە بۆ شەرڤانانی کورد لە باکووری سوریا کە تورکیا بە باڵی سوریای P K K ئەژماریان دەکات و کە لە لیستی تیرۆردان و بە مەترسی گەورەوراستەقینەیان دەزانێت بۆ سەر ئاسایش و

یەکپارچەیی خاکەکەی هەرچەندە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پنتاگۆن) دڵنیایی تەواو پێداون لەسەر جۆری چەکەکان و بەکارهێنانی.

بەڵام تورکەکان لەو بڕوایەدان پڕچەککردنی کورد لە سەر سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەیان لە ئەندازەی پێویستی خۆی زیاترە گوێ نەگرتنی ئەمریکا لە مەترسی و نیگەرانیەکانیان لە خواست و هیوای کورد بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی تر وەکو باشووری کوردستان لە عێراق لە باکوری سوریا پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا بەرەو هەڵدێر و داڕمان دەبات سەرەڕای ئەوەی کە هاوپەیمانی دێرینی چەندین ساڵەو لە پەیمانی ناتۆ.

#### فاکتەری مەترسیەکانی تورکیا

ئەوەی زیاتر تورکیای ناڕەحەت و نیگەران کردووە ئەو کۆمەک و هاریکارییە فراوانانەیە کە لە چەندرۆژیرابردوودا گەیشتوونەتە دەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات کە زۆرینەو بڕبڕەی پشتی لە کورد پێکدێت، هەروەکو ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵ بڵاوی کردووتەوە زیاتر لە١١٢ بارهەڵگرن کە لە عیراقەوە چەکو پێداویستی سەربازییان گواستۆتەوە بۆ سوریا و پێشتریش ٩٠٩ بارهەڵگری تریان بۆ ناردوون کە بەهەمووی زیاتر لە ١٠٠٠ بارهەڵگرە.

وەزارەتی بەرگری ئەمریکاش ئەوەی ئاشکرا کردووە ئەو چەکانەی کە نێرراون بریتین لە ١٢٠٠٠ کلاشنکۆفی (A K٤٧)و ٦هەزار تفەنگی ئۆتۆماتیکی و ٣٥٠٠رەشاشی ئۆتۆماتیکی و ٣هەزار R P G ئەمریکی و ١٠٠٠رۆکێت وەشێنی (a t٤) ئەمریکی و (S P G ٩)روسی دژەتانک ٢٣٥ هاوەن ١٠٠ قەناسەو ٤٥٠ دووربینی شەو و ١٥٠ دوربینی تیشکی ژێر سوور.

تورکیا دەترسێت هەموو ئەو چەکانە ببنە مایەی زیانو قوربانی زۆر بۆ هێزەکانی کە بە تەمایە لە داهاتوودا ئۆپەراسیۆنی شمشێری فورات جێبەجێ بکات دژ بە کانتۆنەکانی عەفرین و دەوروبەری.

لەلایەکی ترەوە هەندێ سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن کە کە تانک و هەمەر ورۆکێتی دژەتانکی زۆررادەستی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردی کراوان هەرچەندە پنتاگۆن ئەوانەی بە فەرمیرەت کردۆتەوە بەڵام سیاسیەکانی تورکیا ترس و لەرزی گەورەیان لێهاتووەو ئەمە بە مەترسیەکی زۆر گەورە بۆ سەر ئاسایشی ئایندەی وڵاتەکەیان دەبینن.

***کاردانەوەی تورکیا***

هەرچەندە ئەردۆگان هەوڵی دا ترەمپ و ئیدارەی نوێ ی ئەمریکا قایل بکات کە کۆمەک و هاریکاری کورد نەکات بەڵام نەیانتوانی چونکەرێکخراوی و دیسپلینی ئەو هێزانە لە شەڕی تیرۆردا ئەمریکیەکانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کەئەمانە باشترین و لێهاتووترین هاوپەیمانن لە شەڕی تیرۆردا بۆیە ئێستا تورکیا لە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکی چوار قۆڵیە لە گەڵروسیاو ئێران ورژێمی ئەسەد دژ بە ئەمریکا و پەیەدە و لە هەمان کاتدا لە دوای کێشانەوەیرۆکێتەکانی پاتریۆت هاوپەیمانی ناتۆ لە تورکیا خەریکی کڕین وبە دەستهێنانی سیستمی بەرگری ٤٠٠ Sروسیە.

ژ. ٧٣٤٥ لە ٢٠١٧/٨/٢٠

# مام جەلال و تورکیا

مام جەلال ئەو سەرکردەیەی نزیکەی نیو سەدە زیاترە کارەکتەرێکی چالاک و دیار و بوێر و ئازاو دیپلۆماتێکی بەتواناو سەلیقە بوو جێ پەنجەی لە سەر زۆربەیرووداوو گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان و عیراق و ناوچەکەش بە گشتی دیارە.

ئێستا کە مام جەلال لەڕۆژی ۲۰۱۷/ ۱۰/۳ لە دوای تەمەنێکی درێژی پڕ هەورازو نشێو بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان کرد لەرووی فیزیکیەوە،بەڵام پەیامەکەی و مێژووە پڕ خەبات وچالاکیەکانی کە دەکرێت بکرێنە چرایرووناکی ئایندە و کەڵکیان لێوەربگیرێت نەوە دوای نەوە.

مام جەلال ئەو پیاوەی کەرۆژنامەنووس و نووسەر بوو لە هەمان کاتدا پشت و پەنایرۆژنامەنووسان و ئەهلی قەڵەم و هونەر بوو ئەو خاوەنی ئەو وتەیەی کە ئەگەر هەرکەسێکرەخنەی لە من و حزبەکەم هەبوو با لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بینووسێت کە زمانحاڵی حزبەکەی بوو.

ئەو پشت و پەنای ژنان و کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان بوو هەر لە تورکمان و کریستیان و ئێزدی وتەنانەت کوردانی کاکەیی و هەورامی و ئەوانی تریش.

لە هەمانکاتدا مام جەلال خاوەنی پەیوەندیی توندو تۆڵ بوو لەگەڵ هەموو رەوتە جیاوازاەکان هەر لە سۆسیالیست ئینتەرناسیونالیستەوە بگرە کە بووە جێگری سەرۆکی گشتی ئەو رێکخراوە، تا دەگاتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. کە خاوەنی باشترین پەیوەندی بوو هەر وەکو لەم رۆژانەی پرسەکەیدا دەرکەوت، ئێرانیەکان بە وەزیری دەرەوە بەشداری مەراسیمەکەی بوون چەندین لێدوان و هەڵسەنگاندنی بەرزیان بۆ کەسایەتی مام جەلال دەربڕی لە زۆر ئاستی جیاجیاوە.

ئەوەی مەبەستمە زیاتر لەم وتارە کورتەدا باسی لێوەبکەم پەیوەندییەکانی کوردی باشوورە بە دەوڵەتی تورکیاوە، کۆماری تورکیای ئەتاتورک نکوڵی لە بوونی کورد کردووە لە هەموو کوردستانی گەورەدا هەرچەندە لە سەردەمی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جۆرێک لەرێکەوتن لە نێوان میرنیشینە کوردەکان و دەوڵەتی ناوبراودا هەبووە کە باج و سەرباز بدەن بە دەوڵەت لە کاتی جەنگدا بەڵام ئیتر زۆر دەستیان لەکاروباریرۆژانە میرنیشینەکاندا وەرنەداوە.

بەڵام ئیدی لەوساوە هیچ پەیوەندییەکیراستەوخۆ و فەرمی لە نێوان کوردی باشوور و دەوڵەتی تورکیادا نەبووە تا لە ساڵی ١٩٩١ دوایراپەڕینی ئازاری ئەو ساڵە مام جەلال توانی پەیوەندی لە گەڵ تورگۆت ئۆزالی سەرکۆماری ئەوسای تورکیارێکبخات و بەم هەنگاوە بە ستەڵەکێکی هەشتا ساڵی مێژوویی نێوان کۆماری تورکیا و کوردی باشوور تووایەوە.

بەڵێ لەرۆژی هەینی ١٩٩١/٦/١٤ لە کۆشکی چانقایە بۆ یەکەم جار سەرکردەیەکی کوردی عیراق مام جەلال کە هەریەک لە بەرهەم ساڵح و سەرچڵ قەزاز یاوەری بوون لەگەڵ سەرکۆماری تورکیا تورگۆت ئۆزال دیدارێکیان ئەنجامدا.

هەر دەربارەی ئەم کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنەو لە بەرگرنگی ئەو بابەتە پێمخۆشە پەرەگرافێک لە کتێبی شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا لەنووسینی جەنگیز چاندار رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک بخەمەڕوو کەباسی ئەو کۆبوونەوە دەکات :

پێش ئەوەی بچێتە لای سەرکۆماری تورکیا یەکمان بینی مام جەلال زۆر بێ ئۆقرە بوو وەکو منداڵ پڕ جۆش و خرۆش بوو بەردەوام بە عەرەبی دەیگوترۆژێکی مێژوویيە. خۆمم پێڕانەگیرا، وتم مام جەلال! لە تەمەنتدا ئەمە یەکەمجار نییە کە سەرۆکی دەوڵەت یان کەسێکی مێژوویی ببینی لە ماوتستۆنگەوە بگرە تا جەمال عەبدولناسر لە گیڤاراوا تا حافز ئەسەدو رەفسنجانی لە گەڵ هەموویاندا بوویت ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لە گەڵ سەدام حوسێن لە بەغدا لە سەر مێزی دانوستان دانیشتووی ئەوە چیتە بۆ وا بێ ئۆقرەی؟

تاڵەبانی وتی: ئەمە لە هیچ شتێکی دیکە و لە هیچیان ناچێت ئەوەی کورد نەبێت بەئاسانی لە گرنگی دیداری کەسێکی وەک من لە گەڵ سەرکۆمارێکی تورکیا تێناگات!

هەر لە هەمان بابەتدا نووسەر باسی هاوسەنگی یەکانی ناو تورکیا دەکات کە ئەوکات سەرکۆمار لە حزبێک بوو سەرەک وەزیران لە حزبێکی تر هەر نزیک بوونەوەیەک لە کورد هەڵای لە سەر دروست دەکرا و بڤە بوو دەڵێت مام جەلال پێشنیازی بۆ ئۆزال کرد بۆ ئەوەی لەو کێشەو هەڵاو بەزمانە بە دووربێت وتی بە ناوی شاندی ئۆپۆزەسیۆنی عیراقەوە من و مەسعود بەرزانی بانگهێشتی تورکیا بکە.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەرەوانشاد مام جەلال ئەندازیاری

پەیوەندییەکانی کوردستانی باشوورو دەوڵەتی تورکیا بووە زۆر بە وردی لەرۆڵ و پێگەی تورکیاروانیوە بەو پێیەی تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆ بووەو بۆ نزیک بوونەوەی زیاتر لە ئەمریکا، تورکیا دەلاقەو دەرگایەکی گرنگ بووەو هەروەکو دواتریش دەرکەوت کلیلی واشنتۆن لە تورکیای ئەوساوە بۆکورد کرایەوە،لە هەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بەرۆڵی مام جەلال لە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی باکووریش بکەین کە ئەوەش راستییەکە نکووڵی لێناکرێت.

ژ. ٧٣٩٠ لە ٢٠١٧/١٠/١٥

# کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لووتکەی ئەنقەرە

ئەگەرچی سەردانەکەی فلادیمێر پوتین سەرۆکیروسیا بۆ تورکیا سەرەتا بە کردنەوەی وێستگەیەکی ئەتۆمی بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا دەستپێکرد بە بڕی ٢٠ ملیار دۆلار لە نزیک شاری مەرسینی تورکیا کە بڕیارەروسەکان جێبەجێی بکەن، کە ١٠٪ کارەبای تورکیا بەرهەم دەهێنێت.
تا ئێرە هەواڵەکە ئاساییە، ئەوەی گرنگە ئەو سێ وڵاتە لە ئێستادا کاراکتەری گرنگ و دیاری سەر گۆڕەپانیرووداوەکانی سوریان بە هێز لەوێن و لە هەشت ساڵی رابردووی شەڕی سوریادا، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەگیان هەبووە و لە ئێستادا کە وا دوا پێگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش وردوخاش دەبن، لە سەر دەستی یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی سوریای دیموکرات، بە هاوکاری هاوپەیمانان و بە سەرکردایەتی ئەمریکا، ئەمریکاش لە سەر زاری سەرۆکەکەیەوە ترەمپ باس لە پاشەکشە لە سوریا دەکات لە نزیکترین کاتدا، هەرچەندە من ئەم ئاماژانە بە هەند وەرناگرم و پێموایە زیاتر فشارە بۆ سەر عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی کەنداو بۆ دابینکردنی پارە بۆ تێچووی شەڕەکە.
بەڵێ دەبێت بپرسین دەبێت کۆبوونەوەی لووتکەو سێ کوچکەی (ئەنقەرە، تاران، مۆسکۆ) ئامانجیان چی بێت؟
سەرەڕایراگەیاندنی بەیانی کۆتایی هەرسێ وڵات کە پێداگری و پابەندی خۆیان، بە یەکپارچەیی خاکی سوریا و چارەسەرکردنی کێشەکان دوور لەرێگە چارەی سەربازی و جیاکردنەوەی هێزە ئۆپۆزەسیۆنەراستەقینەکان لە تاقم و گروهە تیرۆریستەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی هەموو ئاوارەکانی سوریا بۆ سەر خاک ومالّی خۆیان و لەناوبردنی تیرۆرو دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی ئەو وڵاتە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیدا.
بێگومان خاڵێکی دی کە دەکرێت جێگەی مشتومڕی ئەو وڵاتانە بێت بە گەرمی کێشەی کوردە کە خاڵی هاوبەش و هەماهەنگی هەمیشەیی نێوان تورکیا و ئێران بووە لەرابردوو لە ئێستاشدا وروسیاش چۆن ٧١ ساڵ بەر لە ئێستا کۆماری

ساوای مهابادی کرد بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و سات وسەوادا نێودەوڵەتیەکانی ئەوسای جیهان لە ئێستاشدا عەفرینی لەرۆژئاوای کوردستان واتە لە سوریا بە هەمان دەرد برد و هەموو زەمینە سازی ورێخۆشکەرییەکی بۆ تورکیا کرد تاوەکو داگیری بکات و هەروەکو یەکێک لە بەرپرسە تورکەکان وتی: ئەگەرروسیا نەبووایە نەمان دەتوانی عەفرین داگیر بکەین.

بابەتێکی تری ئامادەی سەر مێزی گفتوگۆ و دانو سانەکان بە دڵنیاییەوە مەسەلەی کوردە بووە که ئەمرۆ کێشەیەکی گەورەو گرگرتووی ناوچەیرۆژهەلاتی ناوینە و پەیوەندیراستەوخۆی بەم وڵاتانەوە هەیە. ئەگەر تورکیاو ئێران لە زۆر بابەت و کێشەی ناوچەکەدا ناتەباو دژبەیەک بن، ئەوا لە مەڕ کێشەی کورد هاوڕاو هەماهەنگن و ئامانجیانە و کاری بۆ دەکەن کە کورد نەبێت بە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆ و هیچ مافێکی یاسایی دیموکراسی بەدەست بهێنێت بە تایبەتی تر لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە، کە بە هەموو هێزو توانایەوە کاری بۆ دەکات و نایشارێتەوە و دەڵێت لە مەریخیش دەوڵەت کوردی دابمەزرێت ئێمەرازی نابین و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ستراتیجی ئێمە.

بابەتێکی تر کە باس و گفتوگۆی لەسەر کراوە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوانیانە واتە: تورکیاوروسیا- تورکیاو ئێران-روسیاو ئێران. سەرەڕای بارودۆخی نێودەوڵەتی و دۆخی گڕکرتووی سوریا کە لە ئێستادا شەڕی تیرۆر، داعش لە کۆتاییدایە کە هەرسێ وڵات هاوڕاو هەماهەنگ بوون بۆ لەناوبردنیان، بەڵام لە مەودوا ناکۆکی و جیاوازی بیروڕاو دیدو بۆچوون سەرهەڵدەدات لە نێوان ئەم سێ کاراکتەرە گرنگەی سەررووداوەکانی سوریا، لەسەر ئایندەی چارەسەر و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە و ئەمەش سەرەتاکەی زیاتر دەردەکەوێت دوای کۆبوونەوەکە باسی دەکرێت ئەوەیە، ئێران خوازیار بووە تورکیا ناوچەی عەفرین کە داگیری کردووە پاشەکشەی لێبکات ورادەستی هێزەکانی حکومەتی سوریای بکات.

بۆیە مۆسکۆ و تاران و ئەنقەرە، هەریەکەیان دیدو بۆچوون و بەرژەوەندی تایبەتی سیاسی و ئابوری خۆی هەیە لەسوریا، دەبێت ئەوەش بزانین کە بەرژەوەندییەکانی هەریەک لەم وڵاتانە هیچ کات هاوتەریب و وەک یەک نییە لە زۆر خاڵدا پێچەوانە و دژ بە یەکن و دەکرێت و دەبێت لەم کۆبوونەوانەدا زەمینەسازی بۆ بکرێت و خاڵە هاوبەشەکان بەهێز بکرێت و خاڵە ناکۆکەکان وەلا بنرێت.

ماوەتەوە هەڵوێستیروسیا ئەگە ر لەڕابردوودا ویستبێتی خۆی لە کێشەو مەسەلەی کورد دووربخاتەوە، ئێستا ناچارە خۆی لە کورد نزیک بکاتەوەو سەرەڕای پەیوەندی بازرگانی و سیاسی لە گەڵ هەرێمی کوردستان و کردنەوەی نووسینگەی پەیوەندیرۆژاوای کوردستان لە مۆسکۆ،رۆڵی کورد لە شەڕی تیرۆر و بوونی پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپیەکان ئەوانیش ناچاربوون گرنگی و بایەخ بە کورد بدەن لەرۆژهەلاتی ناوین.

ژ. ٧٥٣٤ لە ٢٠١٨/٤/٨

# یەکەم هەڵبژاردنی تورکیا بە سیستەمی سەرۆکایەتی

تورکیا وا ئێستا نزیک دەبێتەوە لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیای نویٚ بەرابەرایەتی مستەفا کەمال ئەتا تورک واتە باوکی تورک و کۆتایی هاتنی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی کە شەش سەدە حوکمڕانی ئەو وڵاتە و بەشێکی زۆر ناوچەیرۆژهەڵاتی ناوین بوو، ئەگەر چی پێش سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیاشرەجەب تەیب ئەردۆغان هەریەک لە سەرۆکەکانی پێشووتریش تورگۆت ئۆزال و سلێمان دیمریل هەوڵی ئەوەیان دا سیستەمی حوکمڕانی تورکیا بگۆڕن لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی بەڵام شکستیان هێنا و نەیانتوانی.

### پاساوەکانی گۆڕینی سیستەم

پاساو و فاکتەری گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا لەلایەن ئاکەپەوە ئەوەیە بەتایبەتی وەکو پلان و ئامانجی ئیستراتیجیان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ کە یادی سەد ساڵەی کۆمارەکەیانە سیستەمی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئارامی خۆشگوزەرانی پێشکەوتن بۆ تورکیا دابین بکات و گونجاو هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجە باڵاکان کە تورکیایەکی بەهێزە و بۆ ئەمەش نمونەی وڵاتانی ئەمریکا وفەرەنسا و زۆرێک لە وڵاتانی سەرکەوتو پێشکەوتوو و بە پێچەوانەوە سیستەمی پەرلەمانی و حکومەتی ئیئتلافی بە شکستخواردوو ناودەبەن لە نمونەی ئیتالیا.

### ئەی نەیارەکانی گۆڕینی سیستەم

ئەوانیش لەو باوەڕدان بەهەموو لایەنە ئۆپۆزەسیۆنەکان بەکوردیشەوە کە ئەمەریٚ خۆشکەرە بۆرژێمێکی دکتاتۆری کە هەموو دەسەڵاتەکان لەلای یەک کەس کۆبکاتەوە و وڵات ئامادەو سازو گونجاو نیە بۆ ئاوا هەنگاوێک.
بەڵام سەرۆکی ئێستا ئەردۆغان بە هاوپەیمانی لە گەڵ پارتی نەژاد پەرستی مەهەپە توانی لەرێگەیراپرسیە و لەرۆژی ١٤ ئەیلولی ٢٠١٧بە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان هەردووبەرەی بەڵیٚ و نەخێر بەرادەی ٥١,٤١٪ بەڵیٚ و ٤٨,٥٩٪ نەخێر بیباتەوە و سیستەمی حوکمڕانی ئەو وڵاتە بگۆڕێت لە بە مەرجێک لە تشرینی دووەمی ٢٠١٩ ەوە سیستەمە تازەکە بچێتە بواری جێبەجیٚ کردنەوە.

بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ساڵێک زیاتری ماوە بۆ ئەوا وادە ئەی بۆ ئەردۆغان و دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە هەڵبژاردنەکانیان پێشخست بۆ ٢٤ / حوزەیرانی ئەمساڵ؟

١.بەهۆی داگیرکردنی کانتۆنی عەفرین لەرۆژئاوای کوردستان یان وەکو ئەوان دەڵێن باکوری سوریا لەلایەن تاقم گروپە تیرۆریستەکانی وابەستە بە تورکیا و بە بەشداریراستەوخۆی سوپای تورکیا ئەمە کیرڤ و سۆزی شۆڤێنیستە تورکەکانی بۆ لای خۆیانراکێشا.

٢.جیابوونەوەی باڵی خاتوو میراڵ ئاکشنەر لە پارتی بزوتنەوەیی نەتەوەیی نەژاد پەرستی مەهەپە بەسەرۆکایەتی دەوڵەت باخچەلی دامەزراندنی پارتێکی نوێ کە ئەمەش کاریگەری زۆری ددەبێت لە هاوکێشەکەدا.

٣.لە دەستدانی هەموو ئەو سەروەریانەی کە کە پارتی داد وگەشە پێدان ئەکەپە لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ ەوە شانازیان پێوەدەکات هەمیشە وەکو کارتی بەهێز لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەکاری هێناوە گەشەکردنی ئابوری بە شێوەیەک تورکیا لە وڵاتێکی قەرزارەوە ببێتە خاوەنی وڵاتێکی خاوەنی یەدەکی نەختینە و زیادبوونی داهاتی تاک و کەمبوونەوەی بەتاڵەو بێکاری زۆر شتی تریش.

٤.سڕکردنی پەیوەندییەکان و دیالۆگ لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بۆ چوونە ناو ئەو یەکێتیەوە.

٥.دارمانی ئابووری تورکیا بە شێوەیەک کە لیرەی تورکی لە چەند مانگیرابردوودا بەشێکی زۆر ی بەهاکەی لە دەستدا وە.

٦.شکست هێنانی سیاسەتی زیرۆ پرۆبلم (سفر کێشە) لەگەڵ وڵاتان و بەتایبەتی دەرو دراوسێکانی تورکیا بۆ فوول پرۆبلم (پڕکێشە) وەکو دیارەو دەیبینین ئێستا ئەو وڵاتە دەستێوەرادەوەتە زۆرێک لە کێشە و ئاریشەکانی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی سوپاکەی لە عیراق و سوریا و قەتەر بەراستەخۆیی بڵاوە پێکردوەو جگە لەوەی بە رێگەی وەکالەت لە زۆر شوێنی تر یارمەتی و کۆمەکی زۆر بە تاقم گروپە توندئاژۆکان دەکات.

بەڵێ بە هۆی هەموو فاکتەرانەوە کە ئێستا سەرەتاکەیەتی لە هەوڵی ئەوەدان هەر هیچ نەبێت لە پێنج ساڵی داهاتوودا کە دەستووری تازە دەستنیشانی کردووە بتوانن حوکمڕانی تورکیا بکەن، چونکە لەو بڕوایەدان کە ئەم فاکتەرانە زیاتر گەشە بکەن ئەو کاتە ناتوانن متمانە و دەنگە پێویست بە دەستبهێنن

هەرچەندە ئێستاش ناوەندەکانیراپرسی لەو وڵاتەدا باس لەوەدەکەن کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا ئەردۆغان ناتوانێترێژەی پێویستی ٥٠+١ دەنگە دەنگدەران بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار و دەکەوێتەوە خوولی دووەم کە ئەویش ئەگەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە سەر کاندیدێکی بە هێزرێک بکەون کۆسپ و لەمپەری گەورە بۆ ئەرۆغان دەخوڵقێنن.

ژ. ٧٥٩٢ لە ٢٠١٨/٦/١٩

# تورکیا لە کەمالییەتەوە بۆ ئەردۆغانییەت

تورکیای نوێ لە سەردەستی کەمال مستەفا پاشا ئەتاتورک لە ١٩٢٣راگەیەنرا و کۆتایی بە شەش سەدە حوکمڕانی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی هێنا بە دروشمی یەک میللەت و یەک ئاڵاو یەک دەوڵەت لە ژێر ناوی دیموکراسی سیکوێلاریزم دژی کۆنەپەرستی بەڵام ئەوەی بینیمان ئەگەر دیموکراسی هەبوو‌بێت تەنها بۆ نەتەوەی تورک بووە نکوڵی کردنە بووە لە مافی گەلانی تری ئەو وڵاتەی پاشماوەی عوسمانی کە زۆر بۆ دواوە گەڕانەوە ئەگەر دەوڵەتی خەلافەت تەنها باج و خەراج و سەربازگیری لە گەلانی تر دەخواست و زۆر دەستی وەر نەدەدا لە کاروباری بەڕیوەبردنی میرنشینەکان.

بەڵام سەردەمی کۆماری کەمالیست هەموو ئەو مافانەی سەندەوە لە گەلانی تر کە لە سنووری دەوڵەتی تورکیای نوێ دا مانەوە وەکو بەشێک لە کوردستانی باکور و ئەرمەن و عەلەوی و شەرکەس و عەرەب...هتد.

من نامەوێت باسی مێژووی سەردەمی حوکمڕانی تورکیا ی کەمالی بکەم وا لە ساڵی ٢٠٢٣ دەبێتە سەد ساڵ  چونکە ئەو بابەتێکی درێژە بە چەند کتێبێکیش تەواو نابێت نەک بە وتارێک، بەڵام واله ٢٤ حوزیرانی ئەمساڵەو بە پراکتیک ئەردۆغان لە هەوڵی گۆڕینی ئەو سیستەمەدایە لە م هەڵبژاردنەشدا بە تەواوی کۆتایی بە سیستەمی حوکمڕانی پەرلەمانی کەمالی هێنا سەرەڕای نارەزایەتی زۆرێک لە هێزوو لایەنە ئۆپۆزەسیۆنەکان.

ئێستا دەتوانین ناوی بنێین سەردەمی ئەردۆغان چونکە تەنها ئەم توانی زۆربەی بنەماکانی سیستەمی کەمالی بگۆڕێت سوپای  ئەو وڵاتە کە پێشتر لە هیچ کام لە سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانەکانی ئەو وڵاتەی قبوڵ نەکردووە دەستکاری بنەماکانی دەستووری ئەو وڵاتە بکەن و خۆیان بە پاسەوانی دەستورو عیلمانی زانیوە، بەڵام ئێستا دەستەمۆی ئەردۆغانن دەزگاکانی دادوەری و بانکەکانیش تارادەیەکی زۆر پاکسازی کراون لە نەیارانی ئەردۆغان پێشتریش بە بیانووی کودەتاکەی ١٥ تەمووزی ٢٠١٦ بەشێکی زۆر ی نەیارەکانی لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت چ لە سوپا  و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس  دادگاکان و پەروەردەو...تد دوورخرانەوە لە کارەکانیان یانراپێچی زیندانەکان کران بە شێوەیەک کە هەموو زیندانەکان سیخناخ کراون.

بەڵێ ئەردۆغان هەررۆژی ٢٤ ی حوزەیران دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان لە وتاری سەرکەوتن دا وتی چۆن پێشووتریش لە وتاری سەرکەوتن لەراپرسی گۆڕینی دەستوور پیرۆزبایی لە گەلی تورکیا و دواتریش پیرۆزبایی لە گەلانی ناوچەکە کرد وتی پیرۆزبایی لە خەڵکی سوریا و عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و هەموو زۆرلێکراوان دەکەم ئەمجارەش وتی :

پشت بەو متمانەی پێتان بەخشین ئەمرۆ لەم هەڵبژاردنەدا بەیەکەو پشت بەخوا دەگەینە هەموو ئامانجەکانمان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ کە دەکاتە یادی سەد ساڵەیراگەیاندنی کۆماری تورکیا دیارترین و گرنگترینی ئەو ئامانجانە ئەوەیە تورکیا ببەینەریزبەندی یەک لەو دە دەوڵەتە زەبەلاح و خاوەنی هێزو داهاتی ئابووری لە سەر ئاستی جیهان لەم پێناوەشدا دیدگای سیاسی شوێن وریێ ی پێویست گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی تا ئەو بەرواره تورکیا ببێتە خاوەنی داهاتی نەتەوەیی دوو تریلیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

لە هەمانکاتدا بەڵێنی دا کە بەهەموو توانایەکیەوە بە گژ هێزە تیرۆریستەکاندا بچێتەوە، ئەوەی بۆ کورد جێگەی نیگەرانیە و لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیشدا بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد کێشەیەک نییە بە ناوی کێشەی کورد بەڵکو کێشەی تیرۆرمان هەیە ئەمە بۆ ناوخۆی تورکیا.

ئەوەی پەیوەندی بە دەرەوەی سنورەکانی تورکیاشەوە هەیە وتی: هەوڵدەدەین بۆرزگارکردنی زیاتری خاکی سوریا و قایم کردنی پێگەی نێو دەوڵەتی تورکیا لەم پێناوەدا کاتمان نیە بە فیرۆی بدەین.

هەموو ئەمانە لە کاتێکداروودەدەن تورکیا یەکەم فڕۆکەی F٣٥ لە ئەمریکا وەرگرت لە چوارچێوەی ئەو بۆندەدا کە سەد فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوو بکڕێت کەرۆکێتەکانی دەگاتە هەموو شوێنەکانیرۆژهەڵاتی ناوین کە ئەمە یەکێک لەو خاڵە بەهێزانەیە کە ئەردۆغان زۆر شانازی پێوەبکات و ئەو هەڕەشانەی پێوە بکات.

بەڵام لە بەرامبەردا ئەوروپیەکان و ئەمریکا خۆشحاڵ نین بەرامبەر بەم لێدوان و هەڵسووکەوتانەی ئەردۆغان هەربۆیە کۆنگریسی ئەمریکا لە هەوڵی ئەودایە ئەو بۆندی فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگی F٣٥رابگرێت لە بەرامبەر دەستوەردانەکانی لە سوریا و هاوپەیمانێتیەکانی لە گەڵروسیا و ئێران بێجگە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەروەها کرێنی سیستمیرۆکێت وراداری S٤٠٠ رووسی ئەوەش کێشەو نیگەرانییەکی تری ئەمریکا و پەیمانی ناتۆیە.

ژ. ٧٦٠٢ لە ٢٠١٨/٧/١

# ئەمریکا و تورکیا
# لە دۆستایەتییەوە بۆ دوژمنایەتی

ئەگەرچی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەنتیک ناسراو بە(ناتۆ)لە ساڵی ١٩٤٩ دامەزرێنرا بە سەرکردایەتی ئەمریکاو وڵاتانی تریرۆژئاوایی، دەوڵەتی تورکیاش لە بەرواری ١٨ شوباتی ١٩٥٢ ەوە بە ئەندامی ئەو هاوپەیمانێتیە وەرگیرا، لەوساوە تا ساڵی ٢٠٠٢ کە ئەکەپە واتە پارتی دادو گەشەپێدان دەسەڵاتی تورکیای گرتۆتە دەست، تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکا بووەو بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی کردووە، جگە لە ساڵی ١٩٧٥ کاتێک تورکیا باکووری دوورگەی قوبرسی داگیر کرد ئەمریکا نیگەران و ناڕازی بوو بۆیە چەک فرۆشتنی بە تورکیا قەدەغەکرد و تورکیاش لە بەرامبەردا هەموو بنکە سەربازییەکانی ئەمریکای لەسەر خاکەکەی داخست و دوای سێ ساڵ دانوستانی درێژ و پڕ لە هەورازو نشێو ئینجا پەیوەندیەکانیان ئاسایی کردەوە.

پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو واشنتۆن مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە لە نەوەد ساڵیرابردوودا، ئەوەی ئێستا زیاتر خەریکە گەورە دەبێتەوەو درزیراستەقینە دەخاتە نێوانیانەوە، ئەوەیە کاتێک سەرۆک ترەمپ و جێگرەکەی هەڕەشەی ئەوەیان لە تورکیا کرد ئەگەر قەشە ئەمریکیەکە (ئەندریۆ برانسۆن) کە بە تۆمەتی یارمەتیدانی تیرۆر و هەواڵگری گیراوە ئازاد نەکەن،ئەوا سزای ئابووری قورس دەخەنە سەر تورکیا، هەروەها ئەو سزانەی خرانە سەر هەردوو وەزیری دادو ناوخۆی تورکیا زیاتر پەیوەندییەکانی ئاڵۆز کردو تورکیاش هەمان هەنگاوی نا بەرامبەر بە وەزیرەکانی ئەمریکا.

هەرچەندە کاربەدەستانی تورکیا چاودێران و نووسەرانی تورک لە وەڵامی ترەمپ دا دەڵێن: ئەمە کەیسێکی یاساییە و دەسەڵاتی دادوەری یەکلایی دەکاتەوە و ئیدارەی ئەمریکا هەڵوێستی گۆڕیوە بەرامبەر بە تورکیا و دەخوازێت وەکو کەیسەکانی ئێران و کۆریا سەیری بکات و هەروەها هۆشدارییان داوە لەوەی کە لۆبی و ناوەندی هێزو بڕیار هەن لە ئەمریکادا، لە هەوڵی تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتن بۆ بەرژەوەندی لایەنی تر کە مەبەستیان ئیسرائیلە بە دیدی من، لە هەمان کاتدا کاربەدەستانی گەورەی تورکیا لە پێش هەموویانەوە ئەردۆغانرایگەیاندووە کە لە ژێر فشاردا ناچنە ژێرباری هیچ کام لە داخوازییەکانی ئەمریکا.

### گرنگترین خاڵە ناکۆکەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن

١.کەیسی قەشە برانسۆن.
٢.پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هەسەدە واتەرۆژئاوای کوردستان کە هەماهەنگی پەیوەندییەکی توندو تۆڵ سیاسی و سەربازی گەرم لە ساڵی ٢٠١٤ بەرامبەر داعش و تیرۆر کە تورکیای زۆر نیگەران کردووە.
٣.کێشەی کڕینی سیستمیرۆکێتی S٤٠٠ رووسی کە پێچەوانەیریکەوتننامەی ناتۆیە کە تورکیا ئەندامە تێیدا کە بە نیازە نەوەی پێنجەم لە فڕۆکەکانی F٣٥ ئەمریکی بکڕێت کە بۆندەکەی واژۆ کراوەو یەکەم فڕۆکەش بۆراهێنان وەرگیراوە بەڵام ئێستا کۆنگریسی ئەمریکا بۆندەکەی وەستاندووە.
٤.کێشەیەکی تازەتر لەمرۆژانەدا کە سزاکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران دەستی پێکردووە سەری هەڵداوە ئەویش ئەوەیە تورکیا بڕیاری داوە پا بەند نابێت بەو سزانەی ئەمریکاوە بۆیە ئەمەش دەبێتە کەلێنێکی گەورەی تر لە نێوان ئەو دوو وڵاتە هاوپەیمانەدا.

### کێشەکان لە کوێ وە سەرچاوەی گرتووە؟

١.هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە ئاکەپە تاکە پارتی فەرمانڕەوایرەهای تورکیایە کە باکگراوندێکی ئیسلامی ئیخوانی هەیە، بۆیە ناکۆکیەکی ئیدیۆلۆجی سەری هەڵداوە لە نێوان تورکیاو ئەمریکا و ئەوروپاش ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە بۆ دواوە و ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک ئەمریکا عیراقی داگیرکرد تورکیا کە ئەندامی کارای ناتۆیە بواری نەدا هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ خاکی تورکیا بەکاربهێنن بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەمە خاڵی جەوهەری بنەڕەتی و سەرتاو سەرکی ململانێکانە.
٢.داواکردنی فەتحوڵاگویلەن ئەو پیاوە ئاینی و بانگخوازەی کە لە ولایەتی پانسلڤینیای ئەمریکایە و تورکیا بە پلان دانەرو نەخشەرێژی کودەتاکەی ١٦ تەمووزە ٢٠١٦ دەزانێت.
٣.کاتێک فڕۆکە سیخۆکەیروسیا لەلایەن تورکیاوە خرایە خوارەوە و تێکشکێنرا هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ هەڵوێستیان نەبوو بەرامبەر هەڕەشەکانیرووسیا لە تورکیا
٤.هەندێک شیکاری تر هەیە باس لەوە دەکەن کە ترەمپ و جێگرەکەی دەخوازن کەڵک لەم ناکۆکیە ئاینیەی نێوان تورکیا و ئەمریکا وەربگرن بۆراکێشانی دەنگی مەسیحیە توندڕەوەکان لە هەڵبژاردنی تەواوکاری چەند مانگی داهاتوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان کە سەرۆکێکی ئیسلامی و پارتێکی ئیسلامی قەشەیەکی ئینجیلیان زیندانی کردووە.
بە هەرحاڵ لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە تورکیا جگە لەوەی پێگەیەکی جیۆسیاسی گرنگی

هەیە بۆ ئەمریکاو ناتۆ، خۆیشی زیرەکانە کەڵکی لە ململانێ ی نێوانرووسیاو ئەمریکا وەرگرتووەو زۆرترین قازانجی کردووە چ لە سوریا و کێشەکانی تری ناوچەیرۆژهەڵاتی ناوین  و لە ئێستاشدا شاندێکی تورکیا لە ئەمریکایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ژ. ٧٦٣٨   لە  ٢٠١٨/٨/١٢

# ئازادکردنی قەشە ئەمریکیەکە کۆتایی بە کێشەکانی ئەمریکا و تورکیا دەهێنێت؟

دوای ئەوەی لە ٩ دیسەمبەری سالّی ٢٠١٦ قەشە «ئەندرۆ برانسۆن» ی ئەمریکی لە شاری ئەزمیری خۆرئاوای تورکیا بە تۆمەتی سیخوری کۆمەک و هاریکاری تیرۆر و بە دیاریکراوی لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی خزمەتی فەتحولّا گویلەن و پارتی کرێکارانی کوردستانی کاری کردبێت، زیندانی کرا و لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا و لە ئاکامدا دادگای تاوانەکانی دووەم لە ولایەتی ئەزمیر بڕیاری زیندانیکردنی بۆ ماوەی سێ سالّ و مانگ و نیوێک بۆ قەشە برانسۆن دەرکرد.

لەو کاتەوە ئەمە نیگەرانی زۆری دروستکرد لای ئەمریکیەکان هەرچەند پێشتر لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان تورکیا و ئیسرائیل و دوای ئەوەی تورکیا کەشتیەک کۆمەک و هاوکاری نارد بوو بۆ غەزە و ئابڵووقەی دەریایی شکاندبوو پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە گرژی زۆری تێکەوت و کوژارو بریندارو دەستگیرکردنی هەندێ کەس لە تاقمی کەشتیەکەی تورکیا بەڵام ئەمریکیەکان هاوکار بوون بۆ ئازادکردنیان بەڵام دواتر تورکیا ئەم قەشەی حوکمدا.

#### *ناکۆکیەکانی ئەمریکا و تورکیا*

ناکۆکیریشەیی نێوان ئەم دوو وڵاتە کاتێک دەستیپێکرد کە سەرەتای هاتنە سەرحوکمی پارتی داد و گەشە بوو لە تورکیا سالّی ٢٠٠٢ لە کاتی خۆئامادەکردنی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عیراق، ئەو کات کە تورکیا هەرچەند ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ بوو بواری نەدا هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی تورکیاوە پەلاماری عیراق بدەن من ئەمە بە خالّی سەرەکی و بنەڕەتی دەبینم هەرچەندە لیستێک ململانێ ی تر هەیە کە دەکرێت زەمینەساز بن بۆ سەرهەڵدانی ئاریشە و قەیرانی پڕ سەرئێشە کە ئەوانیش خۆیان لە کێشەیرەزا سەراف و و کێشەی پێدانی فیزا و دادگاییکردنی پاسەوانەکانی سەرۆکی تورکیا کە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا پەلاماری خۆپیشاندەرانیان دابوو هەروەها کێشەی کڕینی سیستمی بەرگری S٤٠٠ روسی.

هەموو ئەمانە و سەرەڕای بوونی ناکۆکی ستراتیجی نێوانیان لە سەر کێشەی فەلەستین و ئایندەی سوریاو پەیوەندییەکانی ئەمریکا لە گەڵ کوردانیرۆژاواو پارتی

کرێکارانی کوردستان و بزوتنەوەی خزمەتی گویلەن و هەروەها پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئێران.

***کۆتایی دێت قەیرانەکە؟***

بۆیە لە ئاکامی خوێندنەوە بۆ ئەو پەیوەندی و ناکۆکیانەی کە هەن لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا دەکرێت بڵێین کە ئازادکردنی قەشە ئەندرسۆن فاکتەرێکە بۆ سووککردن و خاوکردنەوەی ئاڵۆزی و گرژییەکانی نێوانیان و وەلانانی زمانی هەڕشە و سزادان تاوەکو چارەسەری کۆتایی بێت بۆ ناکۆکیەکانیان.

هەرچەندە سەرۆک ترەمپرایگەیاندبوو ئەمریکا سەرانە و فدیە و پاداشت نادات بۆ ئازادکردنی قەشە ئەندرسۆن و مەسەلەی ئازادکردنەکەشی وەکو بابەتێکی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی تەواوکاری کۆنگرێس بەکاردەهێنێت لە ماوەی داهاتوودا.

بەڵێ‌راست و دروست زیندانیکردنی قەشەکە بووە هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانە سەرەڕای بوونی زۆر ململانێ ی توند و ستراتیجی بەڵام ئەنجام و کاردانەوەکانی ئەم قەیرانە زۆر سەخت بوو بۆ تورکیا بەتایبەتی سەپاندنی سزای ئابوری وز یادکردنی باج ورسومات بۆ سەر کاڵای تورکی بە تایبەتی بۆسەر ئاسن و فافۆن کارێکی وای کرد لیرەی تورکیرێژەیەکی زۆر لە بەهاکەی لە ماوەیەکی کورتدا لە دەست بدات، لە لایەکی ترەوە ئەم کێشەیە کاردانەوەو دەرئەنجامی قورس و تاقەتپڕوکێنی بۆ تورکیا خوڵقاند لەبەرئەوە تورکەکان خوازیارن بە ئازادکردنی هەموو سزاو فشارەکان کۆتایی پێبێت و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە.

هەرچەندە تا ئێستا ئەمریکا باڵوێزی لە تورکیا نییە و پەیوەندییەکانیان لە دۆخێکی خراپدایە بە هۆی هەموو ئەو ناکۆکی و ململانێ یانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا بۆیە بە بوونی هەموو ئەو خاڵانە زۆر زەحمەتە وا بە ئاسانی بتوانرێت پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئاسایی بکرێتەوە بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ئان و ساتێکدا کێشەو قەیرانی قورس سەرهەڵبدەن.

دادگای تورکیا لە ٢٠١٨/١٠/١٢ بڕیاری ئازادککردنی قەشە ئەندرۆ برۆنسون ی دەرکرد دوای بە سەربردنی زیاتر لە دوو ساڵ لە زینداندا بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی ناوبراو.

ژ. ٧٧٠٠ لە ٢٠١٨/١٠/٢٨

# تورکیا لە نێوان پاترویت و S ٤٠٠ دا

تورکیای ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ لە ساڵی ١٩٥١ ەوە لە سەردەستی پارتی داد و گەشەی باکگراوند ئیسلامی، وا لە نێوان سیستمی بەرگری پاترویت و فڕۆکەی F ٣٥ ئەمریکی سیستمی S٤٠٠ بەرگری‌روسی هەڵدەبژێرێت.

یەکەم هەنگاوی ئەم لێک جیابوونەوەیە هەرلە سەرەتای چوونە سەرحوکمی ئاکەپە لەتورکیا ساڵی ٢٠٠٢ بەدیکرا کاتێک حکومەتی ئەو کاتی ئاکەپە بواری بەهاوپەیمانە مێژووییەکەی ئەمریکا نەدا کە خاکی تورکیا بە کار بهێنێت بۆ شەڕی داگیرکردنی عێراق، ئەمەش لە خۆڕا نەهاتووە، چونکە ئاکەپە واتە پارتی دادو گەشە کە ناکۆکی ئایدیۆلۆجی توندیان لە گەڵ وڵاتانی‌رۆژئاواو ئەمریکا هەیە ئەمانە بە نیو عوسمانی ناسراون و خولیایی زیندوو کردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی لە مێشکیاندایە، خەون بەسەروەرییەکانی ئەو ئیمبراتۆریەتەوە دەبینن، کە پێنج سەدە حوکمڕانی بەشێکی‌رۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئەفریقیاش بووە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک کۆماری تورکیاشرایگەیاند، بۆندی کڕینی سیستمی S٤٠٠ بڕیاریکەوە پاشگەزنابینەوە لێی، چونکە بۆندی کڕینی سیستمی پاترویتی ئەمریکی هەموو پێداویستی وخواستەکانی تورکیا دابین ناکات، هەر دوای ئەویش مەولود چاویش ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا لە چەندرۆژی‌رابردوودا بە فەرمی‌رایگەیاند کەبۆندی کڕینی سیستمی S٤٠٠ ی‌روسی یەکلایی بووەتەوە، سەرەڕای کۆششەکانی ئەمریکا بۆ قایلکردنی تورکیا بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە نەنێن، چونکە ئەوە دژ بە بنەماکانی هاوپەیمانی ناتۆیە.

جگە لەوەش مایک بێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا داوای لە ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا کرد کە ئەو بۆندە جێبەجێ نەکەن لە هەمانکاتدا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بنتاگۆنیش نیگەرانی خۆی نەشاردەوە لە و بۆندە بەمەترسی بۆ سەر سیستمی بەرگری پاترویتی ئەمریکی زانی، بە دووریشی نەزانی کە سیخوڕی بکات لە سەر نەوەی نوێی فڕۆکەکانی F ٣٥ ئەمریکی کە تورکیا بە نیازە و بۆندیشی واژۆ کردووە لە گەڵ ئەمریکادا کە بیکڕێت.

ئێستا هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو دەوڵەتی تورکیا بگەڕێنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، بۆ کاتی پێش ئازادکردنی قەشە (ئەندرۆ برۆنسۆن)، ئەو هاوڵاتیە ئەمریکیەی کەتۆمەتبار بوو لای تورکیا بە پاڵپشت و

هاریکاری تیرۆرو کۆمەکی کودەتاچیەکانی تەموزی ٢٠١٦ لە تورکیا.
قەیرانی سوریا یەکێکی تر لەو کێشە کۆن و تازانەیە کە کاریگەری نەگەتیفی کردۆتە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا بە تایبەتی کاتێک سەرۆک ترەمپرایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکا کە پێکهاتوون لە ٢٠٠٠ سەرباز لە سوریا دەکێشێتەوە، هەر لەو کاتەدا تورکیا لە سەر زاری وەزیری بەرگری یەکەیەوە (خەلوسی ئاکار)رایگەیاند کە پەلاماری هەسەدە دەدات و سەنگەرەکانیان دەکاتە گۆڕ، لە کاتێکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل هاوپەیمانی تاقانە وراستە قینەی ئەمریکا بوون لە سوریا لە شەڕی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام.
ئامانج و بەرژەوندییەکانی ئەمریکا و تورکیا جیاوازو پێچەوانەی یەکترن لە ناوچەکە، ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت لە ئێستادا لە ناوچەکە پاراستنی ئاسایش وئارامی دەوڵەتی ئیسرائیل و گەمارۆدانی ئێران و تەریک کردنی و بەرگرتن لەهەژموونی لەناوچەکەدا، تورکیاش مەبەستیەتی پەلاماری هەسەدە بدات  کە هاوپەیمانی ئەمریکان و بەمەترسی و هەڕەشەیان دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی تورکیا و بە باڵێکی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەزانێت، بەڵام ئەمریکا دەخوازێت هەسەدە بپارێزێت.
هەر بۆیەش ئێستا تورکیا خۆی لەروسیا و ئێران نزیک دەخاتەوەو وەکو کارتێکی فشاری بەهێز بەرامبەر ئەمریکیەکان بەکاری دەهێنێت، لە هەمان کاتیشداروسیاش بەدەر لە قەیرانی سوریا دەخوازێت ئەو ناکۆکیانەی تورکیاو ئەمریکا بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەکاربهێنێت، ئیتر چ بە جێبەجێ کردنی بۆندی سیستمی S٤٠٠روسی و هەروەهاریکەوتن لە بواری نەوت و غاز وئاو، هەروەها هەوڵدان بۆ نزیککردنەوەی دیدو بۆچوونی رژێمی ئەسەد و تورکیا بە تایبەتی ئێستا باس لە هەماهەنگی ئاسایش دەکرێت لە نیوان ئەو دوو وڵاتە بە ناوبژی‌روسیا، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی فورات، لە کاتێکدا کوردەکان لەو مەترسیە تێگەیشتوون و لە هەوڵی دانوساندان لە گەڵرژێمی ئەسەد و بۆ خۆسازدان بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو.
هەرچەندە کۆبوونەوەی   لوتکەی سوتشی لەروسیا لە نێوان هەرسێ سەرۆکی‌روسیاو ئێران تورکیا ئەنجامدرا، بەڵام لێدوان و بۆ چوونەکانیان تەباو هاوتەریب نەبوون و پێچەوانەی یەکدی بوون، لە مەڕ پرسی کورد لە سوریا بە تایبەتی‌روسیاو وئێران دژ بە لێدوانەکانی ئەردۆگان بوون.
بەڵام ئەوەی جێگای گومانە بۆروسیاو ئێرانیش نزیک بوونەوەی تورکیایە لێ

یان وەکو کاردانەوەیەکە بەرامبەر بەوەی ئەمریکا ناچێتە ژێرباری داخوازییەکانی تورکیا، ئەویش بڕینی کۆمەک و پەیوەندییەکانی ئەمریکایە لە کوردەکانی سوریا و هەروەها گێڕانەوەی هەموو ئەو چەک وتەقەمەنیانەی کە ئەمریکا لە شەڕی تیرۆر و داعشدا داویەتی پێ یان و قایل نەبوونی ئەمریکا بە هێرشی تورکیا بۆ سەر هەسەدە.

ڕوسیا و ئێران لە بەر ئەو هۆکارانەی سەرەوەو ئەوەش کە هەرکاتێک ئەمریکا چووە ژێر باری لانی کەمی داخوازییەکانی تورکیا ئەوا تورکیا پشت لەروسیا و ئێران دەکاتو ١٨٠ پلە بادەداتەوە، لەلایەکە ترەوە ئەو هەواڵ و لێدوانانەی کە تورکیا لێرەو لەوێ دەیدات سەبارەت بە پەلاماریرۆژهەڵاتی فورات و هەسەدە پێچەوانەی بۆچوون و بڕیارەکانیروسیاو ئێرانیشە.

لە کۆتاییدا سیاسەتەکانی تورکیای ئەردۆگان لە تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە لە نێوان دوو هاوپەیمان ئەوانیش هاوپەیمانی کۆن و مێژوویی ئەمریکاو هاوپەیمانی نوێروسیا ئایا تا چەند دەتوانێت هاوسەنگی بپارێزێت وەکو وڵاتانی تری ناوچەکە کە پەیوەندی بازرگانی و تەنانەت سەربازیشیان لە گەڵروسیا هەیەو لە گەڵ ئەمریکاش دۆست و هاوپەیمانن، بەڵام ئەمە لەوەیە بۆ ئەردۆگان قورس بێت چونکە ئەردۆگان بەو لۆجیکە بیردەکاتەوە یان لە گەڵم بە یان دژم بە.

ژ. ٧٨٠٩ لە ٨+٩/٣/٢٠١٩

# بەشی پێنجەم

# سوریا و خۆرئاوای کوردستان

# کۆبانێ یان عین العرب

ناکرێت باسی کۆبانێ بکەمو ئاوڕێک لەمێژووی کورد لەسوریا نەدەمەوە، هەرچەندە بەکورتیش بێت، کورد لەڕۆژئاوای کوردستان وەکو بەشەکانی تری وڵاتەکەمان گرنگیو پێگەی پڕ بەهای خۆی هەیە، لەدوای دوو لەتبوونی کوردستانی مەزن لەساڵی ١٥١٤ی زایینی لەشەڕی چاڵدێران لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو سەفەویدا، جارێکی تریش لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەم بەشەی کەبەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتبوو سێ لەتکرایەوە لەنێوان تورکیاو عیراقو سوریادا بەڕێککەوتنامەکانی سایکس – بیکۆو سیڤەرو لۆزان.

نامەوێت لێرەدا بچمە درێژی ئەو باسە مێژووییەوە کەزۆری لەسەر نووسراوەو سەرچاوەی زۆر هەن لەسەریان، بەڵکو دەمەوێت تیشکێک بخەمە سەر رۆژئاوای کوردستان، هەر لەوکاتەوە سوریا کەوتە ژێردەستی فەرەنسییەکانەوە، ئیتر کوردیش وەکو بەشێکی زیندوو گرنگی گەلی سوریا بوو بەبەشێک لەشۆرشو بەرنگاربوونەوەی فەرەنسا، وەکو داگیرکەری ووڵاتەکەیان، ئیتر کورد نەک هەربەشداری شۆرشەکەیان کرد، بەڵکو هەندێک لەسەرکردەکانی شۆڕش کوردبوون لەوان ئیبراهیم هنانۆو سەعید ئاغای دەقوریو هەروەها شەهیدبوونی وەزیری جەنگ یوسف عەزمە لەشەڕی مەیسەلون کەئەویش کورد بوو، هەروەها یەکەم کەسیش کەئاڵای سەربەخۆیی سوریای بەرزکردەوە پاش سەربەخۆیی، کوردێک بوو بەناوی موحەمەد بارافی کوردی.

بەڵام پاش سەربەخۆیی سوریا تاماوەیەکیش ژیانی پەرلەمانیو ئازادی رۆژنامەنووسیورادەربڕین هەبوو، چەندین گۆڤاری کوردی هاتنە دەرچوون وەکو (بەربانگو هاوار) تادەرکەوتنیرەوتی قەومەچی عەرەبی کەخۆی لەوەحدەویو بەعسیەکاندا دەبینیەوە، هەروەها یەکگرتنی میسرو سوریا لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا بە هەموو دەزگا ئەمنیەکانیەوەو زاڵبوونی ئەورەوتە شۆڤێنیە بەسەر ژیانی سیاسی لەو وڵاتەدا، ئیتر هیچ بوارێک نەما بۆ بزوتنەوەی ئازادیورۆشنیری چالاکی کورد لەسوریاداو دەستیان کرد بەپەلاماردانی کورد کەخۆی لەکۆچ پێکردنی زۆرەملیو تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکاندا دەبینیەوە، لەبەرامبەریشیدا گەلی کورد لەڕۆژئاوا ئەوە نەبێت چۆک دابداتو ملکەچی خواستی داگیرکەرانی مافو خاکەکەی بووبێت، بەڵکو بەشێوازێکی نوێ هاتنەوە مەیدانو هەرچۆن کوردیرۆژهەڵاتو باشوور

زیاتر لەیەک نزیکن‌و تێکەڵن لەبەر زۆر هۆکار کەئێستا ناکرێت لەم وتارە کورتەدا باسیان بکەم، ئاواش کوردی باکورورۆژئاوا لەیەک نزیکبوون‌و یەک ئامانجیان هەبوو،رێکخراوو پارتەکانیان دواتر یەکیان گرت‌وریکخراوی خۆیبوونیان دامەزراند ساڵی ١٩٢٩ لەبەیروت، کەدواتررابەرایەتیراپەڕینەکەی ئیحسان نوری پاشای کردو لەساڵی ١٩٥٧یش کەپارتی دیموکراتی کوردستانیان لەسوریا دامەزراند، دیسان هەمان ئامانجی هەبوورزگاری‌و یەکگرتنەوە.

ویستگەیەکی تری گرنگی کورد لەسوریا کەشایەنی هەڵوێستە لەسەرکردنە ئەو زوڵمە مێژووییەبوو کە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٦٢دا لەکورد کرا کەزیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس لەمافی هاوولاتیبوونی ئەو وولاتە بێبەش کران‌و ناسنامەورەگەزنامەی سورییان پێ نەدرا بەبیانووی ئەوەی لەشوێنەکانی تری کوردستانەوە هاتوون‌و دەستگیرا بەسەر زەوی‌ومال‌و موڵکیانداو بەم هەنگاوە هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچە کوردنشینانەو هێنانی عەرەب لەرقەو شوێنەکانی ترەوە بۆ نیشتەجێکردنیان لەشوێنیان، تاساڵی ٢٠١١وراپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی‌وراپەڕینی گەلی سوریا لەدژیرژێمەکەی بەشار ئەسەد ئیتر، مەرسوومی کۆماری ژمارە ٥٩ دەرچوو کەناسنامە دەدات بەزۆریک لەکوردەکان، بەلام خەڵکیرۆژئاوای کوردستان، ناوچەکانی خۆیان ئازادکردوو ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەرییان دامەزراند، کەخۆی لەکانتۆنەکانی جەزیرەو کۆبانی‌و عەفریندا دەبینێتەوە، کەجۆرێک لەبەڕێوەبردنی دیموکراتی پێکەوەژیانی ئارامی تێدایە  لەچاو ناوچەکانی تری سوریا.

هەتاوەکو لەم دواییەدا چەتە خوێنڕێژەکانی تاریکی‌و نەزانینی داعش لەدوای داگیرکردنی بەشێک لەعیراق‌و شەنگال‌و زوممارو پەلاماری کانتۆنی کۆبانیاینداو لەشەڕێکی ناڕەواو دەستدرێژکارانەدارقیرەشیان بەسەر خەڵکی ئەو شارەو گوندەکانیدا رشت‌و زیاتر لە٣٨٠ گوند دەبێت،  کەچەند گوندێکیشیان داگیرکرد، بەلام لەبەرامبەرداروبەڕوی کێوێک لەورەو عەزم‌و ئیرادەی گەلێک بوونەوە، کە تا ئێستا مێژوو لەکەم شوێنی دنیا بەخۆیەوە بینیووە، هەرچەند ژن‌و منال‌و پیرو پەککەوتەکان پەنایان بردە بەر سنورەکانی تورکیاو مال‌و حالی خۆیان بەجێ هێشت.

کوردی کۆبانی، ئێستا لەشەڕێکی مەردانەدان، کەگرەوی مان‌و نەمانی کوردی لێدەکرێت لەو دەڤەرە خۆشەویستەی کوردستان، کە دەخوازێت کورد لەهەر کوێ بێت بەهانایانەوە بچێت، چی لەدەست دێت بۆیان بکات، چونکە ئەوان سەلماندیان کەئیتر بوونە سمبول‌و جێگەی شانازی هەموو کورد، ئەگەرچی کۆبانێ شارێکی کوردەو وەکو سەرچاوەکان باسی دەکەن لەدوای ساڵی ١٩١٠ لەکاتیراکێشانی هێڵی

ئاسنی بەرلین _ بەغداد کەمپی ئەو کۆمپانیایە بووەو ناوەکەی لەکۆمپانیاوە هاتووەو دواتر بووەتە کۆبانێ، بەڵام پێدەچێت چۆن لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان ناوی زۆربەی شارو گوندو شاخ گۆڕاون بۆ سەر زمانی داگیرکەران، ئاواش عەرەبەکان ناوی کۆبانێیان تەعریب کردووەو پێی دەڵێن (عین العرب) واتە کانی عەرەبان.

ژ. ٦٤٩٤ لە ٢٠١٤/٩/٢٨

# ناوچەی ئارام لە سوریا

مەبەستو ئامانج لە بنیاتنانی ناوچەی ئارام لە سوریا یان لە هەر شوێنێکی دی پاراستنو پارێزگارییە لە خەڵکی سڤیلو ئاوارەو لێقەوماوە، هەروەها بڕیاری دامەزراندنەکەی پشت بە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەستێت بە دیاریکراوی بەشی حەوتەم لەو بەیاننامەیە کە دەسەلأت دەدات بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوەدەوڵەتی کە هێز بەکاربهێنێت بۆدابینکردنی ئاسایش و ئاشتی جیهانی هەروەکو چۆن لە ساڵی ١٩٩١ ناوچەی دژەفڕینی بۆ کوردستانی باشوور دامەزراند بە بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش.

بیرۆکەی بنیاتنانی ناوچەی ئارام لە سوریا شتێکی تازە نیەو لە چەند ساڵیرابردووی قەیرانی سوریادا زۆر جار خراوەتە بەرباس بەڵام ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئۆباما بە هەموو شێوەیەک دژی دەوەستا لە بەر چەند فاکتەرێک لەوانە تێچووی زۆری ئەو پرۆسەیە و پێویستی ناردنی هێزی سەربازی زۆرو سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین کە ئەمەش بوار بە فڕینی هیچ فڕۆکەیەکیروسی و ئێرانی نادا کە ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەبوو ببێتە هۆی پێکادان لە گەڵ فڕۆکەکانی ئەو وڵاتانەدا تێوەگلانی ئەمریکا لە قوڕو لیتاوی سوریا کە ئۆباما خۆی لێ لادەدا.

### گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ گۆڕەپانی سوریا

لە دوای ئەوەی لە چەند ساڵیرابردوودا ئەمریکا لە ناوچەکەدابەجۆرێک لە جۆرەکان پاشەکشەی کردبوو بە گشتی و لە سوریا بەتایبەتی هاوپەیمانیروسی و تورکی ئێرانی ببوون بە کارەکتەریراستەوخۆیروداوەکانی سەر گۆڕەپانی سوریا کە دواترینیان کۆنگرەی (ئەستانە)بوو بۆ ئاگربەس و دواتر چارەسەری قەیرانەکانی سوریا بۆیە ئیدارەی نوێی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە هەوڵی وەرگرتنەوەیرۆڵی کاراو پێشەنگی ئەمریکایە لەرووداوەکانی ئەو وڵاتە لە چەندریگایەکەوە یەکێک لەوانە بنیاتنانی ناوچەو پەناگەی ئارامە بۆ ئاوارە و قوربانیە کانی دەستی تیرۆرو شەڕو ململانێکانی سوریا لە ناو خاکی سوریادا هەرچۆن لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی دابوو.

### ناوچەو پەناگەی ئارام

لە دوای دەست بەکاربوونی لە ٢٠ کانوونی دووەم ٢٠١٧ دۆناڵد ترەمپ یەکێک

لەو بابەتانەی کە مەبەستی بوو جێبەجێ بکا ناوچەی ئارام بوو لە سوریا بۆیە فەرمانی بە وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوە کرد کە لە ماوەی ٩٠رۆژدا پلان و بەرنامەی پێویست دابنێن بۆ بنیاتنانی ئەو ناوچانە لە سوریا وولآتانی دراوسێی کە هەمووئەو ئاوارەو لێقەوماوانە بگرێتە خۆ بەڵام هیچ باسێکی لە شوێن و جێگەو کێ سەرپەرشتی بەڕێوەی دەبا ناکا لە لایەکی ترەوە سەرۆک ترەمپ لەو بڕوایەدایە کە ئەوروپا هەڵەیەکی گەورەی کرد کە بواری دا کە ملیۆنەها ئاوارەی سوریا بچنە ئەڵمانیاو وڵاتانی تری ئەوروپاوە لە لایەکی تریشەوە ئەو کارتی فشارەی لە دەستی تورکیا دەردەهێنا کە هەڕەشەی ئەوروپای پێدەکات هەمیشە کەریگری ناکات لە شاڵاوی ئاوارەکان بەرەو ئەوروپا کە لە بەرامبەردا داواکاری ماڵی و کردنەوەی دەرگای وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەرووی هاوڵاتیانی تورکیادا .

بڕیاری ئەمریکاو پارەی سعودیە و ئیمارات

دوای ئەنجامدانی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی کە لە نێوان پادشای عەرەبستانی سعودیەمەلیک سەلمان و سەرۆکی ئەمریکا ترەمپ کرا هەرچەندە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ترەمپ زۆر لێدوانی زبرو نیگەرانکەری ئاراستەی عەرەبستان کردبوو بەڵام وەکو دەرکەوت ترەمپی کاتی بانگەشە ترەمپی ناو کۆشکی سپی نەبوو بۆیە هەر زوو زۆرێک لە تێڕوانینەکانیان لە سەررووداوەکانی ناوچەکە جووت و تەبا بوون بە تایبەتی هەڵوێستیان لە سەر هەژموون و دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی لە عیراق و سوریاو لوبنان ویەمەن بۆیە هەر خێرا عەرەبستان و دواتر ئیماراتیش قایل بوون بە پێدانی فاتوورەی ناوچەی ئارام.

### ***هەڵوێستیروسیا و ئێران و تورکیا وڕژێمی سوریا***

ڕاگەیاندنی فەرمانەکەی ترەمپ بۆ وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوە بۆ ناوچەی ئارام لە سوریا هەروەکو وتەبێژی کرملین وتی بۆ ئێمە مایەی حەپەسان و سەرسووڕمان بوو چونکە لە کاتی پەیوەندی تەلەفۆنی هەردووسەرۆکدا واتە پۆتین وترەمپ هیچ ئاماژەیەک بە ناوچەی ئارام نەدراوە تەنها باسی پەیوەندی هەردوو وڵات و لەناوبردنی توندرەوی تیرۆری داعش کراوە هیچ هەماهەنگیەک نەکراوە بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام و کاردانەوەو لێکەوتەکانی .

ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێرانیشەوە هەیە هەندێ لە چاودێران لەو بڕوایەدان کە ئێران زەرەرمەندێکی گەورەی ئەم کردەوە دەبێت بەوەی کە دەبێت هێزەکانی خۆی و حزبوڵایش دەبێت لە سوریا پاشەکشە بکەن.

تورکیا تەنها وڵات بوو لە چەند ساڵیرابردوودا خوازیاری ناوچەی ئارام بوو لە ناوخاکی سوریادا بەڵام لە ئێستادا بە هۆی گۆڕانکاری لە یارییەکەدا ئەو جدییەتەی جارانی پێوەدیار نەماوە و چاوەڕوان و چاودێری میکانیزمی جێبەجێ کردنی دەکات.

حکومەتی سوریاش ئەم هەنگاوە دژ بە یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی و بە پەناگەیەک بۆ گروهەتیرۆریستەکان دەزانێت.هەرچەندە جارێ فۆرم و میکانیزمی ئەو ناوچانە بەدەر نەکەوتووە و تا ٩٠رۆژەکە تەواو نەبێت نازانرێت ئەو ناوچانە لە چ شوێنێکی سوریا یان وڵاتانی دراوسێ ی سوریا دادەمەزرێن بەڵام بۆ کورد بە بڕوای من گرنگیەکی تایبەتی دەبێت و وەکو چۆن لە باشوری کوردستان ناوچەی ئارام و دژە فڕین بووە هەرێمی فیدراڵی کوردستان لە عێراقدا پێدەچێت لە سوریاش بە هەمان ئاکاردا بڕوات و کورد یرۆژاوا لە هەڕەشەی وڵاتانی ناوچەکە بپارێزێت.

ژ. ٧٢١٦ لە ٢٠١٧/٣/١٢

# بۆردوومانی پێگەکانی
# پێشمەرگە و شەڕڤانان

بەرەبەیانییەکی زوویرۆژی سێ شەمە ٢٠١٧ /٤/٢٥ چەندین سرب لە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە لە چیای شەنگال وشەرڤانان لە چیای قەرەچووغ لەرۆژئاوای کوردستانیان کردە ئامانج ئەگەر لەرابردوودا بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان لە قەندیل و شوێنەکانی تر کردبێتە ئامانج بە بیانووی چالاکی و پرۆسیسە چەکداری و سەربازی و سیاسیەکانی ئەو حزبە لە باکووری کوردستان ئەوا ئەم ئۆپەراسیۆنە ئاسمانیەی تورکیای لە ٢٥/ نیسان ماناو مەدلوولی خۆیە هەیە دەکرێت لە سەری بووەستین.

ئەم بنکەو بارەگانەی کە بەر ئەو هێرشە کەوتن جگە لە وێستگەی کارەبا وەکو ژێرخانی ئابووری، بنکەکان ئەو بارەگانەن کە لەرابردوو ئێستاش بنکەی دواوەوەی بەرەی شەڕی تیرۆر و داعشن لە کاتێکدا پاساوی تورکیا بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە ئەوەیە کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەیان و دەڵێت کە ئەم ئۆپەراسیۆنە تەرازووی هێزی گۆڕی،بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم ئۆپەراسیۆنانە تەرازووی هێز لە گەڵ دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا دەگۆڕێت چونکە ئەم پێگەو بنکانە بەرەی جەنگی تیرۆرو داعشن نەک تورکیا.

لەلایەکی ترەوە دەکرێت بپرسین ئەگەر هێزی یەپەژە ی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیای شەنگالن و بۆ بەرگری لە ئێزدییەکان، خۆ لەرۆژئاوای کوردستان هێزیکی ترەو لە سەر خاک وماڵی خۆیانن ئەوانتان بۆ کردۆتە ئامانج؟

لە هەمان کاتدا ئەگەر سەرۆکی نوێی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ لە دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە خانشیخون لە سوریا یەکسەر هەڵوێستی دەربڕی و ٥٩رۆکیتی ئاڕاستەی بنکەی هەوایی شعێرات کرد کە کۆمەڵێک مەسج و مەبەستی خۆی هەبوو بۆ ناوچەکەو جیهانیش، ئەوا ئەردۆغانیش بەم ئۆپەراسیۆنە هەواییە بۆ سەر جەنگاوەرانی کورد لە باشوورورۆژئاوای کوردستان کە هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکاو دۆستی تاقانەو نزیکی ئەون لە ناوچەکەدا، ئەمیش مەسج و بروسکەی خۆی دەنێرێت،هەوڵدەدەین لە خوارەوە زیاتر تیشکی بخەینەسەر :-

پێویستە ئەوەش بخەینەروو کە بنکەو بارەگاکانی شەڕڤانان لە خۆرئاوا زۆر نزیکەلە بارەگاو بنکەیراوێژکارە ئەمریکییەکان

هەرچەندە بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا ئەردۆغان سەردانی ئەمریکا بکات وادیارە پێش سەردانەکەی ئەم مەسجانەی ناردووە کە خوازیارە ئەمریکا واز بهێنێت لە کۆمەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل و پەیەدە لە سوریا ئەو دۆسێرادەستی ئەو تورکیا بکات وجا ئیتر لە ژێر ناوی ناوچەی ئارام یان هەر ناوێکی تردا بێت. لەلایەکی ترەوە خوازیارە کە ئەو پەیوەندی و هاریکارییە سەربازییانەی ئێستا لە مەیدانی شەڕی تیرۆر دا هەیە، نەگۆڕێت بۆ بواری سیاسی وباسی سیستمی فیدراڵی بۆ باکووری سوریا نەکرێت و پەیەدەش بخرێتە ناو لیستی تیرۆرەوە، چونکە باڵی پەکەکە لە سوریا.

لە بەرامبەریشدا ئەردۆغان هەر چەندە پێشتر زۆر جار لە هەڵوێست و بڕیارەکانی پاشگەز بووەتەوە، دوورنییە ئەمێستاش جارێکی تر دەستبەرداری هاوکاری کۆمەک گروپە تیرۆریستەکان بێت و بگەڕێتەوە ژێر باڵی ئەمریکا.

لەلایەکی ترەوە نامەیەکە بۆ پەیەدەو پەکەکە کە پێیان دەڵێت: ناتوانن بیٚ‌رەزامەندی تورکیا کۆمەک و پشتیوانی بە دەست بهێنن و ئەو کۆمەک و هاوکاریانەی ئەمریکا بۆ ئێوە جگە لە بواری سەربازی ناچێتە خانەی هەڵسووکەوتی سیاسی و فەرمیەوە جگە لە دیفاکتۆیەکی کاتی گرنگیەکی ئەوتۆی نیە.

لەلایەکی ترەوە بەرووسەکان دەڵێت: دەتوانم بچمەوە ناو باوەشی ئەمریکا وەکو سەردەمی جەنگی ساردو کۆمەک و یارمەتیەکانیرووسیا بۆ شکست بە کودەتاکەی ١٥ تەمووزی ساڵی ٢٠١٦ بەس نەبوون بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە هاوپەیمانی سیاسی، بەڵکو هەر سیکتەری ئابووری گرتەوە، وادیارە بوونیرق و کینەی هاوبەشیان بۆ ئەوروپا نەیتوانی درێژە بە هاوپەیمانیەکەیان بدات، چونکەرووسەکان لە سووریا نەیانهێشت لە ناوچەی باب زیاتر تورکیا پێشڕەوی بکات لە کاتێکدا ئەوان تورکیا حەزیان لەوەبوورۆژئاوای کوردستان هەمووی داگیربکەن.

ماوەتەوە بپرسین: ئەریٚ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان کە هێشتا شەڕی داعش تەواو نەبووە، بەم شێوە هەڵسووکەوت لە گەڵ کوردا دەکەن کە هاوپەیمان و هاوبەشی سەرەکی بوون لە شەڕی تیرۆر و دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا کە لە سەر زمانی خۆیانەوە لە بەرزترین ئاستدا دانیان پیدا ناوە، ئایا ئێستا ئیتر یارو نەیار هەقیان نییە بپرسن: ئەریٚ کورد کەرەسە بوو یان هاوبەش لەم جەنگەدا ؟

ژ. ٧٢٥٤ لە ٢٠١٧/٤/٣٠

# عەفرین لە سات و سەودای وڵاتاندا

ئێستا عەفرین سەردێڕی هەواڵە گەرم گوڕەکانی زۆرێک لە میدیاکانی ناوچەکەو جیهانە ئێستا عەفرین و هەموو گوندەکانی کە (٣٥٠) گوندی هەیە گۆڕەپانی ئامانجی شەڕێکی داسەپاو و نەخوازراوە بە بیانووی ئەوەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئیستراتیجی دەوڵەتی تورکیا. عەفرین دەکەوێتە لای سەروی باکوریرۆژئاوای سوریاوە ورووباری عەفرین تێیدا تێپەڕ دەبێت و شارۆچکەی ئەعزاز دەکەوێتە خۆرئاواییەوەو و شاری حەلەبی ئیستراتیجی و پایتەختی ئابوری سوریا دەکەوێتە باشوورییەوە هەروەها لەرووی کارگێڕیشەوە سەربە ئەوێیە، هەروەها لە باشووریرۆژئاواشەوە شاری ئەدلیبە واتە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا لە باکوورورۆژئاواوە.

عەفرین ناوچەیەکی شاخاوی جوانە کەرووبەرەکەی نزیکەی ٣٨٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە واتە لەسەدا دوویرووبەری خاکی سوریا پێکدەهێنێت و لەرووی جوگرافیەوە لە ناوچەو کانتۆنەکانی تری خۆسەری بەڕێوەبەری دوورەو بە یەک ناگەن و لە ناوچە کوردنشینەکانی ترەوە تاڕادەیەک دوورە.

عەفرین لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریاراستەوخۆ لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلی و یەکینەکانی پاراستنی ژنەوە پارێزگاری لێدەکریت و بنکەو پێگەو سەنگەری بەهێزی بەرگری بۆ دابین کراوە، کە بە هەزاران شەڕڤان مەزەندە دەکرێت و هەندێک سەرچاوە باس لە زیاتر لە (٥٠) هەزار کەس دەکەن بۆ یە پێناچێت ئەو شەڕە وا بە ئاسانی یەکلایی بکرێتەوە.

عەفرین هەرچەندە شارێکە لە سەر کەناری دەریا نییە، بەڵام نزیکترین خاڵ و پێگەی کوردە لە دەریایی سپی ناوەڕاستەوە بۆ داهاتووی دامەزراندنی هەر قەوارەیەکی کوردی و تەنها ترس و نیگەرانی دەوڵەتی تورکیاش هەر لەم گریمانەیە، بۆیە وا بەهێز توانای گەورەی سەربازی پێشکەوتوو سیستمیرۆکیتیرۆژهەڵات ورۆژئاوا و هاتۆتە مەیدان و وەکو سەرۆک کۆماری تورکیا ئەرۆدۆگان دەڵێت نەک هەر عەفرین بەڵکو تا سنوورەکانی عیراقیش دەڕۆین.

هەموو ئەم لەشکرکێشی و پەلامارو ئۆپەراسیۆنانە، لە ناوچەیەکدایە کە سەقامگیرترین شوێنی سوریاو لەهەمانکاتدا گونجاوترین پەیوەندی هەیە لە نێوان هەموو پێکهاتە ئتنیکیە جیاوەزەکاندا.

بەڵێ لە کاتێکدا ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام دەدەرێت یەکینەکانی پاراستنی گەل باشترین پەیوەندی و هەماهەنگیان لە گەڵ هێزە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەلایەک روسیا لەلایەکی ترەوە هەیە، تاکار گەیشتە ئەوەیروسیا خەڵاتی فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل سیبان حەمۆ بکا بە مەدالیای قارەمانی لە پلەی باڵا لە سوتشی.

بەڵام ئێستا دەبیستین و دەبینین وا هێزەکانیروسیا بنکە و بارەگاکانیان چۆڵ دەکەن لە عەفرین، لە کاتێکدا عەفرین ئارامترین و سەقامگیرترین شارە لە هەموو سوریادا پێچەوانەی هەموو ئەو پاساو و لێدوانانەی تورکیا و ئەردۆگان کە دەڵێن عەفرین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئیستراتیجی تورکیاو هێزی تیرۆریستی داعشی لێ یە، لە کاتێکدا لە چەندساڵێرابردوودا هەموومان شاهیدی ئەوراستییەین کە هێزە تیرۆریستیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر لە سەر سنوورەکانی تورکیا بوون دەوڵەتی ئەکەپەو ئەردۆگان هیچرۆژێک ئەم نیگەرانی و ترسەیان پیشانی کەس نەدا.

ئەوەی جارێکی تر گومانی مێژوویی کورد لەرووسەکان زیندوو دەکاتەوە دوای کۆماری کوردستان لە مهاباد ساڵی ١٩٤٦ هەڵکردنی چرای سەوزیرووسیایە بۆ تورکیای ئەردۆگان، کە پەلاماری عەفرین و تەواویرۆژئاوای کوردستان بدات، لە بەرامبەردا بەشداربوونی ئەنقەرە و هێزە وابەستەکانی لە ئۆپۆزەسیۆنی سوریا لە کۆنگرەی ئەستانە کە مۆسکۆ سەرکردایەتی دەکات.

ئێستا خێرە لە شارێکی وا ئارام و سەقامگیر و بێ کێشەدا ئۆپەراسیۆنێکی وا زەبەلاح ئەنجام بدرێت و پەلاماری خەڵکی سڤیل و بێتاوان بدرێت،ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لە جەنگی عەفرین نەک گۆڕینی نەخشەی هاوپەیمانێتیەکان لە سوریا بەڵکو نەخشەی هاوپەیمانێتی لە ناوچەکەش دەگۆڕێت بە تایبەتی هاوپەیمانێتی چوار قۆڵی لە نێوان تورکیا و ئێران وروسیا و سوریاو بە تایبەتی مانەوەی ئەسەد و هەوڵدان جێگیرکردنەوەی.

ماوەتەوە بڵێین ئایا گەلی کورد جگە لە عەزم و ئیرادەی پۆڵاییینی شەڕڤانەکانی لە شەڕێکی وا نابەرابەردا چ شتێکی هەیە؟

یان هەر وتە کۆنەکەی جاران بڵێینەوە کورد جگە لە چیاکان دۆستی تری نیە.

ژ. ٧٤٧٧ لە ٢٠١٨/١/٢٨

# ئامانجی توركیا لەئۆپەراسیۆنی عەفرین

وا توركیا ماوەی چەندینرۆژە بە بیانوی هەڕەشەو مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوایەتی ئیستراتیجی خۆی درێژە بە ئۆپەراسیۆنی عەفرین دەدات لە باكوری سوریا و نایشارێتەوەو بە ئاشكرا و بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە بە سوود وەرگرتن لە هەموو جۆرە چەكێك تەنانەت قەدەغەكراویش بە یاسای نێو دەوڵەتی و لەگەڵ نەبوونی هیچ بەرەنگاری و ناڕەزایەتیەكیروون و ئاشكرای كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ ئەو پێشێلكارییە زەق و بەرچاوانەی یاساورێسا نێو دەوڵەتیەكان لە بۆردوومانی خەڵكی سڤیل و پێشێلكردنی سنووری وڵاتان.

لە میانی چاودێری و وردبوونەوە لە كارو كردەوە سەربازی و سیاسیەكانی توركیا لە سوریادا بە گشتی ورۆژئاوای كوردستان بە تایبەتی چەندراستیەك بە دەردەكەوێت كە پێم باشە لە چەند خاڵێكدا چڕیان بكەمەوە و وەكو ئامانجی دەوڵەتی توركیا لەم ئۆپەراسیۆنە :

١- هەوڵ و تەقەلای حكومەتی توركیا بۆ ئەوەیە كەرۆڵی كاراو یەكلاكەرەوەی هەبێت لەرووداوەكانی ناوخۆ و داهاتوی سوریا.

٢- ناردنی پەیامێكیروون و ئاشكرا بۆ هەموو لایەنەكانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەروەها هاوپەیمانە ئیقلیمیەكان كە ئەمان «واتە توركیا» دژ بە دامەزراندن و بەرپابوونی هەر قەوارەیەكی كوردین لە نزیك یان دوور لە سنوورەكانی توركیا وسوریا و ئەمە خواست و ئارەزوویەكی جێگیری ئەوانە كە لە ژێر هیچ فشارو بارودۆخێكدا قایل نابن پێ ی و بە هەموو توانا سیاسی و سەربازییەكانیەوە بە گژیدا دەچنەوە.

٣- ئامانجی داهاتووی توركیا ئەوەیە كە ناوچەی مەنبەج لە دەستی هێزەكانی سوریای دیموكرات دەربهێنێت وەكو ئەردۆگان وتی كەتا سنوورەكانی عیراق ناوەستن و هەرچەندە تا ئێستا كەرۆژی بیستەمی ئۆپەراسیۆنەكەیە كە من ئەم دێڕانە دەنووسم هیچ سەركەوتن و پێشكەوتنێكی سەربازی بەرچاویان بە دەست نەهێناوە لە ئۆپەراسیۆنی عەفریندا كە ئەمەش ئامانجی سەرەكیان جگە لە پاراستنی ئاسایشی سنورەكانیان گێڕانەوەو نیشتەجێكردنی ٣,٥ ملیۆن ئاوارەی سوریایە لەوناوچە كوردیانە.

٤- ئەگەر بتوانێت لەم ئۆپەراسیۆنەدا سەربكەوێت ناردنی پەیامێكی تر بۆ هەموو

نەیارەکانی کە تورکیا وڵاتێکی بەهێزو خاوەن دامەزراوەیەو ئەگەر سنوورەکانی لەگەڵ سوریا بپارێزێت ئەوا بەرەو سنوورەکانی لە گەڵ عیراق دەڕوات و پەلاماری بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندەدات.

٥- هەرچەندە هەڵوێستی وڵاتان زۆر شەرمنانەیە تا ئێستا لەسەر ئۆپەراسیۆنی عەفرین و ئەمریکا پێداگری لە سەر مانەوەی هێزەکانی لە مەنبەج دەکات سەرەڕای داخوازی تورکیا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەو ناوچە کە ئەمەش سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێ وروبەڕوبوونەوەی سیاسی دەبێت لە نێوان تورکیاو ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت وبەرژەوەندی زیاتر لە ئایندەی سوریادا.

٦- بارودۆخی سوریاو هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بە تایبەتی کۆششەکانی نوێنەرەکەیان دیمستۆرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی سوریا لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەتیروسیا، تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە جێ پێی خۆی قایم بکات لە سوریاو لە ئایندەی ئەو وڵاتەدا نەخشەو پلانی هەبێت.

٧- بەردەوام بوونی تورکیا لە سەر ئۆپەراسیۆنەکەی لە عەفرین و گوێ نەدان بەداخوازییە شەرمنەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەوەمان پێدەڵێت کە سیاسەتی ئەمریکا پابەندە بە پاراستنی بەرژەوەندیەکان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا.

هەموو ئەم ئامانج و کەینو بەینانە لە کاتێکدایە کە هێزەکانی تورکیا نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان بە دەست بهێنن لە بیسترۆژیرابردوودا بە ئیرادەو خواست و خۆڕاگری خەڵک و شەڕڤانان و هێزە قارەمانەکانی یەپەژە کە هەموو جیهانیان سەرسام کردووە بە بەرخۆدان و خۆڕاگریان ئەفسانەو داستانێکیان تۆمار کرد کە بێ نەزیرە لە مێژووی کۆن و نوێ ی شۆڕش و بزوتنەورزگاریخوازییەکانی جیهان و ناوچەکە، هەربۆیە ئاکامە مەیدانیەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بڕیار دەدات و چارەنووسی ئەم جەنگە یەکلایی دەکاتەوە.

ژ. ٧٤٨٩ لە ٢٠١٨/٢/١١

# گورزی سێ قۆڵی لە سوریا

بەرەبەیانیرۆژی ١٤ نیسان کاتێک خەڵکی لە ناوچەیرۆژهەڵاتی ناوین لە شیرینی خەوی خۆشی بەیانیاندا بوون سەرۆکی ئەمریکا فەرمانی دا کە گورزی سەربازی ئاراستەی سوریا بکرێت بە هاوبەشی لە گەڵ بەریتانیای مەزن و فەرەنسا بە بیانووی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو دژ بە هاولاتیانی خۆی لە شارۆچکەی دۆما لە غۆتەیرۆژهەڵات نزیک لە دیمەشقی پایتەخت.

لێرەدا دەکرێت و زۆر گونجاوە پرسیارێکرووبەڕووی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بکەینەوە، ئەرێ بەڕێزان هەر چەندرۆژێک پێش ئەم کارەساتەی دۆما خۆدەوڵەتێکی دی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی عەفرین و شەڕڤانانی کورد لە ناوچەی عەفرین بەکارهێناو بەڕێزتان نقەتان لێوەنەهات، لە کاتێکدا لە دۆما سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ١٢ کەس بوون بە قوربانی بەڵام لە عەفرین نزیکەی ٢٥٠ کەس بوون بە قوربانی بەڵام هەمووی بە چەکی کیمیاوی نا بەڵکو چەکی تریش بەکارهات ؟

بۆیە ناهەقی نییە بڵێین ئەوە دووڕوویی ناداد پەروەری سیاسی سەرانی ئەو وڵاتانەیە بەرامبەر بە قەیران و ململانێکانی سوریا و ئاکامەکەی باش نابێت و کێشە و قەیرانەکان قووڵتر و خوێناوی تر دەکات.

***ئەو پێگانەی لە سوریا کران بەنیشان***

١. سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی لە ناوچەی بەرزە لە دیمەشق و لەریفی حەما و تەلاری تاقیگەکانی زانستی لە جمرایا لەریفی دیمەشق بە بیانووی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی.

٢.فڕۆکەخانەکان و بنکە سەربازییەکان ئەوانیش لیوای ١٠٥ ی گاردی کۆماری لە لەشکری ٤ زریپۆش و فڕۆکەخانەی مەزەی سەربازی و بنکەی بەرگری ئاسمانی لەسەر چیای قاسیون و فڕۆکەخانەی شەراعی لە ناوچەی دیماس نزیک سنورەکانی لوبنان و فڕۆکەخانەی زەمیر نزیک لە حمس و چەندین گەنجینەی گرنگی تر.

بەرگرتن لە رۆکێتەکانی هاوپەیمانان

هەموو ئەمانە لەکاتێکدان سەرچاوەکانی هەواڵ باسی لەوە دەکەن کە نزیکە ٧٠رۆکێت لەو ١٠٣رۆکێتەی ئاڕاستەی سوریا کراوە خراوانەتە خوارەوەو بەرگرییەکانی سوریا نەیانهێشتووە بگەن بە ئامانجەکانیان.

هەرچەندە لەسەرەوە ئاماژەم بەوەکرد کە پاساوی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەو گورزە سێ قۆڵیە، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو بەلاَمرووسەکان لەزاری ناوەندی ئاشتەوایيرووسیەوەرایانگەیاندبوو، کە هیچ حاڵەتێکی بەرکەوتنی چەکی کیمیاوی لەشاری دۆما لە نەخۆشخانەکانی تۆمار نەکراوە و ئەوان لە گەڵ هەموو پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەکانی ئەوێدا لێکۆڵینەوەو تاوتوێ یان کردووە.

لەلایەکی ترەوە ئیسرائیل پێشتر ئەو ناوەند و سەنترانەی بۆمباباران کردووە بەتایبەتی لە بەرزەو جمرایاو هەروەها ئەو ناوەندەی بەرزە پێشتر لە بندەستی هێزە ئۆپۆزەسیۆنەکاندا بووەرژێمی ئەسەد لێ ی سەندونەتەوە لەساڵی پێشوودا.

وادیارە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی مەبەستیان لەم گورزە دانانی سنوورێکە بۆ هەژموونیرژێمی ئەسەد و لە هەمان کاتدا نامەیەکیشە بۆ ئێران و تورکیا کە بزانن سنوورەکانی ئەوان کوێیە، ئەوان بوار نادەن هێڵی سوور ببەزێنن چونکە ئەمان لە سەد ساڵی پێشوو واتە لە سایکس – بیکۆوەوە تا ئێستا،ناوچەی هەژموونی ئەمان بووە و ئێستاش ئەگەر ئەمریکا بەنیازە بکشێتەوەو لە زووترین کاتدا لە سوریا ئەوا ئەمانیش واتە بەریتانیا و فەرەنسا هێشتا چاوییان لە بەرژەوندییەکانیانە لەم ناوچە هەرچەندە تا ئێستاراستەوخۆ نەهاتوونەتەناورووداوەکانی سوریاوە.

خاڵێکی تری گرنگ کە دەکرێت لە سەری بوەستین لەم ئۆپەراسیۆنە سێ قۆڵیەدا ئەوەیە، کە بنکە و بارەگاکانی سوپای روسیا و ئێران لە سوریادا نەکرانە ئامانج ئەمەش وەکو هەندێک سەرچاوە باسی دەکەن ئەوەیە، کە ناوبژیوانی ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا بووە هەرچەندە خۆی لایەکی هێرشەکە بوو لە نێوان ئەمریکاو روسیا کە روسیا هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت و ئەمانیش چەند ئامانجێکی سوریا بۆمباورۆکێت باران بکەن.

لە کۆتایید ا ئەوەی ماوە بیڵێم و گرنگە بەلامەوە هەرچەندە پەلەپەلی ئەمریکای پێوە دیاربوو پێش ئەوەی تیمەکانی پشکنین بگەنە دۆما وراستی و درۆیی ئەو بابەتە یەکلایی بکەنەوە و بەریتانیاش بەشداربوو وەکو سزادانێکی روسیا

لە هەمبەر کوژرانی جاسووسەرووسەکە لە لەندەن، بەڵام ئەم ئۆپەراسیۆنە نەیتوانی تەرازووی هێز بگۆڕێت لە سەر گۆڕەپانی سوریا و بەتایبەتی لە چەند مانگیرابردوودارژێمی ئەسەد توانی زۆربەی خاکی سوریا لە گروهە چەکدارە تیرۆریستەکان پاک بکاتەوە بە تایبەتی پشتێنی دیمەشقی پایتەخت و داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیا و بەکرێگیراوەکانی بە بێ ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، هیچ کاردانەوەیەکی جدیان هەبێت لە کاتێکدا کورد تاکە دۆست و هاوپەیمانی ئەوان بوو لە شەڕی تیرۆر و داعشدا.

ژ. ٧٥٤٦ لە ٢٠١٨/٤/٢٢

# ڕۆژئاوای کوردستان
# لە بەرخۆدان و بەرەڤانیەوە
# بۆ سەر مێزی دان و سان

ڕۆژئاوای کوردستان واتە باکووری سوریا لە چەند ساڵیرابردووی شۆڕشی خەڵکی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ ەوە پێگەورۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەبوو ە، ئەو خەڵکەی یان ئەو بەشەی کورد کە لەبن دەسەڵاتی دەوڵەتی سوریادا بوون نەک هەر مافی ئاسایی هاووڵاتی بوونی ئەو وڵاتەیان نەبوو بەڵکو بەشێکی زۆریان ناسنامەی سوریشیان پێنەدەدرا وا پیشانی دەرەوە دەدرا کەو کەمینەیەکی زۆر کەمن و چەند سەد هەزار کەسێکن بەڵام لە دوایراپەڕینی خەڵکی سوریا دژ بەرژێمی ئەسەد دەرکەوت کە کوردی سوریا ملێۆنەها خەڵکی تێکۆشەرن و دوای دەیان ساڵ نکووڵی کردن لە مافەکانیان زیاتر سووربوون لە سەر ناسنامەو مافەکانی خۆیان بەڵکورق و کینەو تۆڵە لە فەرهەنگی ئەواندا نیەو بەڵکو جوانترین نموونەی پێکەوە ژیانیان لە گەڵ پێکهاتەکانی تری سوریادا پیشانی جیهان دا.

لە ئێستای بارودۆخی سوریادا و لە دوایرزگارکردنیرەقە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە لایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە (هەسەدە) کە هێزێکن زۆرینەی کوردن و لە یەکینەکانی پاراستنی گەل پێکهاتوون و ئەمریکا پشتیوانی یان لێدەکات سەرەڕای نارەزایەتی و ڤیتۆی دەوڵەتی تورکیا لە سەریان لە دوای داگیر کردنی کانتۆنی عەفرین لە لایەن تورکیا و گروهە وابەستە کانی ئۆپۆزەسیۆنی سوریاوە و وەدەرنانی هەموو تاقم گروهە تیرۆریستەکانی بەناو ئۆپۆزەسیۆنی سوریا کە سواری شەپۆلی بێزاری و داخوازییەکانی گەلی سوریابوون لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی سوریاوە بە پشتیوانیروسیاو ئێران ئێستا دۆخێکی نوێ لەو وڵاتە هاتۆتە ئاراوە.

**کورد چی بکات؟**

ئەگەر چاوێک بە بەرنامەی هەموو ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆنی سوریادا بخشێنین کە هەموو گروهو تاقمی ئاینی و مەزهەبین و هیچ بەرنامەو چارەسەرێکیان بۆ کێشەی کوردو پێکهاتکانی تری ئەو وڵاتە پێ نیە بە تایبەتی ئەوانەی کەزۆربەیان

وابەستەی تورکیان  و سیاسەتەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن و نکوولّی لە مافی کورد و هەموو پێکهاتەکانی غەیرە عەرەب دەکەن، بۆیە ئەوەی لە ئێستادا سەردێڕی هەواڵەکانە گفتوگۆو دان و سانی نێوان کورد و حکومەتی سوریایە بە تایبەتی لە سالانیرابردووی شەڕی ناوخۆی سوریا ئەمراستیە زیاتر بۆ هەمووان وەدەرکەوت.

### پێگەی کورد لە سوریا

بەشی زۆری ئەو ناوچانەیرۆژهەلاتیرووباری فورات لە بندەستی هێزەکانی سوریای دیموکرتدان نزیکەی ٣٠٪ خاکی سوریا یە و هەروەها لە  ٩٠٪ نەوتی سوریا لە بندەستیاندایە جگە لە نیوەی غازی سروشتی و بەشێکی زۆری بەروبوومی کشتوکاڵ و دانەوێڵەو و چەندین بەنداوی گرنگ واتە کوردەکانی سوریا دووەم هێزن لە دوای هێزەکانی حکومەتی سوریا.

### پێگەی  هێزەکانی دەوڵەتی سوریا

لە ئێستا بەشی زۆری ئەو ناوچانەی کەرژێم دوای سالّی ٢٠١١ لە دەستی دابوون ئێستا پاکی کردووەتەوە لە تاقم و گروپە تیرۆریستەکان وات لە ٦٠ ٪ خاکی ولاتی لە بندەستایە.

لەئاوا بارودۆخێکدا کە کوردخاکی بە دەستەوەیە و تارادەیەکیش پشتیوانی دەرەکی هەیە واتە ئەمریکا دووریش نیە ئەم دانوسانە بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکاورووسەکانیش بووبێت  بۆیە دەکرێت کورد و بتوانێت میکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی هەموو ئەو ناوچانەی کە سالانێکە ئەوان بە جوانترین شێوە بەڕێوەی دەبن کە نموونەیەکی جوانی کارگێڕی و پێکەوەژیانیان نمایش کرد کە دۆست و دوژمنەکانیشیان ناتوانێت نکوولّی لێ بکات.

هەربۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی گەڕی دووەمی دان و سانەکان باس لە پێشووەچوونی باش دەکرێت لە گفتوگۆکاندا کە دەوڵەتێکی دیموکراسی نا سنترالّ دابمەزرێت و چەندین کۆمیتە پێکهێنراوە لە سەرئاستی جیاواز بۆ پێشخستنی دانو سانەکان و دانانی میکانیزم و فۆرمی نوێ بۆ کۆتایی هێنان بە توندو تیژی کە گەلی سوریای بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ماندوو و بێزار کردووە کە نەخشەرێگایەک دابنرێت بەرەو سوریاییەک کە دیموکرات و ناسنترالّ.

بەهەرحاڵ وتووێژو دان و سان و دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتن لە ئێستادا لە قازانجی کوردە و ئەوەیروون و ئاشکراشە سوریا ناگەڕێتەوە بۆ پێش ٢٠١١ بۆ سیستەمی یەک حزبی شمولی و تۆتالیتاریرووداوەکانی هەشت ساڵیرابردووی ئەو وڵاتەش ئەوەی پیشانی جیهاندا کە ئەڵتەرنەتیفیرژێمی ئەسەد لەوەیە هەر خۆی بێت کێشەو ئاڵوزییەکانی پەیوەندی نێوان تورکیا و سوریاش خزمەت بەم پرسە دەکات.

ژ. ٧٦٣٢ لە ٢٠١٨/٨/٥

# ئیدلیب دوا قەڵاو دوا پێگەی تیرۆریستان لە سوریا

شاری ئیدلیب ناوەندی پارێزگای ئیدلیبە کە دەکەوێتە باکووری سوریاو باشووریرۆژئاوای شاری حەلەب تەنها ٦٠کم دووره لێوەی و بە شاری سەوز ناسراوە بەهۆی زۆری و چڕی داری زەیتوونەکانیەوە و دانیشتتوانەکەی لە عەرەبی سوونەو کوردو تورکمان و دورزی پێکهاتوون کە ژمارەی هەموویان بە گوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠١٠ بریتیە لە ١٦٤,٩٨٣ کەس. بەڵام ئێستا نزیکەی ٣ ملیۆن کەسی تێدایە بەهۆی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە ئاراوە هەرچەندە ئەمە خەمڵاندنە و ئاماری ورد لە بەردەستدا نیە.

بۆ هەموو ئەوانەی ئاگاداری دۆخی سوریان و چاودێری بارودۆخی شەڕی حەوت ساڵەیرابردووی ئەو وڵاتەن ئاشکرایە کە هەمووریێککەوتن و سازش و سات و سەودای نێوان وڵاتانی تێوەگلاو بە قەیرانی سوریا هەر لە روسیا و ئەمریکا و ئێران و تورکیا و عەرەبستانی سعودیە و قەتەرو ئەوروپیەکان و نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەر لە کۆبوونەوەکانی جنێف و ئەستانە و دامەزراندنی ناوچەکانی کەمکردنەوەی گرژیو ئالۆزی هەموو تاقمو گروهە چەکدارە تیرۆریستەکان بە هەموو باڵەکانیەوە لە کۆتاییدا بە پاس دەگوێزرانەوە بۆ ئیدلیب.

بەڵێ ئێستا ئیدلیب دوا قەڵاو دوا پێگەی قایمی هەموو ئەو تاقمانەیە هەر لە میانڕەوەکانەوە تاوەکو تاقم و گروهە توندڕەوەکان کە دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵکی سڤیل و بێتاوانی ئەو وڵاتە هەرلە کوردو عەرەب و تورکمان و هەموو کەمینە و ئتنیکەکانی تریش.

تاوانێکی تری ئەم تاقم و گروهە توند ئاژووانە جگە لە کوشتن و بڕین ورفاندن و تالان....تد , ئەوەبوو کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕشی گەلانی سوریابوون کە ساڵی ٢٠١١ و لەگەڵ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی دا دەستپێکرد بە هیوای کۆتایی هێنان بەرژێمی کۆماری پشتاوپشتی بنەماڵەی ئەسەد و جۆرێک لە دیموکراسی و دادپەروەری و ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ دابین بکەن بەڵام ئەم گروهانەرێڕەوی شۆڕشەکەیان گۆڕی بۆ شەڕی ناوخۆو ململانێیەکی چەکداری نارەوا کە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە ئاوارەو دەربەدەر ی وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت ئەوروپاش بوون .

خەڵکی سوریا نەک ئازاد نەبوون و هیچ دەستکەوتێکیان وەدەست نەکەوت لەو شۆڕشە بەڵکو دۆخێکیان خولقاند کە خەڵک خۆزگە بەرژێمەکەی ئەسەد بخوازێت و هەموو وڵاتانیش بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو تەنانەت کۆمەک و هاریکاریەکانیان بڕی لە هێزەراستەقینەکانی ئۆپۆزەسیۆن.

لە ئێستاشدا کە هێزەکانی حکومەتی سوریا بە هاوکاری و پشتیوانی روسیا و ئێران کە بەشی هەرەزۆری خاکی سوریایان لەو تاقم و گروهە تیرۆریستیانە پاک کردۆتەوە و تەنها پارێزگای ئیدلیب ماوە بە دەستیانەوە لەگەڵ هەندێ ناوچەی کەمی پارێزگاکانی حەماو حەلەب بۆیە واچاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا جەنگی یەکلاکەرەوەو کۆتایی لەوناوچەدا دەست پێ بکات و کۆتایی بە دوا پێگەو قەڵای ئەو تیرۆریستانە بهێنرێت کە بەشی زۆریان نەک هەر خەڵکی سوریا نین بەڵکو ئەو تیرۆریستانەن کە لە زۆر شوێنی جیهانە و هاتوون بۆ جیهاد کە خەڵکی ئەفغانی و فلیپینی وبیبابانی گەورەی ئەفریقیا و تورکمانستان و گەلێک شوێنی تریشن.

بەڵی ئێترروون و ئاشکرایە دوای لێدوانی کاربەدەستانیروسیا و سوریا کە هێرشی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بۆ سەر ئیدلیب نزیک بووەتەوە دوای شکستهێنانی هەوڵەکانی تورکیا و ئەردۆغان بە تایبەتی لە دوای کۆبوونەوەی لووتکەی سێ قۆڵی تاران بۆ دوورخستنەوەوروونەدانی ئەو هیرشە کەروسیا و سوریا زۆر سوورن لە سەرئەنجامدانی و زۆر بە پێویستی دەزانن بۆ سەرکەوتن بە سەر هەموو ئەو تاقمە توند ئاژۆو تاوانبارانەدا و کۆتایی پێهێنانیان.

لە کۆتاییدا چاوی هەموو جیهان ومیدیاکان و چاودێرانی سیاسی و بەئاگایان لە جمووجووڵی تاقمە توند ئاژۆکان لە سەر چەکدارە بیانیەکانە لە سوریا ئەوانەی لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهانەوە هاتبوون بۆ سوریا بەتایبەتی زۆرێکیان پێناس ورەگەزنامەی وڵاتانی ئەوروپییان هەیە بە تایبەتی فەرنسی کە هەر لە سەرەتاوە باسی بوونی ٩٠٠ کەسی بەڕەگەز فەرەنسی زیاتر دەکرا لەریزەکانیاندا ئێستا کە هیچ دەروازەیە کیان لەبەردەمدا نەماوە مەگەر تورکیا بتوانێت دەربازیان بکات یان دەبێت تا دوا هەناسەو دوا فیشەک شەڕی مان و نەمان بکەن.

بۆیە ئێستارایەکی وا سەری هەڵداوە کە وازیان لێنەهێنن و تا بە تەواوی لە گۆڕەپانی شەڕدا حسابی کۆتایی یان لە گەڵدا یەکلایی دەکرێتەوە.

ژ. ٧٦٦٣ لە ٢٠١٨/٩/١٦

# روسیا چی لە کوردی سوریا دەخوازێت؟

سوریا ورژێمەکەی ئەو وڵات و حکومەتەی که بەرگەی توندترین و سەختترین ململانێی ناوخۆیی و دەرەکیان گرت تەنهارژێم که لە بەهاری عەرەبی بەسەری زیندوو دەرچوو سەرەڕای تێکشکانی بەشی زۆری جەستەی ئەویش بە کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکیە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان کە زۆر لێزانانە بەکاری یان برد تاوەکو ئێستاش لە دوای حەوت ساڵ شەڕو کوشتاری خوێناوی بەشی زۆری خاکی سوریای لە دەستی تاقم و گروهە تیرۆریستەکان دەرهێناوە کە تا دەرگاکانی دیمەشقی پایتەخت و بگرە چەند گەڕەکێکیشی چووبوون.

ناکۆکیەکانی ئتنیکی و نەژادی مەزهەبی شیعە و سونە و عەلەوی کەمینەکانی تریش لە ئێرانەوە تا لوبنان لە سعودیە و قەتەرەوە تاوەکو تورکیا کێشەو ململانێ کۆن و نوێکانی نێوان ئەمریکا وروسیا هەر لە یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە تا بە ئێستا هەموو فاکتەری یارمەتیدەربوون بۆئەوەیرژێمەکەی بەشار ئەسەد بمێنێت.

ڕوسیاش لە دوای جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆیەکەم جارە هێزەکانی لەسنوری وڵاتەکەی هێندە دوور بخاتەوە و خەونی لە مێژینەی بهێنێتەدی بۆ گەیشتن بە سەر ئاوەگەرمەکان لە هەمانکاتدا لە دوایرووخانیرژێمەکانی قەزافی لە لیبیا و سەدام لە عیراق ئەو وڵاتە دوو دۆست و دوو هاوبەشی گرنگی لە دەستدا کە هەموو سەرچاوەی چەک و پێداویستە سەربازییەکانیانروسیا بوو , ئەمەیان زۆر قورس بوو بەلایەنەوە دوا پێگەو دوا هاوپەیمان و دوای کڕیاری چەک و چۆڵیروسی لەرۆژهەلاتی ناوین کە سوریا بوو لە بەین ببرێت.

لە ئێستاشدا کەپێشتر ئاماژەم پێدا حکومەتی سوریا هەموو دوژمنەکانی خۆی لە سووچێکی باکوری وڵاتدا کۆکردۆتەوە واتە لە ئیدلیب هەوڵەکانیان بۆ ئەوە دەچێت لە هەر ئان و کاتێکدا پەلاماریان بدەن دەمێنێتەوە ناوچە کوردییەکانی باکوری سوریا کەبە رۆژاوای کوردستان ناسراوەو لە ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە دەپارێزرێن و خاوەنی ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەرن ورۆلێکی کاراو بەرچاویان گێرا لە شەڕی تیرۆر و بەگژاچوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) نموونەیەکی ناوازەو پڕ جوانیان لە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچە پیشانی جیهاندا.

ئێستاش کە شەڕی تیرۆر واکزبووەو بەرەو کۆتایی دەڕوات لێرەو لەوێ لێدوان

کاربەدەستانیرژێمی سوریا و حکومەتیروسیا بەرگوێ دەکەون کە باس لە مەترسی بوونی قەوارەی کورد بۆسەر ئایندەی خاکی سوریا دەکەن باس لە نیەت و خواستی ئیدارەی ئەمریکا دەکەن بۆ دابەشکردنی سوریا و دروستکردنی قەوارەیەک وەکو ئەوەی باکووری عیراق واتە وەکو هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە سوریا لە کاتی سایکس – بیکۆ و دواتریش بەر فەرەنسیەکان کەوتبوو بەڵام لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەیرابردوەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر هەژموونیروسیادایە ئێستاش ئەم لێدوان کردەوانەیروسیا بە تایبەتی ئاسانکاری بۆ داگیرکردنی کانتۆنی عەفرین لە لایەن تورکیا و گروپە وابەستەکانیەوە هەر دەچێتە قاڵبی ئەوەی کە لەلایەک دوژمنکاری بۆ مافەکانی کوردو لەلایەکیش ترس لە لەو هێزانەی کە ئەمریکا پشتیوانیان دەکات واتە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کە نزیکەی ١٠٠ هەزار جەنگاوەرن پێکهاتوون بە زۆرینە لە کوردو عەرەب و سریان و تورکمان..تد.

لەراستیدا ئەو هێزانە نەک هەر سەرچاوەی نیگەرانی و ترسیرووسەکانن بەڵکو هەندێک لە وڵاتانی ئیقلیمیش هەمان نیگەرانیان هەیە سەرەڕایراگەیاندنی نیازپاکی و نەبوونی هەڕەشە بۆسەر هیچ لایەنێک لەلایەن ئەمریکاوکوردیشەوە .

لە هەمانکاتداروسەکان جگە لە هەستکردن بەمەترسی زۆریان لە بوونی ئەو هێزانە و لە جۆریراهێنان و ئامادەسازی سەربازی یان بۆ سەر ئایندەی بوونی خۆیان لە سوریا تورکەکانیش دەترسێنن بەوەی کە بوونی ئەم هێزانە بە و شێوە بە سەرکردایەتیەکی کوردی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان وبەو ئاستە بەرزە لەراهێنان و پڕچەککردن مەترسیە بۆ سەر تورکیاش لەکاتێکداریێککەوتنی هەنگوینیروسیا و سوریا بەرەو کۆتایی دەڕوات و پێناچێت ئەمریکاش وا بە ئاسانی دەست لە هێزەکانی سوریای دیموکرات بەربدات.

ژ. ٧٧٠٦ لە ٢٠١٨/١١/٤

# لەناکاودا ترەمپ بڕیاری دا

ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٩ لە کۆتارۆژەکانی ئەمساڵەدا دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لە بڕیارێکی کتوپڕو لە ناکاودا فەرمانی دا کە هێزەکانی ئەمریکا کە زیاتر لە ٢٠٠٠ (دووهەزار) کەسن لە ماوەی شەست تا سەدرۆژ بنکە و بارەگاکانیان چۆڵ بکەن و بکشێنەوە وەکو باس دەکرێت بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی ئەم بڕیارە زۆر بە کتوپڕی و چاوەڕوان نەکراوو بە لێدانی خەنجەری ژەهراوی لە پشتەوە لە لایەن دۆستەکانی ئەمریکا لە سوریا کە بەشی زۆریان کوردن وەرگیرا هەروەها لەلایەن هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە ورۆژهەڵاتی ناوین و جیهان و تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا و لە لایەکی تریشەوە بۆ نەیارانی سیاسەتەکانی ئەمریکاش هەر بە کتوپڕ ناوزەدکرا.

بۆ ئەم بڕیارە بە کتوپڕ ناوبرا؟

ئەم بڕیارە بەبێ هیچ هەماهەنگی وراوێژێک لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و هەروەها بە بێ ئاگاداری دامەزراوە سەربازییەکانی خودی ئەمریکاش دراوە هەروەها بەبێ‌راوێژ لە گەڵ کاراترین و بە هەڵمەتترین هێزی جەنگاوەر کە خۆیان لە هێزەکانی سوریای دیموکراتدا دەبیننەوە (هەسەدە) کە بە هەزاران لە ئەندامەکانیان خوێنی خۆیان بەخشی و بوونە قوربانی.

***کاریگەری ئەم بڕیارە بۆ ئایندەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا***

ئەگەرچی ترەمپ لە ماوەی دوو ساڵیرابردووی فەرمانڕەوایی لە کۆشکی سپی زۆر بڕیاری سەرپێی و کتوپڕی وای داوە و بووەتە جێگەی نیگەرانی زۆرێک لە ئەندامانی کۆنگریس و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی ئەمریکا و تەنانەت تاکە سەرۆکێکە لە مێژووی ئەمریکادا لە ماوەیەکی کورتی فەرمانڕەواییدا هێندە وەزیر وراوێژکار و بەرپرسانی ئیدارەکەی دەستیان لەکارکێشابێتەوە و یان لەکاری خستوون، بۆیە ئەم جۆرە بڕیار و هەڵوێستانە زیانی گەورە بە هەیبەت و شکۆی ئەمریکا وەکو هێزێکی گەورە لە سەرئاستی جیهاندا دەدات و متمانەی لەلای وڵاتان و گەلان وڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش وەکو پێویست نامێنێت.

ئەگەرچی ترەمپرایگەیاندووە کە کۆتایی بە شەڕی داعش و تیرۆر لە سوریا هاتووە و هێزەکانی ئەوان بۆ ئەو ئامانجە چوونەتە سوریا،راستەرەقەی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی ئازادکرا بەڵام هەموو پاساوەکانی سەرهەڵدانیرەوتە توندئاژۆ تیرۆریستەکان هەرماوون لە سوریا و عیراق و تەنانەت ناوچەکەش هەر چەند خولەکێک پێش تویتەکەی ترەمپ لە مەڕ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا لە شاریرەقە داعش تەقینەوەیەکی ئەنجامدا و قوربانی لێکەوتەوە هەر لەم شەڕانەی دوایی دا بۆ ئازاد کردنی چەند شارۆچکەیەک لەرۆژهەڵاتی سوریا ٧٠٠ کەس لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا کە ئێستا بە جێیان دێڵێت بە بێ هیچراوێژێک بوونە قوربانی ئیتر داعش چۆن تەواو بووە ترەمپ ئەم زانیارییانەی لە کێ وەرگرتووە؟

وا دیارە لە ئەردۆغان چونکە هەردوای پەیوەندی تەلەفۆنیەکەی لەگەڵ ئەودا ئەم تویتەی کردووەو بووە بە بڕیار ئێستا باسی بۆندێکی گەورەیرۆکێت و سیستمی پاترویێتی ئەمریکی دەکرێت لە نێوان ئەمریکا و تورکیادا بە بەهای سێ ملیار دۆلارونیو دۆلار تەنانەت باسیرادەستکردنەوەی فەتحوڵا گویلەنیش کراوە بە تورکیا کە ئێستا لە ئەمریکایە.

لە لایەکی ترەوە سەرۆکی ئەمریکا لە مانگی نیسانیرابردووش نیازی هەبوو بڕیارێکی وا بدات بەڵام ئەوکات بەشێک لەراوێژکار و ئەندامانی تیمەکەی لە کۆشکی سپی قایلیان کرد بۆ ئەوەی جارێک پەلە لەو بڕیارەدا نەکات تاوەکو کۆتایی بە شەڕی داعش دێت و زەمینەسازی ئەکرێت بۆ لەناوبردنی ئەورێکخراوە تیرۆریستیانە هەربۆیە ئەمریکا ئەوکات هاوکاری و هەماهەنگییەکانی زیاترکرد بۆ هەسەدەو بنکە سەربازییەکانی فراوانکرد و هانی وڵاتانی تری وەکو فەرەنسا و ئیتالیای دا تاوەکو ئەوانیش هێزو شارەزای ترەوانەی باکوری سوریا بکەن تا قەبارەی ئەو هێزە گەیشتە زیاتر لە دوو هەزار کەس.

ئەگەرچی ئامانجی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا بۆ سێ مەبەست بوو ئەوانیش ئەمانەن :

کۆتاییهێنان بەداعش و بەرگرتن لە هەژموونی ئێران و یارمەتیدانی سیاسەتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ ئەوەیرێگاچارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانی سوریا بدۆزنەوە بە گوێرەی بڕیاری (٢٢٥٤) ئەنجومەنی ئاسایش.

بەڵام ئەوانە هیچی وەکو پێویست ئەنجام نەدران و ئەم بڕیارە نیگەرانی

زۆری لێکەوتووەتەوە هەوڵێکی زۆر دەدرێت لە لایەن هاوپەیمانانەوە بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت بۆ ماوەیەک ئەم بڕیارە دوابخرێت تاوەکو چارەیەکی سیاسی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دێتە ئاراوە و ئەو مەترسیەی کە بۆ کوردەکانی سوریا دروست دەبێت ئیتر ناوچەیەکی دژە فڕین بێت یان هەر میکانیزمێکی تر یان بۆ فەراهەم بکەن.

ژ. ٧٧٤٨ لە ٢٠١٨/١٢/٢٣

# سیناریۆکانی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا

سیناریۆکان زۆرن لە پاش بڕیارە کتوپڕ و بێ لێکدانەوەکەی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ بە کشانەوەی هێزەکانی لە باکووری سوریا کە ژمارەیان زیاتر لە دوو هەزار کەسەرەنگدانەوەو کاردانەوەی زۆری لێکەوتووەتەوە و لێدەکەوێتەوە لە ئایندەدا کارئەکتەرەکانی سەر شانۆیرووداوەکانی سوریا چ ناوخۆیی و چ دەرەکی هەر لە کوردەکانی سوریاوە بگرە تا شام و ئەنقەرە و تاران و مۆسکۆش.

**کوردەکانی سوریا دەبنە قۆچی قوربانی؟**

ئەوەی مەترسی گەورەی لەسەرە لە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا پێدەچێت کورد بێت، هەرچەندە کورد کە سەرەتا شۆڕشیان دەست پێکرد پشتئەستوور بوون بە توانا و خواست خۆیان و مۆڵەتیان لە کەس وەرنەگرت بۆ ئەو بزاڤە کە وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بوو بۆ ئەو بارودۆخەی تێیدا ئەژیان، هەر لە پێنەدانیرەگەزنامەی سوری بۆ توێژێکی زۆر لە کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتە نکوولّی کردن لە مافەکانیان هەر لە خوێندن بە زمانی دایک تا دەگاتە مافی کولتووری و سیاسی،بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنیرووداوەکانی شۆڕشی سوریا و سەرهەڵدانیرەوت و تاقمی تیرۆریستی جۆراوجۆر لەوانە «داعش»، هەروەها دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزانی جیهان «ئەمریکا و روسیا» لە سوریا، کوردەکانی سوریا کەوتنە خانەی ئەمریکا و هێزەکانیان واتە(هەسەدە) بووە بەشێکی گرنگ و دیاری شەڕی دژی تیرۆر و سەرنجی هەموو وڵاتانی پەیوەست بەو شەڕەی بۆ خۆیراکێشا.

بۆیە ئێستا لە دوای بڕیارەکەی سەرۆک ترەمپ لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا مەترسی گەورەوراستەوخۆ لە سەر هێزەکانی کوردە لە باکوری سوریا بەو پێیەی بڕبڕەی پشتی هێزەکانی سوریای دیموکراتن (هەسەدە) کە تورکیا بە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەزانێت و ئەوانیش بە هێزی تیرۆریست ناوەزەند دەکات و جیاوازی نابینێت لە نێوان ئەوان و داعشدا بە تایبەتی هەر لەم ساڵی ٢٠١٨ دا کانتۆنی عەفرینیان داگیرکرد، ئێستاش هەڕەشەی

ئاگراوی توندو تۆڵە ئامێزیان لێدەکەن  و بە تایبەتی لێدوانەکانی ئەم دواییەی خلوسی ئاکاری وەزیری بەرگری تورکیا لە هەسەدە کە وتی: سەنگەرەکانیان دەکەین بە گۆڕ بۆیان. بە پێشچاوی هەموو جیهانەوە هەروەها کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە سەر سنوورەکانی سوریا بەتایبەتی نزیک لە شارۆچکەی مەنبج و هەڕەشەی بەردەوام لە  کورد ئاماژەی ترسناکن بۆ سەر ئایندەی کورد لە سوریا  و هەروەها کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وەکو داگیرسانی گڵۆپی سەوزی ئەمریکایە بۆ تورکیا لە لایەن ئەمریکاوە.

### چارەنووسی کوردیرۆژئاوا

هەرچەندە کوردەکانیرۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی (پەیەدە) هەر لە سەرەتای شۆڕشی سوریا و کشانەوەی هێزەکانیرژێم لە ناوچە کوردنشینەکان ئیدارەی خۆسەریانراگەیاند و جۆرێک لە هەماهەنگیان لەگەڵ شامدا هەبوو، بەڵام دەستوەردان و هاتنەناوەوی ئەمریکیەکان بارودۆخەکەی بۆ ئاڵۆزترکردن و کشانەوەی ئێستاشیان ئەمانی خستۆتە بەر چارەنووسێکی ترسناکەوە، چونکە  یان دەبێت لەگەڵرژێمی بەشار ئەسەدرێکبکەون کە پێشتر دوو هەڵبژاردەی خستبوونە بەردەست ئەویش گفتوگۆ و دیالۆگ یان یەکلاکردنەوەی سەربازی،  کە ئەمەیان پێدەچێت گونجاوترینرێگا بێت بە وتووێژ و دان و سان بگەنە چارەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان،  چونکە بە پێچەوانەی ئەمە و بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیایە کە لەسەر سنوورەکان خۆی مەڵاس داوە.

هەرچەندە بڕیارەکە ترەمپرۆڵی کوردی زۆر لاواز کرد سەرەڕای ئەوەی نزیکەی ٣٠٪ خاکی سوریایان لە بندەستە، هەروەها بەشێکی زۆریی سەرچاوەکانی «نەوت و  گاز و ئاویش» لەم ناوچانەدایە.

### پێگەی ئێران  لە سوریا

ئەم بڕیارەی ترەمپرێخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئێران ببێتە خاوەنیرێڕەوێک بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست ئەو خەونەیان بەدی بێت کە ساڵانێکە خەوی پێوە دەبینن  و ئەمریکیەکانرێگر بوون، لەلایەکی ترەوە پێدەچێت تورکیا ورژێمی سوریا ئەو ناوچانەی لە بندەستی کوردان، لە نێوان خۆیاندا دابەشیبکەن بە شێوەیەک شارەکانیرەقە و دێرزۆر کە سەرچاوەی نەوت و وزەن بۆ رژێمی سوریا و ناوچە سنووریەکانیش بۆ تورکیا.

***چارەنووسی تاقم و گروهەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا***

مەبەست لەو تاقم گروپانەیە کە لە ئیدلبن و لە ژێر هەژموونی تورکیادان، ئەمەش پێدەچێت بەرێکەوتنێک لە نێوان ئەنقەرەومۆسکۆ کۆتایی پێبێت و هێزەکانی سوریا بچنەوە ئەدلب بەرامبەر پێشڕەوی هێزەکانی تورکیا و گروهە وابەستەکانیان لە ناوچە کوردییەکاندا.

***ئەی داعش چی لێدێت؟***

هەرچەندە ترەمپ وتی: داعشمان تەواو کردوو کۆتاییمان پێهێناوە، بەڵام تا ئێستاش لە شەڕێکی سەختدان لە ناوچەکانیرۆژهەڵاتی سوریا لە گەڵ هەسەدە، بۆیە دوور نیە بەم بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سەرلە نوێ خۆیانرێکبخەنەوەو پەلاماری تر بدەنەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا هەسەدە هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر سوپای تورکیا پەلاماری ناوچەکانیان بدەن، ئەوا ئەمان لە شەڕی داعش دەکشێنەوەو بەرەڤانی لە ناوچەکانی خۆیان دەکەن.

ژ. ٧٧٥٤ لە ٢٠١٨/١٢/٣٠

# ناوچەی ئارام لە سوریا

لەدوای تویتەکەی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ کە هەڕەشەی ئەوەی لە تورکیا و ئەردۆغان کرد کە ئەگەر پەلاماری هاوپەیمانەکانمان واتە کوردەکانی سوریا (هەسەدە) بدەن ئەوا ئابوری تورکیا وێران دەکەین.

هەر دوای ئەو تویتە سەرۆک کۆماری تورکیارەجەب تەیب ئەردۆغان پەیوەندی بە سەرۆک ترامپەوە کرد لە سەر ئەوە هاوڕا بوون کە ناوچەیەکی ئارام یان جیاکەرەوە و عازل لە نێوان سوریا و تورکیادا دابمەزرێنن بە درێژی ٢٠ میل واتە ٣٢ کیلۆمەتر ئەمە لەلایەک، ئێمە لێدوانەکانی کاربەدەستانی تورکیامان لە بیرە لە چەندرۆژی پێشووتر هەر لە سەرۆک کۆمارەوە تاوەکو وەزیری بەرگری خەلوسی ئاکار کە هەڕەشەی توند و ئاگراویان دەدا و دەیانووت سەنگەرەکانیان دەکەین بە گۆڕ بۆیان.

### ئەم گۆڕانکاریە بۆ لە هەڵوێستی تورکیاروویدا؟

ترەمپ دەستی بۆ بەهێزترین وکاریگەرترین کارتی فشاری تاقیکراوە برد چونکە لە مەسەلەی قەشە (ئەندرۆ برۆنسۆن) دا تاقی کردەوە ئەو کارتی فشارە ئابووریەی توانی ئەردۆغان ناچار بکات قەشەی ناوبرا و ئازاد بکات دوای ئەوەی دوو ساڵ زیندان کرا لە تورکیا بە تۆمەتی تیرۆر و کۆمەکیرێکخراوە تیرۆریستەکانی و کۆمەکی کودەتا سەرنەکەوتووەکەی تەمووزی ٢٠١٦، ئەو کێشە زیانی گەورەی بە ئابووری تورکیا گەیاند، بەرادەیەک لیرەی تورکی نزیکەی لە ٣٠٪ بەهاکەی لە دەستدا تەنها بەزیادکردنی باج لەسەر ئاسن و فافۆن بۆیە لە ئێستاشدا ئابووری تورکیا بەرگەی قەیرانێکی ترو گورزێکی تری ئاوا کەمەرشکێن ناگرێت، بۆیە هەر زوو قایل بوون بەوەی ناوچەی هێمن و ئارام دابمەزرێت بۆ ئەوەی خۆیان لەو هەموو هەڕەشە و لێدوانە ئاگراویانەی خۆیان بکشێننەوە نابێت ئەوەش لە بەرچاو نەگرین هەڵوێستی جەهەپەش دژی پەلاماری سوپای تورکیا بوو بۆ باکووری سوریا.

### هەڵوێستی هەسەدە لە مەڕ ناوچەی ئارام

هەرچەند ئاڵدار خەلیل یەکێک لە سەرکردەکانی پەیەدەرایگەیاند کە ئەوان بە ناوچەیەکی ئارام قایل نابن ئەگەر تورکیا سەرکردایەتی بکات، بەڵام دواترلە

١/١٦/ ٢٠١٩ بەیاننامەیەکی سەرکردایەتی هەسەدە دەرچوو کە پشتگیری تەواوی خۆیانرادەگەیەنن بۆ ناوچەیەکی ئارام لە باکوور ورۆژهەڵاتی سوریا کە هەموو پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بگرێتە خۆ و بیانپارێزێت لە جینۆساید و بە هەموو ئتنیکە جیاوازەکانەوە بە سەرکردایەتیەکی نێودەوڵەتی وریگری لە دەستوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوچەکەدا، ئەمەش هەڵوێستێکی ژیرانەیە و لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویدایە، چونکە سەرۆک ترەمپ لە تویتەکەیدا جۆرێک لە هاوسەنگەرەچاوکردووە ئەویش ئەوەیە دەڵێت ئەگەر کە قایل نابین تورکیا پەلاماری هاوپەیمانە کوردەکانمان بدات بە هەمان شێوەش نابێت کوردەکانیش بە هیچ شێوەیەک ئیستفیزازی تورکیا بکەن، بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە هەسەدە و پەیەدە و تەڤدەم هەموو دامودەزگاکانی ئیدارەی خۆسەر، هەر ئارم و لۆگۆ و دروشم و سیمبوڵێک کە لەرابردوودا پاسا و بوو بە دەست تورکیاوە بۆ تۆمەتبارکردنی کوردانیرۆژئاوا بە تیرۆر و بە بە شێک لە P K K هەموو ئەو پاساو و تۆمەتانە ببڕن.

چونکە لەوەیە لەم قۆناغەدا بڕینی ئەو پاسا و بیانووانە هۆکار و فاکتەری گرنگ بن بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام و هێمن کە بێگومان ئەوە سەرەتایەکی زۆر باش دەبێت بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی یان لامەرکەزی یان مانەوەی ئیدارە خۆسەرەکان و تەنانەت پێگەی کورد لە سوریا زۆر بەهێز دەکات لە دان و سان لە گەڵ حکەمەتی ناوەندی سوریاشدا.

### لەمپەرەکانی بەردەم ناوچەی ئارام

هەرچەندە روسیا و ئێرانیش کە هێزی سەربازیان لەو وڵاتە هەیە و ئەوە هێزەکانی ئەوان بوونرژێمی بەشار ئەسەدیان هێشتەوە لە شام بۆیە ئەوانیش خاوەنی قسەی خۆیانن لە هەموو بڕیارێکی گرنگ و چارەنووسساز لە سوریادا بدرێت لە بەرئەوە تا ئێستا من ئەم بابەتە دەنووسم ئەو دوو وڵاتە هەڵوێستی خۆیان لە سەر ناوچەی ئارامرانەگەیاندووە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد لە سوریا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ ئەوەیرووسەکان قایل بکەن، چونکە تا ئێستاش کلیلی دۆسێ گرنگەکانی سوریا بەدەست رووسیاوەیە.

ژ. ٧٧٦٨ لە ٢٠١٩/١/٢٠

# ئەمریکا هێزێکی کەم لە سوریا دەهێڵێتەوە

دواجار سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ بڕیاری دا کە هێزێکی بچکۆلە کە پێکدێت لە دووسەد کەس لە باکوری سوریا و بە دیاریکراوی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات بهێڵێتەوەو ئەوانی دی کە دووهەزار کەس بوون بکشێنێتەوە لەو وڵاتە، جگە لەوەی کەوا بنکەی (تەنەف) ی لە سەر سێگۆشەی سنوری عێراق و ئوردن و سوریا هەیە لەوێش دووسەد سەربازی تر دەمێنێتەوە نزیک لەوریگەیەی کە دیمەشق و بەغداد دەبەستێت بە یەکەوە.

ئەو بنکەیە زیاتر بۆ چاودێری ڕێگەی نێوان عێراق و شام و جموجووڵی ئێرانە هەروەها سارە سەندرز وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ئەو هێزە بۆ پاراستنی ئاشتی یە بۆ ماوەیەکی تر لە سوریا دەمێننەوە کە خوازیاربوو ئەمەش هاندەرێک بێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانە ئەوروپیەکانیش هەمان هەنگاو بگرنە بەر بە ناردنی هێز بۆ پاراستنی ئاشتی لە سوریا لە کاتێکدا مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئارادایە.

ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەفتەی ڕابردوو وەزیری بەرگری ئەمریکا بە وەکالەت باتریک شاناهان شکستی هێنا لەوەی ئەورپیەکان قایل بکات بە بێ مانەوەی هێزی ئەمریکا ئەوانیش لەوێندەرێ بمێننەوە، مانەوەی ئەوە هێزە بچکۆلەی ئەمریکا لە ژێر فشاری زۆرێک لە جەنراڵە دیارەکانی پنتاگۆن دا بوو کە نەیانشاردەوە کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە تەواوی لە سوریا بواری تەواو بۆروسیا دەڕەخسێنێت کە تەواو هەژموونی خۆیان بە سەر سوریادا بسەپێنن هەروەها دەرگا دەکاتەوە بۆ تورکیاو ئێران کە ئەجنەدای خۆیان بسەپێنن لە سوریادا کە تەواو پێچەوانەی بەرژەوەندی هاوپەیمانە تەقلیدیەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو.

***کاردانەوەی وڵاتان لە سەرمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا***

ڕوسیا زۆر نیگەرانە و نەیشاردەو تەنانەت لە زاری وەزیری دەرەوە سیرگی لافرۆڤەوەڕایگەیاند کە ئەمریکا بە نیازە دەوڵەتۆچکەیەک لەرۆژهەڵاتی فورات بۆ کورد دروست بکات و وتی ئەمریکارێگری دەکات لە هاوپەیمانەکانمان کە

وەبەرهێنان بکەن بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی‌رژێم.

تورکیا هەر لە سەرەتاوە نیازی خۆی نەشاردەوە کە پەلاماری ناوچەکانی باکوری سوریا دەدات کە لە ژێر دەستەڵاتی هەسەدە دان دواتر لە ژێر هەڕەشەو فشاری ئەمریکیەکان پاشگەزبووەو  داوای دامەزراندنی ناوچەی ئارامیان کرد بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەمریکا بەڵام کوردەکان قایل نابن بە ناوچەیەکی ئارام تورکیا سەرپەرشتی بکات بەڵکو دەخوازن ناوچە ئارامەکە لە ژێر چاودێری هاوپەیمانان یان نەتەوەیەکگرتووەکاندا بێت.

هەرچەندە ئەمریکیەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە دڵنیایی بدەنە تورکیا کە کوردەکانی سوریا و هەسەدە  لە دوای کشانەوەی ئەمریکا هیچ مەترسییەکیان بۆ تورکیا نابێت بەڵام بێ ئاکام  بوو، هەر هەڵوێستی توندی تورکیاش بوو ئەمریکیەکانی ناچار کرد کەوا پاشەکشەکەیان بۆ ماوەیەک دوا بخەن و دواتریش بەشێک لە هێزەکانیان ئەگەرچی کەمیش بێت لە باکوری سوریا بهێڵنەوە.

#### هەڵوێستی هەسەدە و کورد لە مانەوەی ئەو هێزە

کوردەکان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی لە مانەوەی ئەو هێزە بچکۆلەی ئەمریکا بەناوی هێزی ئاشتی پارێز  لە ناوچەکانیان و خوازیار بوون کە ببێتە هەوێنی ئاشتی وریگر بێت لە ئاژاوەوبەریەک کەوتنی گەورە و لە هەمانکاتدا خوازیاربوون لە وڵاتانی تری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە هەمان هەڵوێست بگرنە بەر بە ناردنی هێزی ئاشتی پارێز و دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام تاوە کو کاتی چارەسەرکردنی هەموو قەیران و کێشەکانی سوریا.

لە هەمان کاتدا کوردەکانی سوریا لەو باوەڕەدان کە بوونی ئەم هێزانە فاکتەرێک دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی و دیالۆگ کە ئێستا باسی لێوەدەکرێت لە نێوان کوردەکان ورژێمی ئەسەد بەرەو پێشەوە بچێت و لە هەمان کاتدا وەکو کارتێکی فشاررۆڵی خۆی بگێڕێت.

هەرچەندە کێشەی بوونی هێزی هاوپەیمانان چ ئەمریکی و چ ئەوروپیەکان لە سەر خاکی سوریا هیچ دەق و داڕێژراوێکی یاسایی نی یە پشتگیری بکات، بۆ یە ئەمریکیەکان و ئەوروپیەکانیشرووبەڕووی ئەو ئاریشە بوونەتەوە کە چۆن خۆیان لە لێپێچینەوەی یاسایی ورەخنەی وڵاتان لابدەن و مۆڵەتێک لە کوێ وە وەربگرن بۆ ئەوەی لە سوریا بمێننەوە.

لە کۆتاییدا مانەوەی ئەو هێزانە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەسەدەو کوردەکانی

سوریا کە هاوپەیمانی سەرسەخت و کاریگەری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوون لە شەڕی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا، هەروەها دەبێتە هاندەرێک کە هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی وەکو فەرەنساو بەریتانیاش هەمان هەنگاو بگرنە بەر بۆ مانەوە وەکو هێزی ئاشتی پارێز هەرچەندە ئەوان پێشتریشرایانگەیاندبوو کە کوردەکان بە تەنیا جێناهێڵن بە تایبەتی فەرەنسیەکان.

ژ. ٧٨٠٣ لە ١+٢٠١٩/٣/٢

# سووتاندنی دانەوێڵەی جووتیاران لە عیراق و سوریا

ئەوەی ئەمساڵ و لە وەرزی دروێنەی دەغڵودان  لە عیراق و سوریا روویدا بەم فراوانییەی ئێستای، باوەڕ ناکەم لە مێژووی کۆن و نوێی ئەم ناوچەیەدا روویدابێت. ئەگەر لە سەردەمانی پێشوو و کۆنی فیوداڵی و دەرەبەگایەتی لە کێشەی نێوان ئاغا و جووتیار یان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی لە نێوان خێڵەکاندا وەکو تۆڵە سەندنەوە لە دژی یەکتری پەنایان بۆ سووتاندنی پووش و پاوەن و دانەوێڵەی یەکتر بردبێت، ئەوەش لە لایەن خەڵکی ترسنۆک   و بێبارەوە کراوە، تەنانەت لە ناو خێڵەکانیشدا ئەو کارە بە کاری کەسانی ترسنۆک و بێتوانا و قێزەون  ناوبراوە.

راستییەکەی سەرەتا ویستم ئەم وتارە تەنها بە شاڵاو و پەلامار بۆ سەر جووتیارانی کورد لە عەفرینەوە تا خانەقین ناوبنێم، بەڵام کاتێک سێرچم کرد و بەدوای هەواڵەکاندا گەڕام، بۆم دەرکەوت نەک جووتیاری کورد، بەڵکو شتەکە فراوانترەو سنووری کوردستانی بڕیوە تا ناوەڕاست و باشووری عیراقیش. بۆیە ئەگەر تا ئەوکاتە بە پیلانی عەرەبە هاوردەکانی سەردەمی پێشووی عیراقمان زانیبێت، ئەم تاوانە گەورەیە کە سووتانی بەرهەمی ساڵێکی جووتیارانە و تاکە سەرچاوەی داهات و پارووی دەمی منداڵەکانیان بێت، جگە لە پیسکردنی ژینگە و سووتاندنی بە کۆمەڵی هەزاران جۆر زیندەوەر و ئاژەڵی کێوی کە تاوانێکە کەس ناتوانێت پاکانەی بۆ بکات، بە هەموو پێوەرەکان و یاسا و رێسا و ئایینەکانیش ئەوا ئێستا گومان بۆ زۆر فاکتی تر دەچێت و پێویستی بە خوێندنەوەی ورد و گشتگیر هەیە بۆ هەموو پاڵنەر و کارەکتەرەکانی لە ئاستی بڵنددا لە عیراق، بە تایبەتی کە حکومەتی هەڵبژێردراو هەیە و دامودەزگاکانی دەوڵەت هەر لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە تاوەکو سەرۆکایەتییەکان بە سەدان راوێژکار و بە حکومەت و سوپا و دامودەزگای هەواڵگرییەوە کە بودجەی زەبەلاحیان بۆ تەرخانکراوە.

ئەگەر لەو سوریا کاولەی دوای شەڕ و ماڵوێرانی بێت و هەر بەشەی بەدەست وڵاتێک و میلیشیایەکەوە بێت، ئەوا عیراق ئێستا لە دۆخێکی تردایە و سەرمەستی دوای سەرکەوتنەکانی  لە شەڕی داعش و کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە جێناکۆکەکانی مادەی ١٤٠ ی دەستووری عیراقیشیان کردووە و ئەرکی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان لە ئەستۆی  هێزەکانی سوپای عیراق و وەزارەتی ناوخۆ و حەشدی شەعبی دایە.

ئەوەی روویدا لە سووتانی هەزاران دۆنم زەوی چێنراوی جووتیاران لەم دوو وڵاتە (عیراق و سوریا و بەتایبەتی تریش ناوچە کوردنشینەکانی)، کارەساتی سروشتی نەبووە تاوەکو بە بێدەنگی بەڕێبکرێت و تەنها داخ و پەژارەی بۆ بخورێت، بەڵکو ئەوەی روویداوە بە بەرنامە و بە رێکخراوی و بە مەبەست کراوە، کە دەکرێت خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکرێت:

١. ئەوەی سووتاندنی بەرهەمی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە عەرەبە هاوردەکانن کە پێش پرۆسەی ئازادیی عیراق بە بڕیاری مەجلیس قیادەی سەورەی بەعس زەوی جووتیارە کوردەکانیان پێدرابوو، کە دوای پرۆسەی رووخانی سەدام رایانکرد و زەوییەکان گەڕێنرانەوە بۆ خاوەنە راستەقینەکانی خۆیان، بەڵام ئێستا لە دوای رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە و بە پشتیوانی پارێزگاری داسەپاوی کەرکوک، دەخوازن زەوییەکان جارێکی تر داگیربکەنەوە.

٢. ئەم کردەوانە دەچنە خانەی کاری تێکدەرانە و تیرۆریستییەوە، چونکە پەیوەندی بە ئاسایشی خۆراکی ئەم دوو وڵاتەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەمساڵ ساڵێکی پڕ خێر و بەرەکەت و باراناوی بوو کە ساڵانێکی درێژبوو باران بەم شێوە نەباریوە و بەشێکی زۆری کشتوکاڵیش لەم وڵاتانەدا پشت بە بارانی سروشتی دەبەستێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرا بەشی پێویستی خۆراکی ناوخۆیی هاووڵاتیان بەرهەم بێت و پێویست بە هاوردەکردنی گەنم لە دەرەوە نەبێت، کە ئەمەش زیان بە وڵاتانی تر دەگەیەنێت کە چاویان لە بازاڕەکانی عیراقە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیان.

٣. ئەم تاوان و کارەساتانە ناکرێت چاویان لە ئاستدا دابخرێت و بە کردەوەیەکی ئەنجامدەری نەناسراو لەلایەن حکومەت و دامودەزگاکانییەوە دابپۆشرێت، چونکە دەتوانرێت و دەکرێت بکەرەکەی دیاری بکرێت، لەبەرئەوەی دیارە کێ زیانمەندە و کێ سوودمەندە و ناکرێت بە کاری سودفە و رێکەوت ناوزەد بکرێت، بە تایبەتی هەواڵەکانی پارێزگای سەڵاحەدین باس لەوە دەکەن کە کەرەستە و پێداویستی تەکنۆلۆجی پێویست دەستی بە سەرداگیراوە، کە بەکاریانهێناوە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە مەزنە.

٤. هەموو ئەوانە و رۆڵی میلیشیا و ناکۆکی تائیفی و ئێتنیکیش لەو هۆکارانەن کە دەکرێت کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو رووداوانە.

ژ. ٧٨٨١ لە ٢٠١٩/٦/٩

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

ژمارە :
رۆژ: / /کوردی ٢٧١٩

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە : ٥٢١
بەروار : ١٠/ ٢/ ٢٠٢٠

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
ڕۆیشتوو

بۆ/ رۆژنامەی کوردستانی نوێ
بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

ژمارەی سپاردنی ( **١٢٤٣** ) ی ساڵی ٢٠٢٠ تەرخانکراوە بۆ کتێبی ( دەرو دراوسێی کوردستان ) کە لە نووسینی ( بورهان رەئوف )ە، بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە ، لە چاپخانەی ( کارۆ ) چاپ دەرکێت ، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

فەرمانبەری ڕێپێدراو

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە
رۆژ ٢٠٢٠/٢/١٠

**ئالان محمد رؤوف**
**بەڕێوەبەر**

تێبینی:

| |
|---|
| ١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە. |
| ٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبن بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتی. |
| ٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت . |

وێنەیەك بۆ/
- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ **٣٢٠٢٧١٦**